هونەرمەند مەسقەتی هەر لە تەمەنی گەنجیدا خولیای هونەری چڕینی گۆرانی بوو. بۆیەش لە گەڵ رادیۆ و تەلەفیزیۆنەکانی ئەو کات لەوانە رادیۆی کوردی تاران و کرماشان دەستی بە هاوکاری کرد و بە هۆی شارەزایی لە بواری موزیک بە شێوەیەکی گونجاو لە موزیکی کوردیدا خەریکی کار کردن لە بواری هونەری گۆرانی رەسەن و فۆلکلۆر بوو.
هونەرمەند لە ساڵانی رابردوودا چەند جارێک لە گەڵ هونەرمەندانی موزیکژەنی ناوداری کورد بەرنامەی پێشکەش کردووە، هەروەها لە گەڵ ئۆرکستڕای موزیکی رادیۆ کرماشان بە سەرپەرشتیاری هونەرمەند "عەبدولسەمەدی" چەند گۆرانییەکی لەو رادیۆیە تۆمار کرد. لە دوای

بڵاوبوونەوەی ئەم گۆرانیانە لە رادیۆ کرماشان ئیسماعیل مەسقەتی لە سەرانسەری کوردستان ناسرا. بە تایبەت 2 گۆرانی "بەو بەو" و "پەپوو سولەیمانی" لە ناساندن و ناوبانگ دەرکردنیدا دەورێکی بەرچاویان هەبوو.
لە لایەکی دیکەوە ئەم هونەرمەندە لە شارەکانی کوردستان و بە تایبەت لە کرماشان لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوی تایبەت و لە زەماوەندەکانی شارەکانی
کوردستان کۆنسێرتی گۆرانی فۆلکلۆر و رەسەنی کوردی پێشکەش بە جەماوەرەکەی
کردووە. ئەمانەو چەندین جاریش لە شاری تاران بەرنامە و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی پێشکەش کردووە.
ئیسماعیل مەسقەتی ساڵی 2002 لە گەڵ گروپی موزیکی هونەرمەندانی دانیشتووی هەندەران بە سەرپەرشتیاری هونەرمەند "فارووق باپیر" چەندین بەرهەمی بەپێزی لە تەلەفیزیۆنی میدیا تی ڤی پێشکەش کردووە و لە گەڵ ئەم گروپە لە فیستیڤاڵێکی هونەرییدا لە وڵاتی ئەڵمانیا بەشداری چالاکانەی کرد.
مەسقەتی بە بلیمەتی "بوداهەژەنین" ناسراوە و لە هونەری "بوداهەژەنین"دا کە یەکێکە لە بنەماکانی موزیکی رەسەنی وڵاتی ئێران زۆر بە توانا بوو لەم بوارەدا دەستێکی باڵای هەبوو. لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا کاری بوداهەژەنین واتە ئامێرژەنین بە شێوەیەک کە ئەو میلۆدییەی کە لە یەک کاتدا بە بێ نۆتە لە گەڵ گۆرانییەک پێشکەشی دەکرد لە کاتێکی دیکەدا هەمان میلۆدی بە چەشنێکی تازەتر و بە شێوازێکی دیکەوە لە گەڵ ئەو گۆرانییەدا پێشکەشی دەکرد.
ئیسماعیل مەسقەتی گۆرانی و موزیک و بەرهەم گەلێکی زۆری ساز کردووە. لەوانە: "کچە کچە"، "نازەنینە"، "بەو بەو"، "پەپوو سولەیمانی"، "جەمیل جەمیلە"، "تاتی مارگەستم" و "مینا مینا". شێوازی تارژەنینی مامۆستا "ئیسماعیل مەسقەتی" بە جۆرێک بوو کە تایبەت بوو بە خۆی و لە تارژەنیندا لاسایی هیچ کەسێکی نەکردەوە و بە ژەنیارێکی "شیرین پەنجە" ناوی دەرکردبوو. هونەرمەندان و ژەنیارانێکی زۆر لەوانە "حەمید رەزا تاهیرزادە" بە شێوازی تارژەنینی "ئیسماعیل مەسقەتی" زۆر سەرسام بوونە و لە شێواز و ستایلی تارژەنینی مەسقەتی بەردەوام بوون و ئەم ستایلەی هونەرمەند کاریگەریی زۆری لە سەریان هەبووە.
هەروەها جۆری تارژەنینی ئیسماعیل مەسقەتی کاریگەرییەکی زۆری لە سەر گوێگر هەبوو، میزرابەکانی پڕ بوون لە خۆشەویستی و دەنگی میزرابی تارەکەی بۆ هەمیشە لە گوێی هونەردۆستاندا دەزرینگێتەوە.
مەسقەتی هەروەها جگە لە ژەنینی ئامێری تار، لە ژەنینی ئامێرەکانی: سێتار، عوود، ویۆلۆن، زەرب، دەف و دایرە زۆر بە توانا بوو، بەڵام "تار" ئامێری تایبەت و پسپۆرانەی ئەم هونەرمەندە بوو.
ئیسماعیل مەسقەتی لە ماوەی ساڵانی چالاکی و خزمەتی هونەری خۆیدا بە بواری مەقام و گۆرانیبێژی، کۆمەڵێک بەرهەمی جوان و پڕبایەخی پێشکەش بە دنیای هونەری گۆرانی و موزیکی رەسەنی کوردەواری کرد کە ژمارەیان زیاتر لە 300 بەرهەمی تۆمار کراوە و لە بەرهەمە گرینگ و تایبەتەکانی ئەو هونەرمەندە دێنە ئەژماردن.
هەروەها لە کاری چڕینی گۆرانییە فۆلکلۆرە کوردییەکاندا بە تایبەت هی ناوچەی کرماشان زۆر بلیمەت و بەتوانا بوو، بە هەست و سۆزیکی تایبەتەوە کە سەرانسەری جەستەی داگرتبوو، گەلێک گۆرانی و بەستەی فۆلکلۆری کوردی لە مردن رزگار کرد و بە جوانترین شێوە و بە ریتم گەلی جۆراوجۆر بۆ هونەری موزیکی رەسەنی کوردی زیندووی کردنەوە. ئیسماعیل مەسقەتی بەشێکە لە موزیکی فۆلکلۆری کوردی و ناو و ناوبانگێکی زۆری لە سەرانسەری شارەکانی کوردستان و ئێراندا

هەیە.
هونەرمەندی گەورەی گۆرانی و مەقاماتی کرماشان ئیسماعیل مەسقەتی خاوەنی چەندین بەرهەمی پڕبایەخ و بەهێز و جوانە. زۆربەی گۆرانییەکانی عاشقانەیە و لە چەندین دەزگای جۆراوجۆردا بە زمانی کوردی زۆر بە جوانی پێشکەشی کردوون کە پاش چەندین جار بیستنیان هەر تازەن و مۆرکی هونەری رەسەنی کوردەواریان پێوە دیارە و هەمیشە لە یاد دەمێننەوە.
هونەرمەندی گۆرانیبێژی کورد "ئیسماعیل مەسقەتی" لە دوای ساڵانێکی زۆر کار و خزمەتی هونەری بە بواری موزیک و گۆرانی رەسەنی کوردی چەند رۆژێک بەر لە ئێستا لە رۆژەکانی سەرەتای بەهاری ساڵی 1387 لە تەمەنی 86 ساڵیدا لە شاری کرماشان ماڵئاوایی لە جیهانی هونەر و گۆرانی کوردی کرد. تەرمی هونەرمەند بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان، رۆشنبیران، کەسایەتییەکان، گەنجان و خەڵکی هونەردۆستی شاری کرماشان و دەوروبەری، لە گۆرستانی باغی فیردەوس لە شاری کرماشان بە خاکی نیشتمان سپێردرا.
سەرچاوە: مەنووچێهر جیهانی - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ☐موزیکژەن |
| جۆری کەس: | 🖉گۆرانیبێژ |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| شارەکان: | کرماشان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 153
## ئیسماعیل هەورامی
http://www.kurdipedia.org/?q=20110929132027662152
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شانۆکار |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 154

## ئیلهام پاوە نیژاد

http://www.kurdipedia.org/?q=200902261706511436



یەکێکە لە چالاکترین و بەئەزموونترین ئەکتەرە ئافرەتەکانی کورد لە شاری تاران کە تاکو ئێستا لە کۆمەڵێک بەرهەم و زنجیرە درامای تەلەفیزیۆنی، شانۆگەری و هەروەها فیلمی کورت و بڵندی سینەماییدا بەشداری کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎭ئەکتەر |
| رەگەزی کەس: | 👩خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 155

## ئیلهام مەدفەعی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011022823223125304

گۆرانیبێژی ئێراقیی بە رەچەڵەک کورد.



تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎤گۆرانیبێژ |
| رەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | 🌍دەرەوە |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 156

## ئیلیا - ئاڵا شەوکەت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013031820490580107



یەکەم کاری هونەریی لە ساڵی 1999 ئەنجامداوە و کاری دووەمی لە ساڵی 2001 کردووە، پاشان لە چەندین فیلمدا بەشداری کردووە و لە هەندێ لە فیلمەکانی هۆلیود رۆڵی سەرەکی هەیە. چەند میدیایەک و ویکیپیدیا جەختیان لەسەر بەنەژاد کوردبوونی ئەم سینەماکارە کردۆتەوە، هەرچەندە تا ئێستا ئیلیا خۆی ئەوەی نەوتووە.
شیاوی باسە ئەم سینەماکارە لە ساڵی 1989 لە دایکبووە و لە چەندین فیلمدا رۆڵی سەرەکی پێدراوە.
سەرچاوە: ماڵپەری نێوەند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئەکتەر |
| رەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 157

## ئیمان محەمەد مەحمود

http://www.kurdipedia.org/?q=201009182129029545

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| رەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 158

## ئیڤان ئیبراهیم

http://www.kurdipedia.org/?q=2013022409565682365

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 159

## ئیڤان ناسر حەسەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2011011613073432789

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | سینەماکار |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 160

## ئێران خانم

http://www.kurdipedia.org/?q=201003170923103974



یەکەمین ژنی گۆرانیبێژ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، نازناوی هونەری" ئێران خانم"ە و ناوی ڕاستەقینەی" ئێران موجەرد"ە. پاش ئەوەی لە ڕادیۆی ئورمێ دەستی بەکار و تۆمارکردنی گۆرانییەکانی کردووە، لەلایەن بەرپرسانی ڕادیۆ و هونەرمەندانی دیکەوە نازناوی "خانم"ی لەسەر دانراوە.

خانمی دەنگخۆش ئێران، لەساڵی1950-1951 لە بنەماڵەیەکی جووتیار و هەژار لەدایک بووە. ئێران، لە گوندی ئینکەسوی هەرێمی برادۆست لەدایکبووە. ناوی باوکی عەبدولڕەحمان و دایکیشی ناوی پەریشان بووە. وەک دەگوترێت "پەریشان ژنێکی دەنگخۆش بووە" ئەوەش وەک میراتێک بۆ ئێرانی کچی ماوەتەوە. جگە لەوەش سروشتی دەستلێنەدراو و ڕەنگینی هەرێمی برادۆست کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر حەز و خۆشەویستی ئێران بۆ هونەر و گۆرانبێژی داناوە. تافی منداڵی و گەنجێتی ئێران خانم، لە گوند دەرباز بووە و ئەو بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی لەناو گەورەماڵانی هەرێمەکەدا کاری کردووە.

ساڵانێکی دوور و درێژ لەماڵی خانمی "کیشوەر مامەدی"دا وەک کچێکی ماڵ کاری کردووە. بەپێی ئەو شاهیدانەی کە ئەوکات لە نزیکەوە ئێران خانمیان بینیوە، کچێکی زۆر هێژا و شیرین و دەنگخۆش بووە. زۆرجاران لە تەمەنی گەنجی خۆیدا لە دیوانی گەورە ماڵاندا گۆرانییە پیاوانەکانی گوتووەتەوە .

لەو ساڵانەدا دەنگی ئێران خانم شایی و داوەتەکانی خەملاندووە و کەم

داوەت هەبووە کە ئەو تێیدا بە جلووبەرگی ڕەنگین و گۆرانیە خۆشەکانیەوە بەشداری تێدا نەکردبێت. ئێران خانم پاش ئەوەی لەگەڵ" سەعید"ناوێک زەواج دەکات، لە گوندی سۆمانئاوا نیشتەجێ دەبێت و بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە. لەو گوندە بەهاریکاری مێردەکەی باشتر لە ساڵانی پێشوو کاری گۆرانیبێژی درێژە پێدەدات. مێردەکەی ڕێی لێ ناگرێت و ئەو هاوکارییەش شیرینی پێکەوە ژیانیان زیاتر دەکات.
لە ساڵی1969 بەدواوە رادیۆی شارەکانی ئورمێ، تاران و کرماشان پرۆگرامی کوردی- زاراوەی کورمانجییان هەبووە، بەڵام ماوەی پەخشیان لە نیو کاتژمێرەوە بۆ 2 کاتژمێر گۆڕدراوە. پاش دامەزراندنی بەشی کوردی رادیۆی ئورمێ، ئیتر دەنگی گۆرانبێژانی کورمانجی دەگەیشتە باکوور و باشووری کوردستان، ئەوکات ژنی گۆرانیبێژ لە رادیۆکاندا نەبوون. ئێران خانم لە هەرێمەکەدا ژنێکی ناسراو بوو. لەسەر داواکاری گۆرانبێژانی وەک" حەمید یوسفی، مستەفا عەلیزادە، ئیبراهیم نەورۆزی و هەروەها گرووپی مۆسیقای رادیۆ" ئێران خانم، لەساڵی 1971دا لە رادیۆی ئورمێ بەشێوەیەکی فەرمی دەستی بە گۆرانیبێژی کرد. ئێران خانم لە رۆژهەڵاتی کوردستان یەکەمین ژنی کوردە کە بە زاراوەی کورمانجی سەروو گۆرانی گوتووە و دەنگی لە رادیۆ تۆمار کردووە .
جێی ئاماژەیە کە ئێران بەر لەوەی کاری گۆرانیبێژی لە رادیۆدا دەست پێ بکات، ساڵانێک بوو کە ناوبانگی دەنگی لە شار و گوندە کورمانجنشینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو ببوویەوە و هەتا لە باکووری کوردستانیش ئێران خانم، لە ناو خەڵکیدا کەسێکی ناسراو بوو. کاتێک لە رادیۆ دا دەستی بەکار کرد، ئیدی وەک کەسێکی بەناوبانگ لە هەر شوێنێکی کوردستان خۆشەویست و ناسراو بوو. لەناو کورد، میراتی ژن لە بواری هونەر و گۆرانیبێژیدا زۆر دەوڵەمەندە، بە هەزاران ژن و کچ هەبوونە و (ئێستاش هەن) کە لە بوارەکانی وەک دەنگخۆشی، داهێنان و گۆرانیبێژیدا سەرمەشقن، بەڵام لەبەر سیستەمە پیاوسالارەکان و هەندێک لە یاسای ئیسلامییە وشکەکان، دەنگەکانیان کپ بووە. لەگەڵ هەمووو ئەو ئاستەنگانەدا کە لە بەردەم ژنی کورد بوونە، دیسان ژمارەیەکی کەم لەو ژنانە گوێیان نەداوەتە ئەو عورف و عادەتانەی کە لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم نەبوون. ئەوان کەلام و قەسیدەیان گوتووە، لە شایی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدار بوونە و شانبەشانی پیاوەکانیان شایستەیی خۆیان لە گەلەک بواردا سەلماندووە. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەیدا کە بەر لە ئێران خانم، ژنی دەنگخۆش و هونەرمەند هەبووە، بەڵام ئەوان وەک ئێران خانم بەجەرگ نەبوونە و وەک ئەو نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی فەرمی کاری هونەری خۆیان لە رادیۆ و ستۆدیۆکان تۆمار بکەن. چونکە ئەو کارە لە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەو سەردەمەدا عەیبێکی گەورە بوو و هەمووان گاڵتەیان پێ دەکرد و بەچاوێکی سووکەوە سەیری کارەکانیان دەکرد .
بەڵام ئەو لەسەر هونەری گۆرانیبێژی خۆی پێداگر بوو. لەبەر ئەوەی بۆ ئەو سەرچاوەیەکی بژێوی بوو و هەمیش لە ناخی دڵەوە حەزی لێ دەکرد. لەسەر ئەو بنامەیەش مرۆڤ دەتوانێ بڵێت کە ئێران خانم، رەوشێکی فەرمی دابووە کاری هونەری خۆی و وەک یەکەمین ژنی کوردی گۆرانیبێژ لە ناوچەی باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان دەناسرێت. لەناو کوردەکانی پارێزگای خۆراسانیشدا ژنێک هەبووە بەناوی (بانو شێروانی) کە بە زاراوەی کورمانجی لە رادیۆی شاری مەشهەد گۆرانی چڕیوە. بەڵام نازانرێت کە ئایا بەر لە ئێران خانم، دەستی بە گۆرانی کردووە یان نا؟ بەهەر شێوەیەک بێت ئەو دوو ژنە لە ناو کوردە کورمانجەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا رچەشکێن بوون. لە ناو دراوسێکانی کورددا ئەگەر ژنێک بیویستایە ئەم کارە بکات، زەحمەت بوو کە بتوانێت لە ناوچەکەدا

بمێنێتەوە، بۆیە ناچار رووی لە تاران دەکرد و لەوێش بە زمانی فارسی گۆرانی دەگوت، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوان، ئێران خانم و بانوو شێروانی وەهایان نەکرد و لەناو گەلدا مانەوە. بەپێی شاهیدان و کەسانی نزیکیان هەردوو ژنەکە لە بواری ئەخلاق و پێوەرە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە هێژا بوون و خاوەنی کەسایەتی خۆیان بوون. لە هەرێمی ئەردەڵانیش یەکەمین کچ کە بە زارەوەی کورمانجی ناوەڕاست(سۆرانی) گۆرانی گوتووە، فەتانە وەلیدی بوو کە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ گۆرانییەکانی خۆی لە رادیۆی سنەدا تۆمار کردووە. لە ناوچەی موکریانیش مەنیج حەیران، یەکەم ژن بووە کە گۆرانی گوتووە، بەڵام بەداخەوە گۆرانیەکانی تۆمار نەکراوە.
ئێران خانم لەساڵی1971 تا ساڵی 1979 کە کۆماری ئیسلامی لەو ساڵەدا دامەزرا مانگی 2 جار لەگەڵ کچەکەی بەناوی" گولیستان" دەچووە، رادیۆی کوردی ئورمێ و گۆرانیەکانی تۆمار دەکرد. کاتێک گۆرانیەکانی لە رادیۆوە پێشکەش دەکرد، نامەی هۆگرانی دەنگی جارلەجار زیاتر دەبوو. حەز و خۆشەویستی ئێران بۆ گۆرانی گوتن زۆر بوو، بەڵام بەرپرسانی حکوومەتی پەهلەوی، نەیاندەویست ماوەی کاری رادیۆی کوردی زیاتر بکەن. چونکە کارێکی وا رێی لە پرۆسەی تواندنەوەی زمان و کولتووری کوردی دەگرت. ئامانجی ئەوان لە دامەزراندنی رادیۆی کوردی لە ئورمێ، کرماشان و تاران ئەوە بوو، کە رێ لە کوردانی رۆژهەڵات بگرن تا تێکەڵ بە شۆڕشی نەمر مستەفا بارزانی لە باشووری کوردستان نەبن .
گۆرانیبێژیی، لە هەرێمی ئورمێ تا ماکۆ و کورمانجەکانی خۆراسان لەژێر کاریگەری گۆرانیبێژیی سەرحەدی باکووری کوردستاندا بووە. ئەو کلامە کوردییانەی کە لەرێگای رادیۆی ئیریڤانەوە بلاودەکرانەوە، کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر گۆرانیبێژی کوردانی رۆژهەڵات داناوە. لەبەر ئەوەش کاتێ مرۆڤ گوێ لە گۆرانییەکانی ئێران خانم دەگرێت، کاریگەرییەکی لەو جۆرەی بۆ ئاشکرا دەبێت. ناوەڕۆکی زۆربەی گۆرانییەکانی ئێران خانم سەرچاوەیان لە فۆلکلۆری دەوڵەمەندی کوردستانەوە گرتووە. ئەو وەک گوتەبێژێکی گەلی هەرێمەکە گۆرانی گەلەری دەڵێت کە باس لە کێشەکانی ناو کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە دەکات. گۆرانی وەک: عاریفۆ لاوۆ، باژۆ ئەمیرێ من، باڤێ لالۆ، دەلال ئەز حەیران، دەلال لۆ، دەلالێ مالێ، دلێ من لۆی لۆی، دۆتمام و پسمام، فلیتێ قوتو، حەدۆ رابە، کورێ خەلاڤێیو دەلال، لێ لێ یەمان(دۆمامێ)، شەڕێ جەز و سالیحبەگێ، یار گەورە و چەندین گۆرانی دیکە کە بە ناوەڕۆک لەگەڵ ئەوەدا هەموویان گەلەرین و باس لە ئەڤین و وەفاداری ژنی کورد دەکەن، لەسەر ئاغا و مێرخاس و بەگەکانی کورد گوتراون. کاتێک ئێران خانم گۆرانی ئەڤینداری دەڵێت، هونەری گۆرانیبێژییەکەی باشتر بۆ بیسەرانی ئاشکرا دەبێت، رەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بوویێت کە ئێران لە ژیانی خێزانی و ئەڤینداری خۆیدا شکستی هێنابێت. هەرچەندە ژمارەی ئەو گۆرانییانەی کە ئێران خانم لە رادیۆی کوردی ئورمێ تۆماری کردووە، نازانرێت، بەڵام ئەگەر لەماوەی ئەو 8-9 ساڵەی کاری فەرمی خۆیدا(1971تا1979) مانگێ دووجار چوویێتە رادیۆ، ژمارەیەکی زۆری گۆرانی تۆمار کردووە. هاوکات ئەوەش نەزانراوە کە چەند گۆرانی بێ موزیک و بە موزیکەوە تۆمار کردووە. پاش تێکچوونی رژێمی شاهەنشاهی، رژێمی ئیسلامیش دەرگای ئەرشیفی کوردی رادیۆکەی داخستووە و رێگە بە کەس نادرێت کە لەوبارەیەوە لێکۆڵینەوە بکات. پێدەچێت کە بەرپرسانی حکوومەتی نوێ لە ساڵانی شەڕی نێوان کورد و پاسدارەکاندا، هەموو ئەرشیفی کلام و گۆرانییە کوردییەکانی لەناو بردبێت. هونەرمەند ئێران خانم لە31 ساڵ خەباتی هونەری خۆیدا زیاتر لە

100 گۆرانی گوتووە کە لە سەرانسەری کوردستاندا بڵاوبووەتەوە. ئەوە تەنیا ژمارەی ئەو گۆرانیانەیە کە بەناوی ئەوەوە لە ناو گەلدا بڵاوبووەتەوە، بەڵام ئێران خانم سەدان گۆرانی فولکلۆری و گەلەری گوتووە و لە رادیۆدا تۆماری کردووە.
دوای نزیکەی 30 ساڵ ژیانی هاوبەش لەگەڵ سەعیدی مێردی، کە ببوونە خاوەن کچێک و دوو کوڕ، سەعید بەپێچەوانەی ویستی ئێران خانمەوە ژنی دووهەمی هێنا. ئەوکات ماڵیان لە گوندی سۆمانئاوا بوو. ئەو ڕەوشە لاپەڕەی ژیانی ئێران خانمی گۆری و نەیتوانی دەردی هەوێ قبووڵ بکات. پاش شەڕ و پێداگرییەکی زۆر، ئێران خانم بڕیاری جیابوونەوە لە سەعیدی مێردی دەدات. پاش ئەوەش گوندی سۆمانئاوا و منداڵەکانی بەجێدەهێڵێت و ماوەیەکیش لای باوکی دەمێنێتەوە. دواتر بۆ جاری دووهەم لەگەڵ پیاوێک بەناوی"داداش ناسری" ژیانی هاوسەری پێکدێنێت و لەشاری تاران نیشتەجێ دەبێت. سێ ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە و پاشان دەگەڕێتەوە سەلماس و15 ساڵیش لەوێ دەژیت. دواتر دێنە ئورمێ و لەگەڵ خێزانەکەیدا لە گەڕەکی ئیسلامئاباد خانوویەک دەکڕن و پێکەوە دووکانداری دەکەن. ئیتر لەو ساڵانەدا بێدەنگ دەبێت و تەنیا لە ناو بۆنە تایبەتی و خێزانییەکان و کەسانی ناسراودا دەنگی دەبیسترێت. لەو ساڵانەی کە ئێران خانم لە تاران بووە، کەس نازانێت لەکوێ بووە و چۆن ژیاوە. منداڵەکانیشی ئاگاداری رەوشی ئەوکاتی نین! بەڵام پاشان دەرکەوتووە کە بێدەنگ نەبووە و هونەرەکەی بەشێوەیەکی شاراوە درێژە پێداوە .
لەبەر ئەوەی لەو سەردەمە بێدەنگییەدا ئێران خانم، چەند کاسێتی نوێی خۆی بۆ شارەکانی باکووری کوردستان دەنێرێ، پاش بڵاوبوونەوەی کاسێتەکانی لە کوردستان و تورکیا وەها دەزانرێت کە ئێران خانم لە باکووری کوردستانە!(لەوێ دەژی)، بەڵام وەها نەبوو، ئەو لە تاران بوو. ئاشکرایە کە ئەوکات پەیوەندی ئەو لەگەڵ لایەنگرانی هونەری کوردی لە باکووری کوردستان باش بووە و کاتێک کە مافی گۆرانی گوتنی لە ئێران نەبووە، بەنهێنی کاسێتەکانی گەیاندووەتە باکووری کوردستان. ئەوەش زیاتر خۆشەویستی ئێران خانم بۆ هونەری کوردی دەسەلمێنێت. ژیانی ئێران خانم لە سەردەمی بێدەنگیدا رەنگێکی تر دەگرێتە خۆی و ئەوەش کاریگەری لەسەر ناوەرۆکی گۆرانییەکانی دادەنێت و بە تەواوەتی دەیگۆڕێت. ناوەرۆکی تەواوی گۆرانیەکانی ئێران خانم، لەدەستپێکی ژیانی لەگەڵ مێردی دووهەمیدا تا ئەوکاتەی دەمرێت، باس لە بێبەختی و زوڵمی پیاوی کورد لەژن دەکات؟! بەڵێ ئەڤینی30 ساڵانی سەعید هەرگیز لەبیری ئێران خانم نەچووەتەوە. ئێران خانم لە مێردی دووهەمی کوڕ و کچێکی هەیە .
ئێران ژنێکی زیرەک و قسەخۆش بوو. تەندروستی باش بوو، لە ساڵانی دوایی ژیانیدا هەمیشە خەریکی دووکانداری بوو. لەرەوشێکی وەهادا و لە 2001/8/10 هەواڵێک لە ناو خەڵکی ئورمێدا بڵاوبووەوە کە لایەنگرانی هونەری کوردی و دۆستانی ئێران خانمی زۆر غەمگین کرد. هەواڵەکە وەها بوو:" ئێران موجەرەد بە خنکاندنی خۆی کۆتایی بە ژیانی هێنا!!". ئەو هەواڵە پرسیاری زۆری لای ئەو کەسانە دروست کرد کە لە نزیکەوە دەیانناسی .
بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەلای منە و لە هەڤاڵانی نزیکیم بیستووە، ئێران کەسێکی دیندار بووە و زەحمەتە کەسێکی یرواداری کاری وەها بکات. چونکە لەباری دەروونییەوە نەخۆش نەبوو تا مرۆڤ بتوانێت گومانێکی وا بکات و خۆکوشتنی بسەلمێنێت. لەبارەی مردنەکەیەوە شتی جۆراوجۆر دەگوترێت، بەڵام ئەوەی کە بە فەرمی لەلایەن پزیشکانی نەخۆشخانەی ئورمێیەوە گوترا ئەوە بوو:" خۆی کوشتووە."...

هۆکاری ئەو رووداوە تراژیکە وەک هەندێک لە نزیکانی ئێران خانم کە(نایانەوێت ناویان ئاشکرا بێت) باسی دەکەن ئەوەیە:" لەم ساڵانەی دواییدا ئێران و مێردەکەی بە کاری دووکانداریی زۆر دەوڵەمەند بوون، بەڵام منداڵانی ژنی پێشووی مێردەکەی چاویان پڕیبووە ئەو سامانەیان و شەڕیان پێ دەفرۆشتن و داوای پارە و پولیان لێ دەکردن. بە مەزندەی ئێمە کوڕی داداشی مێردی لەبەر پارە، ئێران خانمی خنکاندووە ."...
بەهەرحاڵ تا ئێستا هیچ کەس شتێکی روون لەبارەی مردنەکەیەوە نازانێت و بەداخەوە لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ لەبارەی هۆکاری خنکاندنەکەیەوە نەکراوە. ناوی ئێران خانم دەچێتە پاڵ ژنانێکی وەک مریەم خان، نەسرین شێروان، ئایشێ شان، گوڵبەهار، مەرزیە فەریقی، فەتانە وەلیدی و گەلێک هونەرمەندی کورد.
سەرچاوە: هەڤپەیڤین لەگەڵ خەبات برادۆستی، هەڤپەیڤین لەگەڵ گۆرانیبێژانی کورد سۆفی عەلی، عەلی حەوسەد و برا نەورۆزی و هەروەها هەڤپەیڤین لەگەڵ چەند کەسی نزیکی ئێران خانم کە رازی نەبوون ئاماژە بە ناوەکانیان بدرێت .
سەرچاوە: کاکشار ئورەمار - ماڵپەڕی وارڤین

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| رەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 161

## ئەبوبەکر ئاسکۆڵی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013113019125687534

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 162

## ئەحمەد ئیسماعیل ناتیقی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100323223144402



لەدایيک بووی سالی 1333 هەتاوی يە لەتاران هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریسی هونەری شانۆ و دکتۆرای هونەر تایبەت بە وێنەگری لەساڵی 1363 بووەتە سەرۆکی پەيامنێرانی وێنەيی ئاژانسی کۆماری ئیسلامی ئێران (ئیرنا)بۆماوەی (٥) ساڵ دواتر خانەی وێنەگرانی ئێرانی پێکهێناوە و بۆماوەی 15 ساڵ بەڕێوەبەری خانەکە بووە وە هەروەها ئەنجومەنی وێنەگرانی فەردا کە تایبەت بوە بەگەنجان پێکهێناوە و ماوەی 12 ساڵ بەڕێوەبەری ئەنجومەنەکە بوە چەند ساڵێک سەرپەشتیاری ڤیستڤاڵی نێودەوڵەتی وێنەگرانی مندالان و لاوان بووە ئەم ڤیستڤاله ماوەی 5 ساڵ بەردەوام بووە.ناتیقی بەيەکێک لەوێنەگرانی جەنگ لەئێران دا ناسراوە و بەدرێژایی کاری ڕۆژنامەنوسی وینەگری ئاژانسی ئیرنا ئێرانی بووە.هەربۆيە توانیويەتی بەشداری زۆرێک لە جەنگەکانی وەک شلمچە و هەلەبجە و فاوبکات و بەوینەکانی هەواڵەکان بگوازێتەوە.
ئیستاش خانەنشینەو سەرقاڵی کاری وینەگرتن ی سەربەخۆ دەکات و لەتارانی پایتەخت دەژی و خاوەن کچ و کوڕێکە.
ئەحمەد ناتیقی وەک ڕۆژنامەنوسێکی فۆتۆگرافەر لەکاتی هێرشی کیمیاوی بۆسەر هەڵەبجە بەشداری لەگواستنەوەی هەواڵەکاندا کردووە.
سەرچاوە: ئیبراهیم هەورامانی - ماڵپەڕی هەڵەبجە ئنفۆ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | فۆتۆگرافەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | بێگانە |
| وڵات: | دەرەوە |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 163

## ئەحمەد ئەسوەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20101021124917101



لەدایکبووی کۆیە لە 1935 و پەروەردەی کەرکووک و ئێستاش دانیشتووی هەولێرە.
سەرچاوە: گڵێنە گلی - ماڵپەڕی کوردستان نێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | پەیکەرتاش |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 164

**ئەحمەد جۆلا**

http://www.kurdipedia.org/?q=200903021444201516



لە دایکبووی شاری سلێمانی ساڵی (1966)ە، لە ساڵی (1979)ەوە تا ئێستا خەریکی کاری هونەری شانۆ، دراما و فیلمی کوردییە. یەکێکیشە لە ئەکتەرەکانی بەرنامەی بەرنامە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎭ئەکتەر |
| رەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 165

**ئەحمەد چەب**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150303104610119506



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎤گۆرانیبێژ |
| رەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | کۆبانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 166

**ئەحمەد حەسەن**

http://www.kurdipedia.org/?q=2011042716443457079



لە ساڵی 1972 لە شاری کەرکوک لە دایکبووە، ئێستا لە وڵاتی ئەمریکا ژیان بەسەر دەبات، تا ئێستا بەشداری لە (14) پێشانگای هونەریدا کردووە، جگە لە دوو پێشانگای تایبەت.
سەرچاوە: ئارام شێرکۆ - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 167

## ئەحمەد خەلیلی فەرد

http://www.kurdipedia.org/?q=20110615132134602 78



ساڵی 1961 لە شاری سنە هاتۆتە دنیا. پڕوانامەی بەکلۆریۆسی شێوەکاری لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران و هەروەها پڕوانامەی ماستەری شێوەکاری لە زانستی پەروەردەی تاران بەدەستهێناوە.
لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا زیاتر لە 40 پێشانگای شێوەکاریی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران کردۆتەوە. هەروەها زیاتر لە پێنج پێشانگای تاکەکەسی لە شاری تاران کردۆتەوە و چەندین وۆرکشۆپی پسپۆڕانەی فێرکاری هونەری شێوەکاری بۆ قوتابیانی زانکۆی بەڕێوەبردووە و ئەندانی دەستەی ناوبژیوانی بەشی شێوەکاریی چەندین فێستیڤاڵی گرینگی بواری هونەرەکانی شێوەکاری بووە.
خەلیلی فەرد لە تری فالی پاریس، مەدالیای برۆنز و دیپلۆمای شانازی پێ بەخشراوە و ساڵی 2008 لە سێزدەیەمین خولی دوو ساڵانەی نێونەتەوەیی کیشوەری ئاسیا لە بەنگلادش کە بە دووساڵانەی بەنگلادش ناسراوە، بەرهەمەکانی لە زومرەی هونەرمەندانی پێشەنگی ئێرانی لە شاری داکا بۆ ماوەی یەک مانگ نمایش کرا.
سەرچاوە: مەنووچێهر جیهانی - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | پەیکەرتاش |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سنە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 168

**ئەحمەد دەنگ گەورە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20121125153705739O5

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هونەرمەند

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 169

**ئەحمەد زارعی**

http://www.kurdipedia.org/?q=200912100952502954



ساڵی 1316 هەتاوی لە گەرەکی سەرپەچەی شاری سەقز لە دایک بوە، هونەرمەند ئەحمەدزارعی لە گەڵ ئەوەی کە نەخوێندەواریش بوە پتر لە چوارسەد گۆرانی لە رادیو کوردی کرماشان وسنەو مەهابادوتاران وتوەتەوە کە کاتی خۆی هەر لە رادیۆدا بە بێ ئەوەی تۆمار بکرێت وتوویەتی کە زیاتر لە پەنجا شریتی ئەو گۆرانی یانەی لە ئارشیوی ماڵی خۆیدا هەڵگرتوە. ساڵی 1337 هەتاوی کە رادێۆ کوردی کرماشان دەست بەکار بوە ئەو وەک یەکەم کەسەکان لە خزمەت مەرحوومی "حەسەن کامگار" گۆرانی لەو رادێۆیەدا وتوە، لە گەڵ خاتوو "میدیا زەندی "گۆرانی(پاییزە لەمن درەنگە لەتۆ)ی وتوەوتۆماری کردوە. ساڵی 1351 و 52 لە شاری مەهاباد لە گەڵ هونەرمەند رەشید فەیزنژادو حەمەی دانش وحسەین رەهبەر گۆرانی تۆمار کردوە، لە زۆربەی بۆنەومۆناسبەتە میللی ونەتەوەیی یەکانی لەشکری وکشوەری ئەوکات ئاهەنگی گێراوەو بەشداری کردوە، لەو گۆرانی یانەی کە بە ناو ئەحمەدزارعی یەوە ئەیناسنەوە ئەتوانین گۆرانی "دووسەر لە سەر سەرینێ، ئەی لە گوڵی من، پاڵا شۆفیر. کە تورکی بوەو کردویەتە کوردی وگەلێکی دیکە ناو بەرین لەگەڵ مەرحوومی حەسەن زیرەک دۆستایەتی هەبوەو لە کرماشان و وڵاتی عێراق پێکەوە بون...

بەرهەمەکانی کاک ئەحمەد زارعی هەرچی هەیە لە سەر سەفحەی گرامافۆن و شریتی کاست دایە کە لەم رۆژانەدا هونەرمەند خەلیل سەعیدی لە سەر ئەرکی خۆی چەندگۆرانی یەکی بۆ کلیپ کردوەو هەر

ئێستە لە بەردەستی خەڵک وئاشقانی گۆرانی یەکانی کاک ئەحمەد دایە..
هونەرمەند ئەحمەد زارعی ئێستایشی لەگەڵ دابێ پیاوێکی خۆش مەشرەف و تەڕپۆش وتەڕدڵ بوەو هەتا ئێستا 9 ژنی هێناوە !!! کە تەنیا کورێکی بە ناوی "هوشیار" هەیەو لە دەرەوەی وڵات دادەنیشێت..
ئەحمەدی زارعی ماوەی پازدەساڵان لە گوندی "قاقڵاوا" ی ناوچەی تورجانی سەقز خزمەتکاری تەکیەوبارەگای شێخانی زەنبیل دەبێ و لە حوجرەو خانەقای سەیدکامیل ئیمامی "ئاوات" ی شاعیردا چایی پەز دەبێت هەر بەو بۆنەوە زۆر لە نزیکەوە شاعیرانی وەک هێمن وهەژاری ناسیوەو دۆستایەتی لە گەڵیاندا هەبوە...
لەم ساڵانەی دوایی دا چوار پێنج کەس وەک هونەرمەندانی کۆن ولە مێژنە لە لایەن وەزارەتی ئیدارەی ئیرشادەوە مووچەی مانگانەیان بۆ دیاری کرا کە کاک ئەحمەد زارعی یەکێک لەو چەندکەسە هونەرمەندانەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی چەمەڕا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سەقز
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 170

## ئەحمەد زیرەک

http://www.kurdipedia.org/?q=200912061253252834



ئەم دەرهێنەرەی کورد، ڕۆژی 2009/11/20 بەجلوبەرگی کوردییەوە چووە سەر شانۆی فیستیڤالی قاهیرە و خەڵاتی زیوینی وەرگرت. فیلمەکەی کە بەنێوی (پەنابەری پاریس)Paris d’exil -ە، لە فیستیڤاڵەکەدا خەڵاتی زیوین (دووەم)ی وەرگرت لە دوای فیلمی (The Rapture of Fe). ئەحمەد زیرەک کە خەڵکی شاری جۆلەمێرگی باکووری کوردستانە و ئێستا کارمەندی تەلەڤزیۆنی کورد-1 ە لە پاریس، لەو فیلمەدا ژیانی پەنابەری 25 ساڵەی خۆی تێکەڵی ئازاری ئەو پەناخوازانە کردووە کە لە فەرەنسا لەژێر نایلۆن و سەر کارتۆنەکانی نێو زبڵخانەکاندا دەخەون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو نێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: سینەماکار
ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد

ولّات: باکووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 171
## ئەحمەد زەهاوی
http://www.kurdipedia.org/?q=20150731173033124978

ساڵی 1962 لە خانەقین لە دایکبووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی لوری، کەڵهوری و فەیلی |
| شارەکان: | خانەقین |
| نەتەوە: | کورد |
| ولّات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 172
## ئەحمەد سالار
http://www.kurdipedia.org/?q=20081126134455527

ساڵی 1947 لەشاری سلێمانی لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لەسلێمانی تەواو کردووە، دواتر چۆتەکۆلێژی هونەرەجوانەکان لەشاری بەغدا و لەبەشی سانۆ درێژەی بەخوێندن داوە.
دامەزرێنەری کۆمەڵیک تیپی هونەری بووەلەوانەپێشرەو وسالار.
ساالی 1977 لەفیستیوالی هونەری عیراق خەڵاتی باشترین دەرهێنەری وەرگرتووە. تا ئێستا 24 کتێبی لەسەر هونەری شانۆ نووسیوەو خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری شانۆیە. سەرپەرەشتی گۆڤاری شاکارە، هونەرمەند ئەحمەد سالارتا ئێستا خاوەنی 103 بەرهەمی هونەرییە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| جۆری کەس: | شانۆکار |
| جۆری کەس: | )ئەکادیمی( |
| جۆری کەس: | پەرلەمانتار |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 173

## ئەحمەد شەماڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=20081110165325263



ناوی تەواوی "ئەحمەد مەحمود"ە و بە"ئەحەی خولە سنەیی" ناسراوە لەساڵی 1923 لەگەڕەکی سەرشەقام لەشاری سلێمانی لەخێزانێکی هەژار و دەستکورتی لەدایکبوو. لەسەرەتادا دەخرێتە حوجرە بۆ خوێندنی قورئان، کە ئەوکات حوجرەکان پرەوێکی زۆریان هەبووە، لەبەر هەژاری وازی لەخوێندن هێناوە و دەستی بەکارکردن کردووە و ئاوارەی شاران بووە، خەم و کەسەر و مەینەت دەبێتە بەشێک، لەژیانی ئەم کەڵە هونەرمەندە هەر لەسلێمانی ژنی هێناوە و چەند منداڵێکی خستۆتەوە، کەئەوانیش "جەمال و جەلال و جەزا و شەماڵ و ناسک و بەناز"یان ناوە.

لەساڵی 1953دا دەستی بەکاری هونەری کردووە، پاش ئەوەی کەخەڵک وردەوردە گوێبستی دەنگی ئەو هونەرمەندە دەبن وای لێ دێ خەڵکانێکی زۆر خۆشیان بوویت، لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندەکانی ئەو سەردەمە گۆرانی گوتووە، وەک خوالێخۆشبووان ماملێ و زیرەک و مەردان.
ئەم هونەرمەندە لە ڕۆژی 1997.04.03دا لەشاری سلێمانی لەدوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیدا چاوی لێکناو بۆ یەکجاری بەجێی هێشتین، کەهەر لەو شارەش بەئامادەبوونی خەڵکێک زۆر بەخاک سپێردرا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خۆزگە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 174

## ئەحمەد عەونی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100411214733413



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 175

## ئەحمەد نازدار

http://www.kurdipedia.org/?q=20100819141855478



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 176

## ئەحمەد نەبەز

http://www.kurdipedia.org/?q=20150731173825124980



ساڵی 1986 لە هەولێر لەدایکبووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | هەولێر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 177

## ئەحمەد نەجیب

http://www.kurdipedia.org/?q=20101024095008102l5

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 178

## ئەحمەد کاوانی

http://www.kurdipedia.org/?q=201008151735514704



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 179

## ئەحمەد کاکە سوور

http://www.kurdipedia.org/?q=2012070322343871675



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 180

## ئەحمەدی خۆشنوس

http://www.kurdipedia.org/?q=20090315103649165

ناوی تەواوی ئەحمەد ڕەحیم محەمەدە.
1975لەکەلار لەدایکبووە .
دەرچووی ناوەندیە .
ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی لقی بنکەی ئەدەبی گەلاوێژە .
خاوەنی سیازدە پێشانگای تایبەت و سی و چوار پێشانگای هاوبەشە لەکوردستان و ئەوروپا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | کاریکاتێروان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەلار (گەرمیان( |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 181

## ئەرجومەند هەورامی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110106201935220555

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 🖉گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی هەورامی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 182

## ئەردەڵان بەکر

http://www.kurdipedia.org/?q=200910121104162082



هونەرمەندی جوانەمەرگ لە ساڵی 1967 لە شاری هەولێر لە دایکبووە و لەماوەی کارکردنی هونەریدا چەندین بەرهەمی جوان و ناوازەی پێشکەش بە گوێگرانی کوردی کردووە و یەکێک بووە لە هونەرمەندە بەتوانا و خۆشەویستەکان و خاوەن جەماوەرێکی بەرفراوان بووە. نێوبراو چەند ساڵێک پێشمەرگایەتییشی کردووە. لە 10-10-2009 لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ستۆکهۆڵمی وڵاتی سوید بەناوی کارۆلینسکا، بەنەخۆشیی شەکرە کۆچی دوایی کرد. ئێوارەی 14-10 تەرمەکەی گەییشتەوە هەولێر و ڕۆژی 15-10 لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لە هەولێر بەخاک سپێردرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

جۆری کەس: 🖉گۆرانیبێژ

جۆری کەس: پێشمەرگەی دێرین

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: ♖هەولێر

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 183

## ئەردەڵان قادر

http://www.kurdipedia.org/?q=201008261005074915



وێنەگری وەرزشیی ڕۆژنامەی هەولێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | فۆتۆگرافەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 184

## ئەرژەنگ کامکار

http://www.kurdipedia.org/?q=200908051534221924



یەکێکە لە ئەندامانی گرووپی کامکاران. ساڵی 1954 لە شاری سنە لە دایک بووە و ژەنیاری تومبەکە. لە سەردەمی منداڵی دا حەزی لە نیگارکێشی بووە بەڵام بەهۆی ژیانی لە بنەماڵەیەکی شەیدای مۆسیقا دا، ئەویشی بۆ دنیای هونەری مۆسیقا راکێشاوە و بۆ ئۆرکێستری فەرهەنگ و هونەری سنە تومبەکی لێداوە و ئێستاش بۆ کامکاران تومبەک لێدەدا.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | موزیکژەن |
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سنە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 185

## ئەرسلان ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20150804025859125030



سالّی1971لە سلێمانی لەدایک بووە
بەشداری زیاتر لە 25پێشانگەی هاوبەشی کردوە لە -هەولێر-دهۆک-سلێمانی
چوارجار خەلآت کراوەلە ڤێستیڤاڵ و بەشداریەکانی
هەروەها چەندین تابلۆی کراوە بە بەرگی گۆڤارو کتێبی رۆشنبیری
چەندین مۆنتیقی بلآو کراوەتەوە لەگۆڤارو رۆژنامەکاندا
ئەندامی یەکیتی هونەرمەندانی کوردستانە
سەرچاوەkurdistanart :

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار
رەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 186

## ئەرسەلان بەهرامی

http://www.kurdipedia.org/?q=20120517115840647‎59

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سەقز
نەتەوە: کورد
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 187

## ئەرسەلان دەروێش

http://www.kurdipedia.org/?q=20091103162105233‎2



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شانۆکار

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 188

## ئەرسەلان رۆستەمزادە

http://www.kurdipedia.org/?q=2008110710234272

لەدایکبووی ساڵی 1983 لەشاری بۆکانە. خوێندکاری گرافیک لەزانستگای تارانە. لەساڵی 1370(1990) لەژێرچاوەدێری براکەی محەمەد رۆستەمزادەکاری نەقاشی دەست پێکردووەو توانیویەتی بگاتەشێوەو تایبەتمەندی خۆی لەکاردا.

پیشانگاکانی:

(1995)1374پیشانگای بەیەکەوەلەچوارچێوەی سمینارو رێزگرتن لەماموستا حەقیقی لەشاری بۆکان .

(1996)1375پیشانگای بەیەکەوەلەمەڵبەندی فەرهەنگی و هونەری -بۆکان

(1996)1375پیشانگای بەیەکەوە، خەیابانی- بۆکان

(1996)1375پیشانگای بەیەکەوەکونگرەی فەرزانەگان- سنە

(1997)1376پیشانگای بەیەکەوە- بۆکان

(1998)1377پیشانگای بەیەکەوە- بۆکان

1379(1980 پیشانگای تاکەکەسی گالێری همایون- تاران

پیشانگای بەیەکەوەهەلەبجەزانکوی هونەرەجوانەکان- تاران

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: بۆکان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 189

## ئەرسەلان کامکار

http://www.kurdipedia.org/?q=200908051532271923



مووسیقارێکی کوردە و یەکی لە ئەندامانی گرووپی کامکارانە. لە ساڵی 1960 لە سنە لە دایک بووە. ئەرسەلان کامکار بۆ ئۆرکێستری سەمفۆنی تاران ڤیۆلۆن ی لێداوە و ژەنیاری عوود و بەربەت یشە.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ☐موزیکژەن |
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سنە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 190

## ئەرکان - شەهاب

http://www.kurdipedia.org/?q=20150621011148855 79



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری کەس: | ☠تیرۆریست |
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 191

## ئەزنیفە شوکر

http://www.kurdipedia.org/?q=20130906213921888 96



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | RUیەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 192

## ئەزهار حازم شەمدین ئاغا

http://www.kurdipedia.org/?q=20150804021505125025



لەساڵی 1947 لە شارۆچکەی زاخۆ لەدایکبووە.
سەرچاوە kurdistanart :

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | زاخۆ |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 193

## ئەزهەر شەمدین

http://www.kurdipedia.org/?q=20111219151231634O2

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 194

## ئەزین قاسم

http://www.kurdipedia.org/?q=2013010614034074723

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 195

## ئەژدەر محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=200908130855361948

لە ساڵی 2002 گۆرانی گوتووە، لەساڵی 2005 یەکەم ئەلبومی گۆرانی خۆی بەناوی "دەستت بێنە سەر دڵم" بڵاوکردۆتەوە.
سەرچاوە: قائید میرۆ - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 196

## ئەژدەر وەهبی

http://www.kurdipedia.org/?q=200903021137401496



لەدایک بووی ساڵی (1977) شاری سلێمانییە، لەساڵی (1989) لە ڕێگەی چەند سرووودێکی منداڵان بەشداری لەچەند فیستیڤاڵێکدا کردووە، لەساڵی (1996) یەکەم گۆرانی خۆی بەناوی "گوڵەگەنم" تۆمار کردووە، پاشان چەند گۆرانییەکی بەشێوەی تاک بڵاوکردۆتەوە، لەساڵی (1997)ـەوە دەچێتە هەندەران، لەساڵی (2004) یەکەم ئەلبومی گۆرانی خۆی بەناوی "دیەم" بڵاوکردۆتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 197

## ئەژین قادر

http://www.kurdipedia.org/?q=20150628151224856563



ساڵی 1984 لە سلێمانی لەدایکبووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | فۆتۆگرافەر |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 198

## ئەستێرە مەولودی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150108132410845562



سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 199

## ئەسعەد قەرەداغی

http://www.kurdipedia.org/?q=201003091718573852



گۆرانیبێژ و موزیکژەن

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

جۆری کەس: □موزیکژەن

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

جۆری کەس: چالاکی سیاسی

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 200

## ئەسمەر فەرهاد

http://www.kurdipedia.org/?q=20150308200842119632

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: خانمان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی

نەتەوە:                 کورد
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 201

## ئەسمەهان

http://www.kurdipedia.org/?q=2010102315105410210



گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی میسرە، بەڕەگەز کوردی ڕۆژئاوایە. خوشکی فەرید ئەترەشە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ
جۆری کەس: ئەکتەر
ڕەگەزی کەس: خانمان
نەتەوە: کورد
وڵات: دەرەوە
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 202

## ئەسکەندەر عوسمان جامباز

http://www.kurdipedia.org/?q=20081110165530264



وێنەکێشی هونەرمەندی بە توانای شاری هەولێری دێرین مامۆستا ئەسکەندەر عوسمان جامباز، لە ساڵی 1938دا لە شاری هەولێر، چاوی ژیانی هەڵێناوە و لە بنەماڵەیەکی کاسبکاری جامباز پەروەردە بوو.
خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لەساڵی 1945دا لە قوتابخانەی "ئیبن خەلەکان"ی سەرەتایی دەست پێکردووەو ئەو قۆناغەی بەزیرەکی پڕیوە بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی چووەتە قوتابخانەی "ناوەندیی هەولێر"، کە لە دوای شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958دا ناونرا "ناوەندیی کۆماری" و هەر لەو ساڵەشدا خوێندنی ناوەندیشی تەواوکردووەو لە پایزی 1958دا لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە هەولێر وەرگیراوە و لەسەر دەستی هونەرمەندی ناوداری شێوەکاریی مامۆستا جەواد ڕەسووڵ ناجی بە تەواوی دەست و بازووی هونەری شێوەکاریی بە هێزبووە گوندی "سیساوە"ی سەر بە ناوچەی هەریر کراوە بە مامۆستا و دوای ساڵێک سەبارەت بە لێهاتوویی لە هونەری شێوەکاریی، گوێزراوەتەوە بۆ ناوشاری هەولێر و لە قوتابخانەی "هەولێری نموونەیی" کراوە بە مامۆستای وانەکانی هونەری شێوەکاری لە هەموو پۆلەکانی ئەو قوتابخانەی نموونەییەی، کە کرا بووە مەڵبەندی ڕاهێنانی قوتابیانی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە هەولێر.
مامۆستا ئەسکەندەر جامباز کوڕێکی کەڵەگەتی خوان و ڕێکوپێک بوو، تاکو سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو هەستی بەهیچ نەخۆشیەک

نەدەکرد. بەڵام دوای ئەو مێژووە هەستی بە نەخۆشییەکی خراپ کرد و ڕۆژ بە ڕۆژ تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو، هیچ چارەسەرییەک دادی نەدا تاکو ئەو هونەرمەندە بەهرەدارە لە ڕۆژی 1994.08.18دا هەر لەشارە شیرنەکەی خۆی کۆچی دوایی کرد و هەموو هونەرمەندانی قەڵا و منارە و مامۆستا و ڕۆشنبیرەکان شارەکە لە رێ و ناشتنی تەرمەکەی بەشداریان کرد.
هەر چەندە مامۆستا ئەسکەندەر بەڕواڵەت لەبەر چاومان ونبوو، بەڵام تابلۆ و کەڤاڵەکانی لە بەرچاومان ون نابن و کەسایەتیەکەیشی لە دڵ وێژدانی دۆست و یارانی ناسڕێتەوە و سوپاس بۆ یەزادن شوێن و پایەی هونەریی لەناو ڕۆڵەکانی بنەماڵەکەیدا بەچۆڵی نەماوەتەوە، چونکە کچێک و کوڕێکی وەکو باوکیان بەهرەی هونەری وێنەکێشانی و شێوەکارییان هەیە و نەیانهێشتووە کاروانی هونەری شێوەکاری لە بنەماڵەکەیاندا بپسێتەوە و بوەستێ.
ئەسکەندەر عوسمان و ژیانی هونەریی:
مامۆستا ئەسکەندەر ئوسمان لەسەردەمی خوێندنی سەرەتاییەوە بەهرەی هونەری وێنەکێشانی لێ بەدی کراوە و لەسەرەتادا لاسایی وێنەکێشە هونەرمەندەکانی هەولێری وەک مامۆستایان "دانیال قەساب" و "جەواد رەسوول ناجی" کردۆتەوە.
بەڵام کە گەیشتووەتە قۆناغی خوێندنی خانەی مامۆستایان سوودێکی ڕاستەوخۆی لە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی مامۆستای بەهرەداری شێوەکاریی جەواد رەسوول بگرێ و رووبکاتە دیمە رەسەنەکانی ژیانی کوردەواری دەشتەکی بە تایبەتی ژیانی کۆچەریی و لادێ نشینی و ئاژەڵداریی، چونکە بنەماڵەکەی جامباز بووە و تێکەڵاویی و پەیوەندیی بە خەڵکی لادێ و کۆچەرییەوە هەبووە و هەر خەریکی کڕین و فرۆشتنی وڵاغ بووە. بۆیە ئەو لایەنەی لە تابلۆکانی دا زاڵە و، لە هونەری وێنەکێشانی پورتریتیش گەلێک دەست ڕۆیشتوو بووە.
یەکەمین تابلۆی مامۆستا ئەسکەندەر بە ناوی "ژنە بۆڵی" بووە، ئینجا تابلۆ نایابەکانی "مانگادۆشین" و "ژنە دۆم" و، ئەگەر بمانەوێت هەندێک لە تابلۆ هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندە بەهرەدارە بدوێین، ئەوا دەبێ ئەم ڕاستیانە بڵێین کە لە ماوەی ژیانی 56 ساڵیدا 300 تابلۆی نایابی کێشاوە و جگە لەمانەش مەرگی ناوەختی ماوەی نەداوە 16 تابلۆی بەر دەستی تەواو بکات و، ئەو هونەرمەندە بەهرەدارە لەساڵی 1962دا لەیەکەم پێشانگای هونەریی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بە چەند تابلۆیەک بەشداریی کردووە و لە ناو هەمووواندا تابلۆی "ژنە بۆڵی" سەرەنجی تەماشاکارانی پێشانگاکەی ڕاکێشاوە و هونەر ناسان و رەخنەگران بە تابلۆیەکی نایاب و سەرکەوتوویان داناوە و پێشانگاکانی پەروەردەی هەولێر لەساڵانی 1965، 1966، 1967، 1968دا بە تابلۆی نوێ و سەرنج ڕاکێش بەشداریی کردووە و لەساڵی 1982، 1983شدا بەشداری لە فیستیڤاڵی رۆشنبیریی کوردی لە هۆڵی میدیا لەشاری هەولێردا کردووەو هونەر پەروەران بە وێنەکێشکی ریالیستی مەزنیان داناوە. لەو پێشانگایانەدا گەلێک تابلۆی مامۆستا ئەسکەندەر پەسنکراون و وەک نموووەی تابلۆی هونەری کوردی براون بۆ دەرەوەی کوردستان و ئێراق، لەوانە ئێستا کە 3 تابلۆی لە ئیتاڵیا و 2 تابلۆشی لە وڵاتی سوێدن و چەند تابلۆیەکێشی لە شالیارێتی رۆشنبیریی ئێراقە لە شاری بەغدا و چەندانی دیکەشی بوونەتە خاوەنی هونەر دۆستان لە هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و شارەکانی دیکەی کوردستان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خۆزگە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: هەولێر
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 203

## ئەسەدوڵلا نەسیری

http://www.kurdipedia.org/?q=20100914215545949 4

لەدایکبووی (1969)ی کرماشان، یەکێک بوو لەفیلمسازە ناسراوەکانی بواری فیلم، لەبەشی درامای تەلەفزیۆنی کرماشان کاری دەکرد.
لەماوەی ژیانی هونەری خۆیدا وەک بەڕێوەبەری بەرهەم ئەرکی بەجێگەیاندنی کارەکانی چەندین فیلمی لەئەستۆگرتووە، لەوانە: دوایین دیدار، ئاوایی ئاوا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: سینەماکار
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی لوری، کەڵهوری و فەیلی
شارەکان: کرماشان
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 204

## ئەشواق ئیحسان ڕەمەزان - سۆز ئیحسان شێخانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20141209150417118232



ڕێکەوتی لە دایکبون : 1977/3/14
شوێنی لەدایک بوون : هەولێر / گەرەکی خانەقا
باری کومەڵایەتی : خێزاندار
پیشە : مامۆستا و هونەرکار و چالاکوانی ڕێکخراوی مەدەنی
فەیسبوک/ پەیج : سۆزإحسانSoz Ehsan /
دەستکەوتی ئەکادیمی/
هەڵگری پروانامەی دبلۆم فني، دبلۆم NLP و بکالۆریۆس
دەرچووی/ پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و کۆلێژی هونەرە جوانەکان
ئەزمونی کار/
-لە ساڵی 2007 ەوە لە ڕێکخراوە مەدەنیەکان کارم کردووە وەکو خۆبەخش و ئەندام و ئەندامی دەستەی کارگێری یان دەستەی دامەزرێنەر یاخود وەکو توێژەر(خوێنەر، گروپی هاورێیانی کتێب، گەشە پێدان، ئەندازیاری ئاشتی، ئاینده، ئاسک، ئاگا، ئینستیوتی کوردستان... هتد (.
-نزیکەی 10 ساڵ خزمەتی مامۆستایی لە قوتابخانەی بنەرەتی (ئاکام، لانە، شوان(
پروانامەی تر/
خولی چالاکی قوتابخانەکان، خولی هاوینەی نەخۆشخانەی زانیاری، مەشقی هونەری کارە دەستیەکان، خێزانی بەختەوەر، NLP، خێرا خوێندنەوە، مێگا میمۆری، درومان، 2 خولی فێربوونی کۆمپیوتەر، 2 خولی پلانی ستراتیجی تاکەکەسی، داهێنان، جۆرەکانی کەسایەتی، ڕۆڵی قوتابیان و مامۆستایان لە بنیاتنانی کۆمەڵگە و چارەسەر کردنی کێشەکان، TOT، لۆبی کردن، پێگەیاندنی ڕۆژنامەنوس، وێبلۆگینگ، پێگەیاندنی سەرکردە، ئافرەتی سەرکردە، پەیمانگەی پێگەیاندنی ئافرەتی پێشەنگ، تۆربەندی، ئەدڤۆکەیسی، نێتووۆرکینگ، فێربوونی بەردەوام، تیم وۆرک، هونەری هەڵسو کەوت کردن و کاریگەر بوون، زیرەکی جۆراوجۆر، دیاری کردنی ئامانجەکان...
دیاری و دەستکەوت/
سوپاسنامە و ڕێزلینان /س. بەبۆنەی بەشداری پیشانگای چالاکی قوتابخانەکان، س. بەشداری پیشانگای چوارەم ڤیستیڤاڵی نا بۆ توندوتیژی، 3 س. بەبۆنەی بەشداری 3 پیشانگای مامۆستایانی هونەر، س. بە بۆنەی بە یەکەم دەرچوونم لەسەر هەموو پەیمانگەی هونەر، س بە بۆنەی مانگێک مەشقی هونەری کاری دەستی چاکسازی ئافرەتان ڕ. خولی پێگەی بەهێز کردنی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا، ڕ. گرنگی بەشداری سیاسی گەنجان لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، ڕ. ڤیستیڤاڵی پاڵپشتی لە کەمپەینی سندوقی هاوکاری گەنجان... هتد.
کاری خۆبەخشی /
لە ڕێکخراوە مەدەنیەکان و گروپی هاورێیانی کتێب و وەک مامۆستای هونەر لە چاکسازی ئافرەتان، توێژەر بۆ ڕاپرسی و سەرژمێری، سەرپەرشتیاری هەڵبژاردن .
حەز و خولیای کەسی/
خوێندنەوە، فێربوونی بەردەوام، گەشت، کۆکردنەوەی کەلوپەلی فۆلکلۆری، ژەنینی سەنتور
پسپۆری و شارەزایی/
پسپۆری/ هونەری شێوەکاری / سیرامیک
شارەزا لە بواری/ هونەر، نوسین و وەرگێران (لە عەرەبیەوە)، هونەری کاری دەستی، کاری ڕێکخراوەیی
نوسین و پێشکەش کردنی بابەت/
وتنەوەی چەند بابەت و وۆرک شۆپێک لە ڕووی پەروەردەییەوە بۆ فێرخوازان

و مامۆستایان
ساز کردنی سیمینار بە ناوی (ژیرانە خوێندنەوە) لە ڕێکخراوەکان
ئامادەکاری بۆ نوسینەوەی دوو ڕۆمان کە تایبەتە بە بواری کۆمەڵایەتی و ئافرەتان و کەم ئەندامان.
وەرگێردراوی کتێبی (القراءة الذكية) لە عەرەبیەوە (ئامادەی چاپ(
نوسین و وەگێرانی چەندین بابەتی تایبەت بە ئافرەتان و ئامادەکردنی بابەتی مێژوویی هەر تایبەت بە ئافرەت بە زمانی عەرەبی و بڵاو کردنەوەیان
نوسین و وەرگێرانی چەندین بابەتی تایبەت بە گرنگی خوێندنەوە و بڵاو کردنەوەیان لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ئینتەرنیت
نوسینی چەندین وتەی کورت (بڵاو کردنەوەیان لەسەر تۆری کۆمەڵایەتی فەیس بوک(
کتیبێک بەناوی (سۆزی من) کە وتەکانی خۆمی تیا نوسراوە (ئامادەی چاپە(

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: شێوەکار
جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: خانمان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: ♖هەولێر
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 205
## ئەشکان ئەحمەد
http://www.kurdipedia.org/?q=200902261640121428
ساڵی 1974 لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری کرمانە، بەمەبەستی خوێندنی سینەمایی بەرەو وڵاتی پۆڵەندا چووە.
خاوەنی حەوت کورتە فیلمە کە ئەمانەن: "مرۆڤەکان دوورن"، "ژنێک لە هۆزی تەم"، "دینگەی دارین"، "تەنوور"، "گۆماو"، "وێنە نەگیراوەکان" و "ڕێبوارانی دۆڵی هەنار."
فیلمی ڕێبوارانی دۆڵی هەنار کە باس لە کارەساتی ئەنفال دەکات، تا ئێستا چەندین خەڵاتی ناوخۆ و نێودەوڵەتی وەرگرتووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: سینەماکار
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سنە
نەتەوە: کورد

ولآت: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 206

## ئەفشین

http://www.kurdipedia.org/?q=201009230925319595



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانییبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 207

## ئەفشینی فەتاحی

http://www.kurdipedia.org/?q=20081222094030920



ساڵی 1972 لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە،لە چەندین فێستیڤاڵی فیلم و وێنەدا بەشداری کردووە و خەڵات و پلەی نایابی وەرگرتووە، ئێستا کارمەندە لە بەڕێوبەرایەتی رۆشبیری و هونەری کوردستانی ئێران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هونەرمەند

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 208

## ئەمان محەمەد - ئەمان نهێلی

http://www.kurdipedia.org/?q=201002091156173435



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 🖉گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: 👤خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 209

## ئەمجەد عەزیزپەنا

http://www.kurdipedia.org/?q=2012051711583964754

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 🎨شێوەکار

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سەقز

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 210

## ئەمجەد عەلی موڕادی

http://www.kurdipedia.org/?q=20081126100818503



ساڵی 1333لە گەڕەکی (ناوقەڵا)ی شاری سەقز لەدایک بو وە هەرلە شاری سەقز هەتا پلەی دیپلۆم دەرسی خوێندوەودواتر بۆ خوێندنی زیاترچووەتە شاری تاران و لە بنکەی باڵای ڕاهێنانی پەیوەندی یەکانی مخابرات درێژەی داوە بەخوێندن ودوای دووساڵ لەوزانستگە پروانامەی شارەزابوون(تکنسین) ی مخابراتی وەرگرتووە گەڕاوەتەوە شاری سەقز وبۆماوەی هەشت ساڵ دەبێتە مووچەخۆری شیرکەتی مخابراتی شاری سەقزبە داخەوە لە ساڵەکانی دواى شۆڕشی 1357تەوەبەچەن هۆیەک لەسەرئەوکارەی لابرا.

دەسپێکی هونەری کاک ئەمجەد ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەرس خوێندنی لە قۆناغەکانی دواناوەندی لە ساڵی 1347دا کە لەژێر جاوەدێری بەڕێز کاک فایق ئادەمی هاتوتە گۆڕەپانی بەربڵاوی شانۆ وە هەرلەوسەردەمەدا بەردەوام لە کێ بەرکێکانی قوتابخانەیی شاروناوەندا پلەی بەرچاوی وەدەست ئەهێنا وتەنانەت لە هۆردووی شاری (رامسر)دا

دوای ئەوەی هونەرمەند عومەر رەزا بەتیپی موزیکای مەولەوی ئاشنا دەبێت، و دەکەوێتە کارکردن لەگەڵیاندا، ئەو تێکەڵاوبوونە دەبێتە هۆی تۆمارکردنی چەند گۆرانیەک وەک گۆرانی (لەیارەوە) لە هۆنراوەی شاعیری گەورە (ئەحمەد هەردی) یە هونەرمەند قادردیلان ئاوازی بۆ دادەنێت پاشان گۆرانی (دیاری) کە هونەرمەند (نەجاتی عەبدە) بۆی ئامادەکردووە، هەروەها مامۆستای گەورە (ولیەم یوحەننا) گۆرانی (گوڵاڵەی ژیان) ی بۆئامادەکات، بەو گۆرانیانە عومەر رەزا زیاتر ناوبانگی دەرکردو ناسرا، یەکێک لەکارە گرینگەکانی تیپی موزیکای مەولەوی کەبەرامبەر هونەرمەند عومەر رەزا ئەنجامیان داوە و خودی هونەرمەندیش هەمیشە سوپاسگوزاری ئەو کارە باشەیە،کە تیپی ناوبراو توانیویانە عومەر رەزا وەک فەرمانبەر لە فەرمانگەی دارستانی سلێمانی (دائرە غابات) وەک چاودێر دابیمەزرێنن، لەساڵی (1959) لەلایەن ئیستگەی کوردی بەغداوە بانگهێشت دەکرێت، بۆمەبەستی بەشداریکرنی

لەئاهەنگی یادی شۆرشی 14 ی تەمموز، لەهۆڵی ئوتێلی بەغداد، کە چەندین کەسایەتی نیشتمان پەروەری کورد و عەرەب و بەڕێز عەبدولکەریم قاسم ئامادەی ئەو ئاهەنگە بوون،
هونەرمەند عومەر رەزا لەهەمان ساڵدا لەئیستگەی کوردی بەغدا بەهاوکاری هونەرمەند (شەماڵ ێائیب) چەند گۆرانیەکی تر ئەخوێنێ، گۆرانی (بۆتۆیە دڵ بۆ تۆیە و تاکەی تاکەی) کەلەئاواز و هەڵبەستی شەماڵ ێائیب بوون،
سەبارەت بە و گۆرانیانە و هاورێیەتی و دۆستایەتی لەگەڵ شەماڵ سائیب، عومەر رەزا بەم شێوەیە دەدوێت:
)هەر لەساڵی 1959 دا بوو رۆژێک شەماڵ ێائیب بانگی کردم و وتی وەرە دوو دیاری چاکم بۆ ئامادەکردوویت، بەخوێندنی ئەو گۆرانیانە دەبیت بە (فەرید ئەترەش) (ئەو کاتە فەرید ئەترەش یەکێک بوو لە هونەرمەندە گەورەکانی عەرەب و کاریگەری لەسەر هونەرمەندانی کورد بەتایبەت شەماڵ ێائیب دانابوو) منیش وتم دەستەکانت ماچ ئەکەم کاکە شەماڵ، هەربۆیە کاکە شەماڵ بەعودەکەی خۆی لەئیستگە سووکە پرۆڤەیەکی پێکردم، شەماڵ وتی پرۆ بەخوا خۆیەتی!!!!! سبەینێ عەسر وەرە بابەکۆرەکانی لەبەر بکەم و تەسجیلی کەین، مەبەستی کوێرەکان، )گرووپە میوزیگژەنەکانی رادیۆی کوردی بەغدابوو) ئەوەبوو لەکاتی دیارێکراودا کە هونەرمەند شەماڵ ێائیب داینابوو ئەو دوو گۆرانیە تۆمارکراو و بڵاوکرایەوە، دەنگی دایەو و سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆمن(
دوای ماوەیەک هەردوو گۆرانی (ئەرێ لەیلێ و بۆتۆیە دڵ) هونەرمەند شەماڵ ێائیب بەدەنگی خۆی تۆماری کردونەتەوە
لەساڵی (1961) مامۆستای هونەرمەند (لەتیف حەمدی) چەند ئاوازێکی بەتێکستی باش و سەرکەوتوو بۆ عومەر رەزا ئامادەکات وەک گۆرانی (یاری چاوکاڵ و گۆرانی ئەڵێم وەک ساماڵ) ئەو گۆرانیانەش دەچنە سەر خەرمانی هونەری عومەر رەزا و زیاتر ناوبانگ لەنێوەندی هونەریدا پەیدا دەکات،
بڵاوبوونەوەی ئەو بەرهەمانەو زیاتر ئاشنابوونی دەنگی عومەر رەزا لەنێو خەڵکیدا بووە هۆی ئەوەی لەلایەن کۆمپانیای (چەقماقچی) داوالەعومەر رەزا بکرێت کە گۆرانی (هاتم هاتم) لەسەر قەوان تۆماربکات بەلاَم بەشێوازێکی نوێ و کۆرسی کچانی لەگەڵدا دەبێت،ئەوکارە بۆ ئەو سەردەمە زۆر دەگمەن بووە، لەبەرابەر تۆمارکردنی ئەو گۆرانیە لەسەر قەوان کۆمپانیای چەقماقچی پری (200) دیناری ئەو سەردەمەی وەک دیاری دەدەنێ، لەناوەڕاستی سەدەی پێشوو هاوشانی کاری هونەری میوزیک و گۆرانی، کاری هونەری نواندن و شانۆ لەبرەودادەبێت و کۆمەڵێک هونەرمەندی بەتوانا کۆمەڵێک کاری باشیان ئەنجام داوە، لەنێوان ساڵەکانی (1960 بۆ 1961) شانۆگەری و ئاهەنگی گۆرانی و میوزیک بەیەکەوە پێشکەشکراون، عومەر رەزا وەک هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ لەگەڵ تیپی موزیکای مەولەوی لەچەندین ئاهەنگدا لەگەڵ شانۆگەری (بەرەو دوا)، (مەم و زین) و (پیسکەی تەڕپیر) بەشداری کردووە، لەو شانۆگەریانەدا هونەرمەندی شانۆکارو دەنگخۆش مامۆستا (رەفیق چالاک) رۆڵی گرینگ و بەرچاوی هەبووە هەروەها یادیان بەخێر (هونەرمەندان رەووف یەحیا و ئەحمەد دەنگ گەورە) و لەگەڵ چەندین هونەرمەندی تری شاری سلێمانی لەبواری شانۆدا، هونەرمەند عومەر رەزا بەیەکێک لەگۆرانیبێژانی ئیستگەی کوردی بەغداد دێتە ئەژمارکردن، عومەر رەزا کەسایەتیەکی بێدەنگ و هونەرمەندێکی هەست ناسک و خۆشەویستی نێو هاوەڵەکانی دەبێت، پەیوەندیەکی پتەو و خۆشی لەگەڵ هونەرمەندانی ئیستگەی کوردی بەغداد دا دەبێت، وەک (مامۆستا عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، باکوری، رەسوڵ گەردی، شەماڵ

یائیب، محەمەد عارف جزیری و حەسەن جزیری و جەلال کۆچەر....تاد(
دوای تۆمارکردنی ئەو بەرهەمانە، بەهۆی دروستکردنی خێزان و بوونی منداڵ و قورس بوونی ئەرکەکانی سەرشانی و بەهۆی کەمدەرامەتیەوە ئەو هونەرمەندە لە هونەری گۆرانیبێژی دوور دەکەوێتەوە، نەبوونی و سەختی ژیان تەنگی پێهەڵدەچنێ،
لەساڵی (1984) لەسەر داخوازی تەلەفزیۆنی کەرکوک هەموو گۆرانیەکانی هونەرمەند بەشێوەی (پلەی باگ) بۆی تۆماردەکەنەوە، ئیتر عومەر رەزا رۆژ بەرۆژ لە هونەری گۆرانیبێژی دووردەکەوێتەوە، درێژە بەژیان دەدات تا راپەرینە مەزنەکەی ساڵی 1991 وەکو هەرتاکێکی ئەو کۆمەڵگایە خراپی و دژواریەکانی ژیان زیاتر بەرۆکی پێدەگرن و خەم و کەسەری لەدەستدانی هاوسەری ئەوەش بۆ عومەر رەزا خەم و داڕووخانێکی تر دەبێت، عومەر رەزا دەبێت بە کارمەندی خزمەتگوزتر لەدیوانی پارێزگای سلێمانی، هونەرمەند بەم شێوەیە باس لە پارێزگاری ئەو کاتەی شاری سلێمانی بەڕێز (سالار عەزیز) دەکات کە شێوازی مامەڵکردنی لەگەڵ عومەر رەزادا بە چ شێوەیەک بووە:
)هیچ کات دڵسۆزی و هەستی پاک و بێگەردی و مرۆڤدۆستی کاکە سالار عەزیز لەیاد ناکەم، چونکە ئەو کاتە من فەڕاش بووم زۆر بێ دەرەتان بووم، ئەو بەڕێزە وەک هاوەڵێکی ساکار و سادەی دێرینی خۆی دەست لەملانم دەبوو، هەمیشە هەڵگری خەمەکانم بوو، دڵنەوایی دەکردم و قسەی خۆشی بۆ دەکردم بۆئەوەی خەمەکانم پرەوێتەوە، بەردەوام هاوکاری ماڵی دەکردم و هیچ کات فەرامۆشی نەدەکردم، هەموو کات چاکە و پیاوەتی ئەو مرۆڤ دۆستەم لەیادە، بەهاوکاری کاکە سالار عەزیز یارمەتی بەڕێز مام جەلال بۆ هونەرمەندان بۆم پرایەوە و هەموو مانگ وەرم دەگرت(
هونەرمەند عومەر رەزا خانەشین دەبێت، و باری تەندروستی رۆژ بەڕۆژ روو لە خراپیەو مووچەی رێزلێنانیشی پراوە لەبەر ئەوەی کە مووچەی خانەنشینی وەردەگرێت، ئایا ئەو مووچەی خانەشینەی کەوەریدەگرێت تۆبڵێی بەشی ژیانی بکات، ئێستا ئەو هونەرمەندە لەژیاندایەو بەڵام باری تەندروستی باش نیە و داواکارم لەسەندیکای هونەرمەندان و یەکێتی هونەرمەندان ئاورێک لەو هونەرمەندە بدەنەوەکەڕۆژانێک بوو خزمەتێکی بەهونەری میوزیک و گۆرانی نەتەوەکەمان کردووە، ئومێدی لەش ساغی و سەرفرازی بۆ هونەرمەند عومەر رەزا و یادی هەموو ئەو هونەرمەندە کۆچکردووانەی گەلەکەمان بەگشتی بەخێرو رووحیان شاد بێت
گۆرانیەکانی هونەرمەند عومەر رەزا:
1: هاتم هاتم / لە ئاواز و هەڵبەستی / (ع،ع، شەونم(
2: پەڵپ و بیانووم پێ مەگرە / لە ئاواز و هەڵبەستی / (ع،ع، شەونم(
3: لەپارەوە / ئاوازی / نەجاتی عەبدە.... هۆنراوەی / ئەحمەد هەردی
4: گوڵاڵەی ژیان / ئاوازی / ولیەم یوحەننا
5: یاری چاوکاڵ / ئاوازی / لەتیف حەمدی
6: گۆرانی ئەڵێم وەک ساماڵ / ئاوازی / لەتیف حەمدی
7: بۆتۆیە دڵ بۆتۆیە / لە ئاواز و هەڵبەستی / شەماڵ یائیب
8: تاکەی تاکەی / لە ئاواز و هەڵبەستی / شەماڵ یائیب
سەرچاوە: جەمالی دەلاک - ماڵپەڕی چرا تی ڤی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1139

## عومەر خەمزەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20131222164706927 51

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1140

## عومەر درێژ

http://www.kurdipedia.org/?q=20100426170800419 1

خەڵکی کەرکوکە، مەقامبێژە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: کەرکوک
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1141

## عومەر دزەیی - هۆمەر دزەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20091103142139229



1936 +لە گوندی "دووگردکان" دەشتی هەولێر لە دایکبووە.
1955 +یەکەم گۆرانی لەرادیۆی بەغدا تۆمارکرد.
1958 +کوردستانی جێهشت و چووە تورکیا و 1959 بۆ ڤیەننا.
1970 +لەگەڵ "رووناک"خانی دزەیی ژیانی هاوسەری پێکهێنا.
+پروانامەی زانستی سیاسیی لە ڤینەنا بەدەستهێناوە.
+باوکی دوو کور و دوو کچە.
+دوو کتێبی بەناوەکانی "چیرۆکی ئەویندارییم" و "توێژینەوەی حەیران" بڵاوکردۆتەوە.
+لەساڵی 2006ەوە راوێژگاری سیاسیی سەرۆک کۆماری عێراقە.
سەرچاوە: محەمەد گۆران -ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| جۆری کەس: | راگەیاندکار |
| جۆری کەس: | چالاکی سیاسی |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | هەولێر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1142

## عومەر دڵپاک

http://www.kurdipedia.org/?q=20100722145935453



ناوی تەواو: عومەر تۆفیق عەبدوڵڵا
ساڵی 1945 لە گەڕەکی سابونکەرانی سلێمانی لەدایکبووە
لە سەرەتای ساڵەکانی 1970وە ئەندامی (تیپی نواندنی سلێمانی)ە
ئێستا سەرۆکی ئەو تیپەیە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئەکتەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1143

## عومەر دەروێش

http://www.kurdipedia.org/?q=20090212114123129



لە 1957 لە سلێمانی لەدایکبووە و تا ئێستا چواردە پێشانگای تایبەتیی لە کوردستان و ئێران و نەمسا و سوید و هۆڵەندا و نەرویج و ئەڵمانیا و دانیمارک و فنلەندا و یابان و چەندین وڵاتی تری جیهان کردۆتەوە و هاوکات هاوبەشیی چەندین پێشانگای لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1144

## عومەر عەلی ئەمین

http://www.kurdipedia.org/?q=20090206090813125



ئێوارەی 2009/1/13 پاش (حەفتاو سێ ساڵ) لە بەرِێکردنی تەمەن، دواجار نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەری شانۆیی (عومەر عەلی ئەمین) دڵی لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی لە ژیان کرد، سەیرکردنی بیبلۆگرافیای ژیانی هونەریی ئەم هونەرمەندە، دەوڵەمەندییەکی زۆری پێوە دیارە کە ڕەنگە بەشی هەرە زۆری هونەرمەندانی ئەم نەوەیەی هونەری کوردی لێی بێ ئاگابن، ئەو لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدە کارکردنی هونەریی لە زۆر بواری هونەرییدا کاریکردووە لە هەموو ئەو بوارانەشدا بە بەراورد بەو قۆناغەی ریتمی هونەریی (عومەر عەلی ئەمین) یەکێکە لە پێشەنگەکانی هونەریی ئەم وڵاتە، بەڵام بە داخەوە نێوەندەکەی ئێمە ئەم هونەرمەندە و زۆری تریش، بێ منەتانە بەرێدەکات، لە مردنەکەیدا ئەو تیپ و گروپە شانۆییانەی کە لافیتەی ڕەشیان بۆ هەڵدەواسی و برووسکەی لاوازییان بۆ پرسەکەی لێدەدا، لە ژیانی ئەودا ئامادەنەبوون گوڵێک بکەن بە یەخەیەوە، ڕەنگە (بنکەی ئەدەبی و هونەریی گەلاوێژ) لە هەموو ئەو تیپە شانۆییانەی سلێمانی بە وەفاتر بوو بۆ ئەو شانۆکارە، کە پار ساڵ لە فێستیڤاڵی گەلاوێژدا ڕێزیان لەو نا..
پاش ئەو هەموو ساڵە لە کاری هونەریی ئەم هونەرمەندە، ئەرشیفێکی

بەرفراوانی لە نواندن و نووسین و دەرهێنانی لە دوای خۆی جێهێڵاوە، بە جۆرێک کەم شانۆکاری نەوەی ئێمە هەیە ئاگای لەو ئەرشیفە بێت..
لە بواری نواندندا بە دەر لەو کارە شانۆییانەی کە ئۆپەرێت و کاری منداڵان بوون، تەنها لە کاری شانۆیی لە ساڵی 1970 تا ساڵی 1986 وەک ئەکتەر بە شداری چەندین نمایشی شانۆیی کردووە، کە هەریەک لەو شانۆییانە لە مێژووی شانۆی کوردیدا پێگەی تایبەتییان هەیە، گرنگترینی ئەو کارانەش (گۆڕهەڵکەن- 1970) (بازرگانی ڤینسیا-1972) (پژمین-1973) (پەیکەر -1974) (کوپە -1978) (پردی ئارتا -1978) (بەرەو خۆر-1986) ئەمە جگە لە نووسینی زیاتر لە 30 درامای تەلەفزیۆنی و 60 بەرهەمی رادیۆیی کە زۆربەیان خۆی کاری نواندن و دەرهێنانی بۆ کردوون.لە بواری شانۆگەری و ئۆپەرێتی منداڵانیشدا بەرهەمێکی زۆری هەیە، چ وەک نووسین چ وەک دەرهێنان و نواندن، لەوانە... (بازنی زێڕ-1973) (مامۆستا شێر-1973) (ئەنۆفێلس-1976) (بێ خەمی ناوی بەرمیل-1973) (دارقەیسی-1976) (بوکە بە بارانێ) (کانییەکە سەمای نەکرد) (بولبولە گۆرانیبێژەکە)....هتد
خاوەنی بیرۆکەی دەرکردنی یەکەمین گۆڤاری هونەریی کوردییە، بەناوی (تیشکی هونەر) کە دواتر لەگەڵ (ئەحمەد دەنگ گەورە و فەتاح کاوە) چەند ژمارەیەکیان لێدەرکردووە.
ئەمە جگە لە بواری شێوەکاری و وێنەکێشاندا بەشداری چەندین پێشانگەی تایبەتی کردووە، هەرچەندە ئەو لای ئێمە وەک شێوەکار نە ناسراوە، بەڵام بەردەوام ئاگای لە جموجۆڵ و مێژووی شێوەکاری کوردی بووەو چەندین وتار و بابەتی لەو بوارەدا نووسیوە، ئەمە جگە لە وێنەکێشانی بەردەوام و بەشداریکردن لە چەندین پێشانگی شێوەکاریدا.
دیارترین خاڵی ژیانی ئەم هونەرمەندە بەردەوام حەزی بە گوێگرتن و کەم قسەکردن بوو، پێچەوانەی بەشێکی زۆری نەوەی خۆی لە کاری هونەرییدا، ئەو زۆر رێزی لە ئەزموونی هونەرمەندە لاوەکان دەگرت و بەردەوام لە نمایش و بەرهەمەکانیاندا ئامادە بوو، بۆ بەشێکیان قسە وسەرنجی تایبەتی خۆی هەبوو، بە تایبەتیش قسە لەسەر (بوون و نەبوونی دەقی شانۆی کوردی، فۆلکلۆر لە دەقی کوردیدا، ئەزموونگەری لە شانۆی کوردیدا) چەندین بابەت و تەوەری تر، تا دوا رۆژەکانی تەمەنی بەشداری نمایشەکان و کۆڕی رەخنەیی و فێستیڤاڵە شانۆییەکانی دەکرد، بە پێی ئەو هەموو ئەزموون و توانا هونەرییەی لە بواری نواندن و دەرهێنان و نووسیندا هتەیبوو، بەڵام ئەو بە بێدەنگی ژیا و بە بێدەنگی کاری هونەریی دەکرد و بە بێدەنگی مرد!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئەکتەر |
| جۆری کەس: | شانۆکار |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سنە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1145

## عومەر فارس عەزیز - مام هۆمەر

http://www.kurdipedia.org/?q=200911031435182304



ڕۆژنامەوان و بەرپرسی ماڵپەڕی کوردستان نێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ڕۆژنامەنووس

جۆری کەس: ئەکتەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1146

## عومەر گوندی

http://www.kurdipedia.org/?q=201003011351443782



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1147

## عومەر یوسفی 2

http://www.kurdipedia.org/?q=2011103121122762673

خۆشنووس

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: خۆشنووس

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1148

## عیرفان وەستا محەمەد (حەمە دەمبڵ)

http://www.kurdipedia.org/?q=20091209120433292 9



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: 🎭ئەکتەر
ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1149

## عیرفانی وەستا محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20120708130423718 73

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: 🎭ئەکتەر
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1150

## عیزەتی خۆشنووس

http://www.kurdipedia.org/?q=20111201170118630 63

ساڵی 1941 لە سلێمانی لە دایک بووە، پەروەردەکارێکی دێرین و مامۆستا و هونەرمەندێکی خۆشنووسی ڕوحسوکی شاری سلێمانیی بووە، ساڵانێکی دوورودرێژ لە قوتابخانە

سەرەتاییەکانی سلێمانی دا و خزمەتی پەروەردە و خوێندنی کردووە، رۆژی 27-11-2011 لە رێگەی کۆیە و هەولێر لەگەڵ هاوسەرەکەی خاتوو (شیرین حسێن بەرزنجی و بژار خانی کچی)، تووشی کارەساتی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل بوون، بەداخەوە بۆ رۆژی دوایی مامۆستا عیزەت کۆچی دوایی کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | خۆشنووس |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1151

## عیسا بەرواری

http://www.kurdipedia.org/?q=201003092201323858




عیسا حوسێن یونس ناسراو بە(عیسا بەرواری) لەساڵی 1933 لەگەڕەکی جوولەکانی شاری موسڵ لەدایکبووە. لەتەمەنی 10 ساڵییەوە لەگەڵ مامیدا بەشداریی شەوچەرەی کۆڕو دیوەخانەکانی کردووە. هەر لەڕێگەی مامیەوە، سەعیدێ حەمۆ (سەعید ئاغای جزیری)و (مریەم خان)ی ناسیووە. لە(ساڵی 1950)دا یەکەم گۆرانی خۆی (مەدینەیێ) لەئێزگەی رادیۆی بەغدا بەناوی(عەبدولقادر بەرواری)یەوە کە ناوێکی خوازراوبووە بڵاوکردۆتەوە .
عیسا بەرواری لەساڵی 1952دا وەک کارمەندێک لە(بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری موسڵ) دامەزراوە. لەحەفتاکاندا بەتەواوی خۆی بۆ کاری هونەریی تەرخان کردووەو هەر لەوکاتەشدا وەک بەرپرسی بەشی موزیکی کوردی لەئێزگەی کوردی بەغدا دەست بەکاربووە، لەمەوە پەیوەندیی تەواوی لەگەڵ هونەرمەندانی ئەو سەردەمەی ئێزگەی بەغدا پەیداکردووە. هەر لەحەفتاکاندا بەشداریی لەچەند فیستیڤاڵێکی دەرەوەی عیراقدا کردووە .
عیسا بەرواری زۆرتر گۆرانی فۆلکلۆرییو لاوکی قارەمانی وتووە، هەتا ساڵی 1990 لەئێزگەی کوردی بەغدا کاری کردووەو کۆمەڵێک بەرهەمی خۆی لەوێ تۆمارکردووە. لەدوای ساڵی 2000وە، وازی لەگۆرانی وتن هێناوە، کە زیاتر لە300 بەرهەمی پێشکەش بەجیهانی هونەری کوردی کردووەو لە2002/7/19دا، لەموسڵ کۆچی دوایی کردووە.
سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |

شارەکان: موسڵ

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1152

## عیسام حەجی تاهر

http://www.kurdipedia.org/?q=2011091923050762002



دیزاینەرێ کوردێ باشور، تا نوکە د بوارێ دیزاینێ دا د رۆژنامە و گوڤارێن کورد دا کار کریە، نوکە ژی دیزاینەرێ رۆژناما وار و گوڤارا هیزلە، عیسام حەجی تاهر ل روژا 1969/2/5 ژ دایک بوویە، ل دهوکێ خواندیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شار

جۆری کەس: دەرهێنەر

جۆری کەس: راگەیاندکار

رەگەزی کەس: پیاوان

شارەکان: دهۆک

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1153

## عیماد

http://www.kurdipedia.org/?q=200911030913002235



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1154

**عەباس ژاژڵەیی**

http://www.kurdipedia.org/?q=201001131610343259



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ئەکتەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1155

**عەباس سەڵاح داودە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2010102409482610213

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1156

**عەباس لەشکری - ڕەشۆ**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013123117432386992



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎭ئەکتەر |
| ڕەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1157

## عەباس محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010521550722049



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | 🔥کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1158

## عەباسی محەی هەمزاغا

http://www.kurdipedia.org/?q=2012113015381474061

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ✍گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1159

## عەباسی کەمەندی

http://www.kurdipedia.org/?q=20081110124835205



لەساڵی 1952 لەجورئاوا لەشاری سنەی ڕۆژهەڵات لەدایکبووە.
هونەرمەند کەمەندی جیا لەهونەری مۆسیقا شارەزایی زۆری لەبواری نەقاشی، تەئاتر و سینەما و ئەدەبیاتی کوردیدا هەیە و ماوەی 35 ساڵ لە رادیۆ دەنگی شاری سنە پێوچان کاری کردووە.
لەتەمەنی 23 ساڵ ژیانی هاوبەش دەستپێدەکات و باوکی کوڕێک و دوو کیژە.
سەرەتایی هەفتاکانی سەدەی 20 لەگەڵ خاتوو شەهێن تاڵەبانی گۆرانیی بەناوبانگی سەربریيان تۆمارکرد.
ئاڵبۆمی گەلاوێژ، هەورامان و پرشەنگ لەسەر مۆسیقای کورد شوێنەواری خۆیان داناوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| جۆری کەس: | سینەماکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سنە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1160

## عەبدول حەمە جوان - عەبدولی حەمەجوان

http://www.kurdipedia.org/?q=201001070952373138



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هونەرمەند |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1161

## عەبدولخالق جەلالەدین مەحمود

http://www.kurdipedia.org/?q=20110506105557325



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1162

## عەبدولرەحمان میرانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20091207110525289

ساڵی 1977 لە شاری پاوە سەر لە دایکبووە. بەکالەریۆسی زانستی قورئانی لە زانکۆی تاران وەرگرتووە و تەکنیسیێنی کۆمپیووتەری هەیە و خولی دەرهێنەری سینەمای لە ئەنجومەنی سینەمای لاوانی ئێران نووسینگەی تاران تەواو کردووە.

کورتە فیلمی "مافوورەی دار" لە گوندێگی کوردی لە لایەن عەبدولرەحمان میرانی وێنە گیراوە، ئەم فیلمە چیرۆکی دانیشتوانی گوندێک دەگێڕێتەوە کە دارەکانی پردی گوندەکەیان لە بەر هاتنی سێڵاو خراپ بووە و خەڵکانی ئاوایی پەیوەندیان لەگەڵ دەرەوە نەماوە. هەندێک لە خەڵکی ئاوایی بە سەختی لە شوێنی دوور داری بۆ دێنن و سەر لە نوێ ئەم پردە نۆژەن دەکەنەوە.

ئەم فیلمە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی خەڵکی گوندێک لە کوردستان بۆ بینەر دەگێڕێتەوە کە بە شێوەیەکی شاعیرانە و هونەری و فەنی دەیانەوێت پردی گوندەکەیان نۆژەن بکەنەوە.

کورتە فیلمی دیکۆمێنتی "مافوورەی دار" پێشتر لە فیستیڤاڵی جۆراوجۆری نێونەتەوەییدا نمایش کراوە و چەندین خەڵاتی گرینگیشی بەدەستهێناوە، لەوانە:

ـ تابلۆی فەخری و میدالیای نوقرەی یونیکا لە 69مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی کۆمەڵەی دەرهێنەرە ئاماتۆرەکانی سینەمای دنیا، ساڵی 2007.

ـ نیشانی ورچی نوقرەیی لە 36مین خولی فیستیڤاڵی فیلمی نەتەوەکان لە شاری ئۆبنزە لە وڵاتی نەمسا، ساڵی 2008.

ـ خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی کامزیک لە وڵاتی ئیسلۆڤاکیا، ساڵی 2008 .

ـ خەڵاتی دووەمی بەشی کێبڕکێی نێونەتەوەیی 25مین خولی فیستیڤاڵی کورتە فیلمی "هامبوورگ"، ساڵی 2009.

ـ خەڵاتی تایبەتی بەشی کێبڕکێی 57مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی "ترێنتۆ " Trentoلە وڵاتی ئیتالیا، ساڵی 2009.

ـ خەڵاتی یەکەمی بەشی کێبڕکێی نێودەوڵەتی چوارەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "کۆرتۆ پۆتێرۆ" لە وڵاتی ئیتالیا، ساڵی 2009.

ئەم فیلمە هەروەها لە چەندین فیستیڤاڵی کورتە فیلمی ناوخۆی وڵاتی ئێرانیش خەڵاتی بەدەستهێناوە، لەوانە:
ـ پلەی یەکەمی فیستیڤاڵی فیلمی "ئومێد" لە شاری شیراز.
ـ تابڵۆی فەخری لە زانکۆی تاران.
ـ پلەی سێیەم لە فیستیڤاڵی فیلمی دیکۆمێنتی "کیش ."
سەرچاوە: مەنسوور جیهانی - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | سینەماکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی هەورامی |
| شارەکان: | پاوە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1163

## عەبدولرەزاق عەبدوڵڵا محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=2015052110214385350



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هونەرمەند |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1164

## عەبدولستار شارباژێری

http://www.kurdipedia.org/?q=201008181710364756

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1165

## عەبدولعەزیز سابیر زەنگنە

http://www.kurdipedia.org/?q=20110804134912605545



ساڵی (1957) لەکەرکوک لەدایکبووە، لەساڵانی حەفتاکانەوە بەشداری لەچەندین شانۆیی کردوە وەکو (هەرچی کردی حەسیرکردی، گڵکۆی تازەی لەیل، گومەزێک لەدوکەڵ، کاوەی ئاسنگەر، مەرەزە) تاکو ساڵی (2009) وەکو ئەکتەرێک بەشداری لەنزیکەی(30)بەرهەمی شانۆیی کردووە، لەتەلەفزیۆنی کەرکوک وەک کارمەندێکی بەتوانا درێژەی بەکاری هونەری داوە.
بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لەئێوارەی رۆژی (2011/8/1) کۆچی دوایی کرد.
سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئەکتەر |
| جۆری کەس: | ڕاگەیاندکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1166

## عەبدولقادر حەسەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2011012009262632854



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1167

## عەبدولقادر مستەفا

http://www.kurdipedia.org/?q=20110120093034328552



ساڵی 1943 لە هەڵەبجە لەدایکبووە، ساڵی 1956 یەکەمین ڕۆڵگێرانی لە شانۆدا بەشداریکردنی بوو لە شانۆی "ئۆتێللۆ"ی دەرهێنەر ئەنوەر توفی.

بەدرێژایی 55 ساڵ کاری هونەری، بەشداری لە 120 کاری هونەری کردووە وەکو ئەکتەرو دەرهێنەر.

ڕۆژی 28-09-2014 کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئەکتەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | هەڵەبجە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1168

## عەبدولموتەلیب گەردی

http://www.kurdipedia.org/?q=20101103094419105555



1968له هەولێر. کوردستانی عێراق لەدایک بووە
ئەندامی کارای ریکخراوی هونەرمەندانی کوردستانی. عێراقە.
فەرمانبەرە لە وەزارەتی رۆشنبیری، بەریوبەرایەتی هونەری شێوەکاری (هەولێر.)
پێشانگا تایبەتی یەکان
1991یەکەم پێشانگای تایبەتی هەولێر گەلەری میدیا
1999دووەم پێشانگای تایبەتی هەولێر گەلەری میدیا
2001سێیەم پێشانگای تایبەتی هەولێر گەلەری میدیا
2001چوارەم پێشانگای تایبەتی دهۆک گەلەری شەهیدان
2004پێنجەم پێشانگای تایبەتی هەولێر گەلەری میدیا و سلێمانی
2004پێنجەم پێشانگای تایبەتی بەغدا.
2006شەشەم پێشانگای تایبەتی هەولێر گەلەری کوردستان
2010حەوتەم پێشانگای تایبەتی هەولێر. میدیا
پێشاگا هاوبەشی یەکان
1988رۆژی هونەری هەولێر
1989رۆژی هونەری هەولێر
1993پێشانگای میناتۆری هەولێر گەلەری میدیا
1994پێسانگای وەرزی بەهار هەولێر گەلەری سەردەم
1998یادی هەڵەبجە هەولێر گەلەری میدیا
1999. 2001بەشداری لە خولەکانی گەلەری کوردستان کردووە هەولێر.
2000پێشانگای (هونەر پردێکە بۆ ئاشتی) یونسکۆ گەلەری میدیا هەولێر.
2000ڤیستیڤاڵی جەزیری دهۆک.
1999. 2010بەشداری خولی گەلەری دهۆک بەردەوام بووە.
2000پێشانگای ئەرشیفی هونەرمەندانی کورد، هەولێر.
2007پێشانگای هاوبەش لە دیاربەکر لەگەڵ سۆران اسماعیل
سەرچاوە: ئاشتی گەرمیانی -ماڵپەری چرا تی ڤی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار
رەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1169

## عەبدولموتەڵیب ئەسعەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20100601115908434б

لەساڵی 1964 لەشاری هەولێر لەدایکبووە، جگە لەکردنەوەی حەوت پێشانگای تایبەت، لە 40 پێشانگای هاوبەشیشدا بەشداریکردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: هەولێر
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1170
## عەبدولمەجید ئیسماعیل ڕەسول
http://www.kurdipedia.org/?q=2014071713224877032



لەساڵی 1941 لە کۆیە لەدایکبووە و بە مام مەجید ناسراوە و یەکێکە لەشانۆکارە دێرینەکانی کۆیەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - 2014-07-17

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: شانۆکار
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: کۆیە
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1171
## عەبدولڕەحمان حەسەنی
http://www.kurdipedia.org/?q=2012111219244573688
فۆتۆگرافەر

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: فۆتۆگرافەر
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1172

## عەبدولڕەحمان محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20121128123025739955

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎭ئەکتەر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1173

## عەبدولڕەزا کاکایی

http://www.kurdipedia.org/?q=20111213110814632533

فۆتۆگرافەر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 📷فۆتۆگرافەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| شارەکان: | کرماشان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1174

## عەبدوڵڵا ڕەزایی

http://www.kurdipedia.org/?q=20090222012455137 4

ساڵی 1984 لە شاری سەقز لەدایک بووە. مامۆستای شانۆگەری بووکەڵیە لە شاری سەقز.
ساڵی 1996 دەستی بە کاری شانۆیی کردووە و لە 20 شانۆگەریدا وەکوو ئەکتەر ڕۆڵی بینیوە،
لەوانە: بەشداری لە شانۆگەری سەرشەقامی "معرکە یک پاڵەوان" واتە "مەعرەکەی پاڵەوانێک"
لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فەجر ل شاری تاران، شانۆگەری سەرشەقامی "انفلانزای انسانی"
واتە "ئانفولانزای باڵندە"، "زخم هزار اواز" واتە "زامی هەزار گۆرانی"، "تلایەدران راز عروسک"، 3 ب
3 تلاق" واتە "سێ بە سێ تەڵاق" و هەروەها شانۆگەرییە بووکەڵەکانی "روباە و کلاغ" واتە
"ڕێوی و قەلە ڕەشە"، "خروس زری، پیرهن زری" واتە "کەڵە شێری زێرین، کراس زێرین"،
"خروسک پریشان" واتە "کەڵەشێری پەرێشان" و....
جێی وەبیرهێنانەوەیە شانۆکاری کورد عەبدوڵڵا ڕەزایی (هاورێی ڕەزایی) ساڵی 2008 بە

شانۆگەری "انفلانزای انسانی" واتە "ئانفولانزای باڵندە"، لە بەشی بەرهەمە هەڵبژێردراوەکانی شانۆی سەرشەقامی ئێران لە 26مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی فەجر بەشداری کردبوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 🎭شانۆکار
رەگەزی کەس: 👨پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سەقز
نەتەوە: کورد
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1175

## عەبدوڵڵا رەسول مەولود

http://www.kurdipedia.org/?q=20150730200908124967



هونەرمەندساڵی 1952 لەشاری هەولێر لەدایکبووە.
ساڵی 1975 - 1979 بەکالۆریۆسی تەواو کردووە بە پلەی یەکەم لە وێنە کیشان، لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا
ساڵی 1979 – 1980 مامۆستابوە لە قوتابخانەی ناوەندی شەقلاوە
ساڵی1980- 1986 دەستەی دامەزێنەری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی بوە، هەروەها مامۆستاو سەرۆکی لقی وێنەکێشان بووە
ساڵی1986 وڵاتی بە جێ هێشت و پاش تێپەربوون بە قۆناغی ئێران و سوریا لە ساڵی 1989 جێگیر بووە لە لەندەن بەریتانیا
ساڵانی 1989 - 2005 ژیاوە لە لە ندەن وەک پەناهەندە، کاری هونەری، (ئلستریێشن و مۆتیف)وانەی هونەریشی گۆتۆتەوە
ساڵی 1995 رەگەز نامەی بەریتانی وەرگرتووە و 1997 بروانامەی وانەیێژی بەدەست هێناوە لە
(City & Guilds London Institute)
ساڵی 1997 وانەی وتۆتەوە لە
(Cordwainers College of Art & Design)
ساڵی 2006 تاکو ئێستا مامۆستای وێنەکێشانە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر
هونەرمەند (عەبدوڵا رەسول) 1971- 2013 شەش پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە، لە زۆر پێشانگاکانیشدا بەشداری کردوە لە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 🎨شێوەکار
رەگەزی کەس: 👨پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: ♖هەولێر

شارەکان: قەڵادزێ
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1176

## عەبدوڵلا رەسوڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=200912032223372789



هونەرمەند لە ساڵی 1952 لە شاری هەولێر هاتۆتە دونیا و هەر لەتەمەنێکی زۆر بچوکیدا خولیای وێنەکێشان بووە و دوای تەواوکردنی قوتابخانەی دواناوەندی چۆتە پەیمانگای هونەرەجوانەکان لەشاری بەغدا. دوای چوارساڵ لەخوێندن بەپلەی یەکەم بەشی شێوەکاری تەواوکردووە. بۆ چەندساڵێک بۆتە مامۆستای پەروەردەی هونەری لەقوتابخانەی ناوەندی لە شاری شەقلاوە. بۆماوەی چەند ساڵێکیش مامۆستای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی شاری سلێمانی بووە. عەبدوڵلای هونەرمەند لە ئەزمونگەریە هونەریەکەیدا ژمارەیەک لە پێشنگای تایبەتی لەسەر ئاستی عێراق کردۆتەوە هەروەها بەشداری لەژمارەیەک لەپێشنگای هاوبەشیش کردوە هونەرمەند نمونەی بەشێکی زۆری هونەرمەندانی شێوەکارلەدوای ساڵانی هەشتاکان رویکردۆتە هەندەران و لە وڵاتی ئینگلتەرا لەشاری لەندەن نیشتەجێ بووە. بەڵام بەرلەسێ ساڵ لەمەوبەر هونەرمەند بەیەکجاری گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان خەریکی پەروەردەی هونەریە لەئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی شاری هەولێر.
سەرچاوە: شێرکۆ جەلال - ماڵپەڕی چرا تی ڤی

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: شێوەکار
رەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: هەولێر
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1177

## عەبدوڵلا هروری

http://www.kurdipedia.org/?q=20110120213509328 73

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎭شانۆکار |
| ڕەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1178

## عەبدوڵڵای ئیبرایم شەمزین

http://www.kurdipedia.org/?q=200911051213432467



ئاکتەری سەرەکیی شانۆگەریی دایکی نیشتمان بووە لە سەردەمی کۆماری کوردستان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎭ئەکتەر |
| ڕەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1179

## عەبدوڵڵای خەیات

http://www.kurdipedia.org/?q=2011080413541660547



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎭ئەکتەر |
| ڕەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1180

## عەتا ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20131227115351870055



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1181

## عەتا چاوشین

http://www.kurdipedia.org/?q=20120711001913690027



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1182

## عەتا قەرەداغی 2

http://www.kurdipedia.org/?q=20091110215356253 1

...





تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1183

## عەتا قەزاز

http://www.kurdipedia.org/?q=20101116143909107744



شێوەکارە، سالآنێکی زۆرە دانیشتووی ئیتالیایە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1184

## عەدنان جەمال

http://www.kurdipedia.org/?q=20111214093808632273

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1185

## عەدنان دڵبرین

http://www.kurdipedia.org/?q=20150117103116118866



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هونەرمەند |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1186

## عەدنان عوسمان عەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=201009082221289450



عەدنان عوسمان
ساڵ و شوێنی لەدایک بوون:1969 هەولێر – شارۆچکەی مەخموور
ئاستی خوێندن:بەکالۆریۆس لە دەرهێنانی سینەمایی.زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
چالاکیەکان لەڕووی نووسینەوە:تائێستاکە لەزۆر بەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بابەتی س
وەک
(برایەتی،خەبات،دجلە،ئاسۆ،گوڵان،رامان،کاروان،میدیا،جەماوەر،هونەر،هونەرستان،میدیا،
کوردستان) و زۆری دیکەش .
سێ کتێبی سینەمایی بەم ناونیشانانەن ئامادەیە بۆ چاپکردن(دەستەواژەکانی سینەما،ل
سینەمایی،بنەماکانی زمانی سینەما.(
دوو کتێبی چاپکراوی هەیە بە ناوی(چیرۆکی سینەما2011) و (سیناریۆکانم2012(
چالاکییەکان لەروی هونەریەوە:تا ئێستاکە 12 کورتە فیلمم دەرهێناوە و بەشداری زۆربەی
فێستڤاڵێکی دیکەی دەرەوەی کوردستانیانم کردووە.
لەگەڵ زۆربەی دەرهێنەرە کوردەکان کاری فیلم سازی کردووە و زیاتر لە 60 فیلم و زنجیرە
مۆنتاژی چەند فیلمێکی کردوە،وەک ئەکتەریش لە چەند فیلمێک بەشداریی کردوە.
سازدانی چەندین وورک شۆپ و خولی فێرکردنی وێنەگرتن و سیناریۆ و دەرهێنان.
ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پرۆگرامی بەرەو سینەما بۆ ماوەی سێ ساڵ لە رادیۆ کورد
سەرنووسەری رۆژنامەی سینەما کوردیکا وەک مێژو بە یەکەم رۆژنامەی سینەمایی کورد
ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان
زیاتر لە 10 ساڵ کارکردن لە تەلەڤزیۆنە کوردییە ناوخۆیی و ئاسمانییەکان
دوو ساڵ وانەبێژ بوو لە بەشی سینەمای کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەددی
دەرهێنان و وێنەگرتنی کورتە فیلمی کوپەڵە بە سیستەمی 35 ملمی سینەمایی
وێنەگرتنی فیلمی دیکۆمێنتی (پانۆراما)بە سیستەمی 35 ملمی سینەمایی

له ناوەڕاستی ساڵی 2011 یەکەم فیلمی درێژی سینەمایی دەرهێناوە بەناوی(سێگۆشە
خەڵاتەکان
1-خەڵاتی باشترین فیلمی تایبەت لە فیستڤاڵی ئاڵای زێرین لە هەولێر 2005 فیلمی ئاوا
وەزارەتی ناوخۆ دابین کرابوو.
2-پروانامەی رێز لێنان لە فیستڤاڵی کوردی لە لەندەن فیلمی ئاواز بۆ ئایندە
3-خەڵاتی رێزلێنان لە فیستڤاڵی کوردی لە رۆما فیلمی ئەنتینا
4-بەشداری کردن لە لەبە شی پێشبڕکێی سەرەکی لە فیستفاڵی دیتمۆلد لە ئەڵمانیا ب
5-خەڵاتی باشترین دەرهێنان لە فیستڤاڵی ئیمپیریا لە ئیتاڵیا بە فیلمی ئەنتینا
6-بەشداری لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکی لە فیستفالی ئەرەب کامیرا فیستفال لە رۆت
مەرگ
7-بەشداری بەشی پێشبڕکێی جیهانی لە 35 خولی فیستڤالی قاهیرەی نێو دەوڵەتی ب
8-پروانامەی رێزلێنا لە فیستڤاڵی سوس ی نێو دەوڵەتی لە مەغریب بۆ فیلمی ئەنتینا
9-خەڵاتی باشترین دەرهێنان لە فیستڤاڵی بابل لە عێراق لە فیلمی ئەنتینا
10-خەڵاتی رێزلێنان لەلایەن سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لە فیلمی ئەنتینا
11-بەشداری کردن لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکی لە یەکەم خولی فیستڤاڵی دهۆک ب
12-خەڵاتی تایبەتی لێژنەی دادوەران لە فیستڤاڵی بەغداد ی نێو دەوڵەتی بە فیلمی س
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (عەدنان عوسمان) سەبارەت بە (عەدنا
2013-12 22:00:55

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: سینەماکار
جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: مەخموور
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1187
## عەدنان عەبدولقادر
http://www.kurdipedia.org/?q=2013120612060187396
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: فۆتۆگرافەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1188

## عەدنان وەهاب

http://www.kurdipedia.org/?q=20101004213411978 5



شێوەکار

سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1189

## عەدنان کاکەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20101004213948978 6



خۆشنووس

سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | خۆشنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1190

## عەدنان کەرکوکی

http://www.kurdipedia.org/?q=20101106094650105 80



ناوم عەدنان حوسێن فەتاحە ناسراو بە عەدنان کەرکوکی لە 1958/12/10 لە گەڕەکی عەرەفەی شاری کەرکوک لە پێش سینەما ئەتڵەسی کۆن لە دایک بووم و لە ساڵی 1965 کەتەمەنم 7 ساڵان بوو گەڕەکەکەمان لەلایەن حکومەتی عیراقەوە رووخێنرا کە 80%ی دانیشتوانەکەی کوردبوون، ئەوەبوو چووینە گەڕەکی رەحیماوا لەوێ نیشتەجێ بووین.
سەرچاوە: ماڵپەڕی پوک میدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | فۆتۆگرافەر |
| جۆری کەس: | سینەماکار |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1191

## عەدنان کەریم

http://www.kurdipedia.org/?q=20081110094610187



لەساڵی 1963 لەشاری کەرکوک لەدایک بووە، و لەبنچینەدا خەڵکی دێی ژاژڵەی سەر بەناوچەی شارباژێرە .
لەشاری سلێمانی ژیانی منداڵی و سەرەتای ژیانی هونەری گەشەی سەندووە. ساڵی 1985 بەشی نیگارکێشانی لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی شاری سلێمانی تەواو کردوە.لەساڵی 1991 دا کوردستانی بەجێهێشتووەو ئێستا لەسوید لەگەڵ مەهاباد خانی هاوسەری و سێ منداڵەکەی لەشاری ئوپسالا دەژین سەرەتای کاری هونەری دەگەڕێتەوەبۆ ساڵی 1979 لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی بەگۆرانی دەسماڵێ. پاشان لەساڵی 1980 دا گۆرانی کازیوەی لەگەڵ تیپی موسیقای سلێمانی تۆمار کرد بۆ شانۆگەری زەلکاو کەبەرهەمێکی شانۆیی تیپی شانۆی پێشڕەوی کوردی بوو لەسلێمانی. ئەم گورانییەکەلەئامادەکردنی هونەرمەند دلێر ئیبراهیم و ئاوازی ئارام خەچەدوریان بوو، سەرەتایەکی باش بوو بۆ ناسینەوەی دەنگی خۆی و تایبەتمەندێتی هەڵبژاردنی رەوتی هونەری یساڵی 1983 گۆرانی شەوی تاریک و بێدەنگی تومارەدەکات لەئامادەکردنی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی. ی لەهەمان ساڵدا پەیوەندی دەکات بەتیپی مۆسیقای نەورۆزەوەکەسەر بەتیپی مۆسیقای سلێمانی بوو و مامۆستا عوسمان محەمەد سەرپەرشتی دەکرد. یساڵی 1984 بەهاوکاری تیپی موسیقای پیرەمێرد ی سەر بەتیپی موسیقای سلێمانی کەمامۆستا سەلاح رەووف سەرپەرشتی دەکرد، ئەم گۆرانیانەتۆمار دەکات گۆرانی ژاڵە، گوڵاڵە، ئازیزەکەم کەهەر سێ ئاوازی هونەرمەند سەلاح رەووف و هۆنراوەی حەسیب قەرەداغی شاعیر بوون. گۆرانی پەروانەلەئاوازی مامۆستا

سەڵاح ڕەووف و هۆنراوەی هونەرمەند ئەحمەد سالار. گۆرانی ئەی هاوسەرەئازیزەکەم لەئاوازی هونەرمەند غەمگین فەرەج وهۆنراوەی بەرزان هەستیاری شاعیر. پاشان لەگەڵ تیپی موسیقای پەیمانگای هونەرەجوانەکان....... گۆرانی شەوێ ئەی شەماڵ... ئاوازی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی و هۆنراوەی سەیدی هەورامی شاعیر... گۆرانی بۆ دڵ ئاوازی هونەرمەند عەدنان کەریم خۆی و هۆنراوەی بێخود ی شاعیر لەگەڵ تیپی نەورۆزدا... لەساڵی 1989 دا لەگەڵ هەندێ هونەرمەندی تردا تیپی مۆسیقای کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان دادەمزرێنن. لەساڵی 1991 دا لەکۆڕەوەگەورەکەی کورددا بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتەڕێ و لەشاری مەهاباد بۆ ماوەیەک جێگیر بوو. لەو ماوەیەدا چەندین کاری هونەری لەگەڵ هونەرمەندانی موسیقی ناوچەی موکریاندا ئەنجام دا وەک عود ژەن و چەندین بەرهەمی هونەری یان بۆ هونەرمەندانی وەک ماموستای بەرزی کورد محەمەدی ماملێ، محەمەد دانش، ئەحمەد ئیسلامی، ئیسماعیل شاهی و هەندێک هونەرمەندی تر. لەساڵی 1992 دەگاتەووڵاتی سوید و درێژەدەدا بەکاری هونەری و یەکەم بەرهەمی لەدەرەوەی کوردستان کاسێتی بیرتان دەکەم بوو کەلەشاری لیل ی فەرەنسی تۆمار کرا وحەوت گورانی لەخۆ گرتبوو، لەوانەچوار گۆرانیان ئاوازی هونەرمەند رزگار ئیسماعیل و گۆرانی یەکانی هەڵەبجە، کۆچ، ئازادی لەئاوازی هونەرمەند عەدنان کەریم خۆی بوو. لەساڵی 1994-1995 لەسوید دەچێتەبەر خوێندن و بۆ ماوەی ساڵێک کۆرسی تەکنیکی تۆمارکردنی دەنگ و موسیقا تەواو دەکات و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی بەرهەمەهونەریەکانی بەدەستی خۆی تۆماربکات. ساڵی 1995 بەرهەمی راز لەسەر کاسێت دەردەکات. ساڵی 1996 یەکەم بەرهەمی خۆی لەسەر سی دی بەناوی شەوی یەڵدا دەردەکات کەمۆسیقای ئەم بەرهەمەلەسلێمانی لەلایەن تیپی موسیقای کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی ئامادەکراو پاشان لەسوید هونەرمەند عەدنان کەریم دەنگی خۆی لەسەر تۆمار دەکات. لەساڵی 1999 دا سی دی ئەڕۆی ئۆغر دێنێتەبەرهەم و هونەرمەندی بەتوانا غەمگین فەرەج ئەرکی دابەشکردنی دەگرێتەئەستۆ. تازەترین بەرهەمی هونەرمەند عەدنان کەریم سی دی ی شـــــنەی بـا یەکەبۆ نەورۆزی 2002 بڵاوکرایەوە.... ئەم بەرهەمە11 گۆرانی لەخۆگرتووەو هونەرمەندانی بەتوانای وەک گوران کامیل و فەرهاد محەمەد و غەمگین فەرەج دابەشکردنی موسیقایان بۆ کردوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1192

**عەزیز پیرداود محەمەدەمین**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150731172113124977



لەساڵی 1961 لە ساری هەولێر لەدایکبووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 🎨شێوەکار

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1193

## عەزیز سەلیم

http://www.kurdipedia.org/?q=201010042114069779



کوری سەلیم بەگی کەلارە لەگوندی مێرزی لەنێوان پشدەرو بنگرد لەساڵی 1915 لەدایک بووە،لە 6 ساڵی یەوە لە کەلار بەخەل!وز لەسەر دیواری ماڵ و مزگەوتەکاندا رەسمی کردوە،باوکی ماموستا عەلی فاتح الکاڤمی بۆ گرتوە تا فێری رەسمی بکات. یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی لە ساڵی 1932 دا لەقەبرستانی شێخ جەعفەر لە سلێمانی گرتۆتەوە کە 12 تابلۆی لەخۆ گرتوە بەقەد کێلەکانەوە هەڵسپاردبوو،خەڵک تابلۆکانیان دراندبوو خۆشیان بەرد باران کردبوو مەلاکانیش وتبویان(ئەمە شەیتانە و پەیدا بووە)،تابلۆیەکی وێنەی شەوکەت زەنگنەی دانسازی کێشاوە لە حاڵەتی دانکێشانی دایکی دا،

لەساڵی 1934 دا دووەم پێشانگای لە قوتابخانە ی گەلاوێژ لە سلێمانی کردۆتەوە دیسان خەڵک نەیانهێشتوە بەردەوام بێت

هەر لەو ساڵەدا سێیەم پێشانگاشی لە شاری کەرکوک لە گەڕەکی شۆریجە لە چایخانەی یداالله کردۆتەوە،پێشانگاکەی بریتی بووە لە 6 تابلۆ،هەندێ لە تابلۆکانی فرۆشتوە بە فەرمانبەرانی شەریکەی نەوتی کەرکوک بە (4و6و10) دینار،هەر لەوێ ئیبرایم خەلیلی کوردی خەڵکی دوزخورماتوو ئەناسێ کە نیگار کێشێک بووە عەزیز سەلیمی هانداوە بۆ رەسم کردن.

لە ساڵی 1936 دا حوسێن حوسینی موکریانی ئەناسێت ئەویش بە دانیال قەسابی ماموستای قوتابخانەی ئین خەلەکانی لە هەولێر دەناسێنێت،لە هەمان ساڵدا بە هاندان و پشتگیری موکریانی لەگەڵ دانیال قەساب دا پێشانگایەکی هاوبەش دەکەنەوە،عەزیز سەلیم بە 12 تابلۆ و دوو نەحت لەشدار دەبێت،پێشانگاکە 4ڕۆژی خایاندووە،عەزیز سەلیم لەو تابلۆیانەدا تراژیدیای ژیانی جوتیارانی پیشان دابوو،یەکێک لەو تابلۆیانە ئاغایەک تیایدا بە قامچی لە پیشتی جوتیاران دەدات هەر لەو ماوەیەشدا باوکی ئیعدام کرابوو،بۆیە حوسێن حوسنی موکریانی دەیباتە لای مەلای گەورەی کۆیە و لەوێ لە ماڵی مەلا ێدیق دەیشارنەو ە پاشان رادەکات بەرەو پشدەر و لەوێشەوە دەچێتە لای جافەکانی ئێران.

لە ساڵی 1937-1939 لە سلێمانی بە نهێنی ژیان بەسەر دەبات و لەگەڵ شاکیر فەتاح و هەمزە عەبدوڵڵا و عەزیز پشتیوان و رەفیق حیلمی لە حیزبی هیوا کار دەکات،هەر لەو ماوەیەدا تابلۆیەکی بەنرخی دروست کرد بە ناوی تابلۆی شەڕی بازیان

لە ساڵی 1943 دا پێشانگایەکی هاوبەشی کردۆتەوە لە مەهاباد لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستانی ئێران،لەوانە وەلی زادە(کرماشان)،خەلیل زادە(مەهاباد) مەحمود مەحدور(مامۆستایەکی خەڵکی سنە بووە(
لە ساڵی 1944 دا پێشانگایەکی تری بۆ10-12 هونەرمەندی تری کوردستانی ئێران کردۆتەوە لە شاری باکۆوخۆشی بەشدار بووە، لە ساڵی 1946 دا لەکۆماری مەهاباد دا لە وەزارەتی ئیلاقاتی خاریجی و فەرهەنگ کاری کردوە،لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد و عەبدولرەحمان زەبیحی دا بروایان بە ژیانی رەسم و هەنەری داوە.
لە ساڵی 1949 دا لە تورکیاوە بەرەو ئەوروپا سەر هەڵدەگرێت و 6 مانگ لە پاریس دەمێنێتەوەو (لەوێ بیکاسۆ دەناسێت) هەر بە ئەوروپا قوتابخانە تازەکانی وەک (کوبیزم و سوریالیزم)ئاشنا ئەبێت. لە زستانی 1949 دا لە ئوتێلێکی پاریس بە 36 تابلۆ پێشانگایەک دەکاتەوەو 10 رۆژ بەردەوام دەبێت،(مسیۆ رێنی) کە وەزیری دارایی ئەوکاتەی فەرەنسا بوو تابلۆیەکی لێدەکرێت بە ناونیشانی(مردووەکان قسە دەکەن)، تا ساڵی 1956 لە ئەوروپا بووە.پێشانگای لە
فەرەنسا،ئیتالیا،چیکۆسلۆڤاکیا،یۆگۆسلافیا، لەندەن و ڤیەنا کردۆتەوە،تابلۆکانیشی بە ئیمزای (کوردیش ئارت) دەناسرێتەوە
لە ساڵی 1969 دا تابلۆی حەپسەخانی نەقیبی کێشاوە کە لە مۆزەخانەی بەغدا پارێزراوە.
لە 19-5-1972 دا نزار سەلیم پێشانگایەکی ئەوی لە بەغدا کردۆتەوە پێشانگایەکی تایبەتی لە مانگی 8 -1991 جا لە سلێمانی لە هۆڵی کۆمیتەی بەرە کردۆتەوە کە 137 تابلۆی لە خۆ گرتوە،
ئیسماعیل فەتاح الترک لە دەفتەری یەکێک لە پێشانگاکانی دا نوسیویەتی تۆ بەراستی (ئیبتیکارت کردوەو شتی تازەت داهێناوە)وە (30) تابلۆشی لێکڕیوە.کۆمەڵێک لە هونەرمەندە عێراقیەکانیش تابلۆیان لێکریوە.
تابلۆی(شمشێر بازیی ژنان)ی لە مۆزەخانەی لۆڤەر لە فەرەنسا پارێزراوە،تابلۆیەکیشی لە مۆزەخانەی ئەمستەردام لە هۆڵەندا پارێزراوە،هەندێک تابلۆی تریشی لە واشنتۆن و ریۆدۆ ژانیرۆ و تفلیس و یەریڤان و کوێت و عەدەن و لوبنان و میسر و تونس و جەزائیر پارێزراوە.
سەرچاوە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | رانیە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1194

**عەزیز ناسوتی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150527113841121213



لەساڵی 1981 لە شاری مەهاباد لە داکیبووە.
سەرچاوە: فۆکس فۆتۆ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: فۆتۆگرافەر
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: مەهاباد
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1195

## عەزیز وەیسی

http://www.kurdipedia.org/?q=200903091331071623



ساڵی 1968 لە سەلاسی باوەجانی سەر بە پارێزگای کرماشان لە ئێران لەدایکبووە. ئێستا دانیشتووی جوانڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.
گۆرانیبێژێکی میلییە و خاوەنی چەندین بەرهەمە.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: کرماشان
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1196

## عەزیز کدرو

http://www.kurdipedia.org/?q=20150503172815121031



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی

شارەکان: ئەفرین

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1197

## عەزیز کەریم فەرەج - عەزیز مەلەکە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140729221728771 75



خاوەنی گۆرانیی بەناوبانگی ئەی مەلەکە. ئەم گۆرانییە لە سەرەتای هەشتاکاندا لە تەلەڤزیۆنی کەرکوک تۆمارکرا. نێوبراو پیشەی مامۆستایە و لە دەربەندیخان دادەنیشێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: دەربەندیخان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1198

## عەزیزی شارۆخ

http://www.kurdipedia.org/?q=200902271600011460



لە ساڵی (1942) لە شاری مەهاباد لە دایک بووە، لە بنەماڵیەکی هونەری پەروەردە بووە هەروەک دەڵێن باوک و براییەکی گۆرانی و قەتارە رەسەنەکانی کوردیان دەگوتۆەوە، شارۆخی بۆ یەکەم جار لە رادیۆی مەهاباد گۆرانی تۆمار کردووە، تا ئێستاکە چەندین بەرهەمی گۆرانی بە شێوەی کاسێت و سیدی بڵاو کردۆتەوە، دواپین بەرهەمی خۆی بەناوی "سکاڵا" لە رێگەی کۆمپانیای چوار چرا لەساڵی 2006 بڵاوکراویەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| جۆری کەس: | پێشمەرگەی دێرین |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | مەهاباد |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1199

## عەلادین بابا شەهابی

http://www.kurdipedia.org/?q=201001032341073074



ساڵی 1939 لەگەڕەکی (چوارباخی سنە) لەدایکبووەو هەر لە تەمەنی منداڵیدا خولیای هونەری گۆرانی بووەو گۆرانی وتووەو سەرەتای دەستپێکی ساڵی(1956) بەسروودی (ئەی وەتەن) لەڕادیۆی سنەوە دەستپێکردووە، دواتر ساڵی(1967)دا دەچێتە تاران و لەئۆرکستراکانی کوردی (باربار -نەکیسا- فەرهەنگی هونەری) درێژە بەکاری هونەری دەدات. لەماوەی سەفەری هونەریدا 60 گۆرانی وتووەو تۆمار کردووە. هەروەها ئەم هونەرمەندە بەشداری چەندین ئاهەنگ و کۆنسێرتی کردووە لەئێران و ئەوروپا.
ناودارترین گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندە بریتین لە:(جێ ژوانی جاران، سرووەی ئاوات، جلوەی دیدار، ئاوێنەی دولبەری، نم نم بارانە، گوڵ بانە، مەگری، وەی لەن ).
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - 2014-07-15

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سنە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1200

## عەلی ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20150415025234120897



زیاتر لە 80 کاری هونەری هەیە.
شانۆگەری مارەیی یەکەم کاری هونەری عەلی ئەحمەد بووە لە ساڵی 1970

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هونەرمەند |
| جۆری کەس: | 🎭شانۆکار |
| ڕەگەزی کەس: | 👨‍💼پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | ♖هەولێر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1201

## عەلی توانا

http://www.kurdipedia.org/?q=201003112119473888



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎭ئەکتەر |
| ڕەگەزی کەس: | 👨‍💼پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1202

## عەلی جۆلا

http://www.kurdipedia.org/?q=20091031609292326



ساڵی 1940 لەسلێمانی لەدایکبووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1203

## عەلی حەمە عەزیز

http://www.kurdipedia.org/?q=2013062707561778256

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: پەیکەرتاش

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1204

## عەلی دەروێش

http://www.kurdipedia.org/?q=201003031627493809



سالّی 1966 لەکەرکوک لەدایک بووە و وێنەی ناو کتێبە دەرسیەکانی سەرنجی رادەکێشی و بەرەو جیهانی هونەری دەبا. عەلی دەروێش بەر لەسالّی 1992 کە بەشێوەیەکی جیدی هاتە ناو بواری کاریکاتێرەوە هەر سەرقالّی کاریکاتێر بووە.
دەروێش لەسالّی 1996 لەکەرکوک بۆ یەکەم جار جیهانی کاریکاتێری خۆی پێشانی خەڵک دا، ئەم پێشانگایە بریتی بوو لەوێنەی دەیان هونەرمەند و نووسەر و روناکبیری نەتەوە جیاوازەکانی شاری کەرکوک و ئەو کات ئەو پێشانگایە پێشوازی زۆر باشی لێکرا و عەلی دەروێش دەڵێ "لەدوای پێشانگاکە، کەسایەتی کاریکاتێرەکانم هاتن و بەشێکی زۆری وێنەکانیان لەگەڵ خۆیان بردەوە". هەروەها لەسالّی 1998 هاتە هەولێر و تا سالّی 200 3لەهەولێر ژیا و دواتر گەڕایەوە کەرکوک. ئەو دەڵێ "کاریکاتێریست ئەرکی ئەوەیە لەخەتی سوور بدا و شتە شاراوەکان پێشان بدا، بەڵام هەتا ئێستا ئێمە (کاریکاتێریستەکان) نەمانتوانیوە لەخەتی سوور بدەین و لای ئێمە قەدەغەیە لەکاریکاتێردا باسی ئایین بکەی، سالّی 1999 لەسەر چەند کاریکاتێرێک، لەلایەن ئیسلامیە توندڕەوەکانەوە هەڕەشەم لێکرا.
سەرچاوە: وریا بوداغی - ماڵپەڕی سڤیل

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | کاریکاتێروان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1205

## عەلی ڕەزا

http://www.kurdipedia.org/?q=20150731122221124973



لەسالّی 1980 لە دووزخورماتوو

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1206

## عەلی زەنگنە 2

http://www.kurdipedia.org/?q=20100816131058470



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1207

## عەلی سۆفی

http://www.kurdipedia.org/?q=20111009175145622263



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1208

## عەلی شۆخ کەمان - زێ زێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20140722214946115031

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

رەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سەقز
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1209

## عەلی غوڵامرەزایی ئاڵمە جووقی

http://www.kurdipedia.org/?q=201003271752044065



ساڵی 1932 لە گوندی ئاڵمە جووق سەر بە شاری چناران هەڵکەوتوو لە پاریزگای باکووری خوراسان لە دایک بووە. ساڵانێکی زۆر لە خزمەت "بەخشی گەری" فێری ژەنینی ئامێری دووتار بووە، لەوانە: "عەوەز محەمەد بەخشی شهر کهنگی"، "خان محەمەد بەخشی قەیتاغی"، "عەلی ئەکبەر بەخشی بەش ئاغاجی" و "محەمەد حوسێن یەگانە سەلمان."
غوڵامرەزایی ساڵی 1941 لەگەڵ "محەمەد حوسێن یەگانە" لە رادیۆ خوراسان بەرنامەی پێشکەش کردووە، موزیکی ناوچەیی باکووری خوراسان لە گەڵ موزیکژەنی ناسراو و بە توانای کوردی کرمانج بە ناوی "بەخشی" ئامێری دووتاری ژەنیوە و هەورەها گۆرانییێژی کوردی کرمانجی چریوە، لەوانە: "حەیدەر بەخشی"، "حەمرا بەخشی"، "غەریب عەلی بەخشی یاحی"، "حەیدەر عەلی تیتکانلوویی، "عەباس عەلی بەخشی زیدانلوویی" و "چراغعەلی بەخشی فەرخانی."
ئەم موزیکژەنە کوردە دوای کۆچی دوایی موزیکژەنی پێشەنگی موزیکی کرمانجی باکووری خوراسان، رەسەنترین مێلۆدی و موزیکەکانی ئەم ناوچەیە کە بە هونەری "بەخشی گەری" ناسراوە، بە شێوەیەکی شارەزایانە و لێهاتوویەوە بە ئامێرەکەی و هەروەها بە دەنگی خۆشی خۆی پێشکەشی هۆگرانی موزیکی بەخشی دەکات.
"عەلی غوڵامرەزایی ئاڵمە جووقی" لە ساڵانی پێشوودا بە دووتاری هەورێشم ئامێری دەژەنی بەڵام ئێستاکە بە دووتاری سیمی ژەنیاری دەکات و بە 35 کتێب گێرانەوەی هەیە، هەر کام لەم کتێبە گێرانەوانە نزیکەی 10 تا 15 شێوە دەربڕینی جیاوازی لە خۆگرتووە و ئەم هونەرمەندە تەواوی ئەم مێلۆدیانە بە شارەزاییەکی تەواوەوە دەزانێت.
گۆرانییێژ و ژەنیاری بە توانای کوردی کرمانجی باکووری خوراسان ئێستا لە گوندی ئاڵمە جووق، ژیان بەسەر دەبات و بەو کشت و کاڵە کەمەی کە هەیەتی رۆژگار زۆر بە سەختی تێپەردەکات.
سەرچاوە: مەنسوور جیهانی - ماڵپەری پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: موزیکژەن
جۆری کەس: گۆرانییێژ
رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: خۆراسان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1210

## عەلی لەتیف

http://www.kurdipedia.org/?q=200907192341121842



ساڵی 1944 لە گەڕەکی چوارباغ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، لەساڵی 1964 هەڵبژێردراوە بۆ یانە وهەڵبژاردەی سلێمانی و هەر لەو ساڵەدا یەکەم یاری بۆ یانەی سلێمانی کرد لەگەڵ یانەی کارەبای بەغدا لە یاریگای ئیدارە مەحەلی سلێمانی، عەلی لەتیف یاریزانی تۆپی پێ و باسکە و گۆرەپان و یاری باڵە بوو پاشان بووە بە راهێنەری یانەو هەڵبژاردەی سلێمانی لە یاری تۆپی پێ و باسکە پاشان ناوبژیوانی پلە یەک بووە لە تۆپی پێ و باسکە شان بەشانی وەرزش کەسایەتیەکی ناسراو بووە لە هونەری شێوەکاری و چەندین پێشانگای کردۆتەوە لە وڵاتەکانی ئەوروپا و یابان و کەنەدا و چەندین وڵاتی تر، ماموستا عەلی دەستی شیعریشی هەبووە و کورەکەشی بە ناوی دیلان یەکێکە لە گۆرانی بێژە سەرکەوتووەکان. لە 18-07-2009 کۆچی دوایی کرد.
سەرچاوە: ئەنوەر خەراجیانی - ماڵپەری کلاورۆژنە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

جۆری کەس: وەرزشەوان

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1211

## عەلی محەمەد ئەرسەلانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012010721094963696



هونەرمەندی گۆرانیبێژە، خەڵکی پارێزگای ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.
بەشێک لە چالاکییەکانی:
1-ئامادەکردنی دەنگ و ڕەنگی ناوەندی ئیلام (سەداو سیما)
2-دەسپێکردنی کاری هونەری بە ئاواز و گۆرانی فۆلکۆر
3-بینینی کۆرسێکی فێربوونی گۆرانی لە ژێر چاودێری شەجەریانی گەورە هونەرمەندی ئێرانی.
4-ئەنجامدانی چەندین کۆنسێرت لە پارێزگای ئیلام
5-کۆمەڵێک شیعری کوردی ئامادەن بۆ چاپ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🖉گۆرانیبێژ |
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| شارەکان: | ئیلام |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1212

## عەلی مورادی

http://www.kurdipedia.org/?q=200902271436391453

ساڵی 1977 لە شاری ئیلام لە دایک بووە. دەرچووی لقی شانۆیە لە بەشی دەرهێنەری و ئەکتەریدا و تاکوو ئێستا چەندین شانۆنامەی نووسیوە، لەوانە: "از سنم تا سمد" واتە "لە سەنەم تاکوو سەمەد"، "مزرعە اهنین" واتە "مەزرای ئاسنی"، "سوتەدلان" واتە "دڵسووتاوەکان" و چەندین شانۆنامەی دیکە.
مورادی هەروەها چەندین شانۆگەریشی دەرهێنەری کردووە، لەوانە: "شوق وسال" واتە "خۆشی پێگەیشتن بە دڵدار"، "از شهر تا مرز شور" واتە "لە شار تاکوو سنووری شادی"، "خلا" واتە "بۆشایی"، "بلبل سرگشتە" واتە "بولبولی سەرلێشێواو".

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شانۆکار |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1213

## عەلی مەردان

http://www.kurdipedia.org/?q=20081110124611204



ساڵی 1904 لەشاری کەرکووک لەباشووری کوردستان لەدایکبووە، خاوەنی گۆرانی و نەوای رەسەنی کوردی بووە. ئەو توانی سەدان مەقامی کوردی بەزیندویی راگرێ و دەستی چەندەها لاوی کوردی بەهرەداری گرت و هانیدان و پێیگەیاندن .
عەلی مەردان کوری عەلی عەبدولقادر کوری وسمانی کوری حەمەگوڵە. دایکی ناوی شاناز بوو، عەلی مەردان جگەلەکوردی عەرەبی، تورکی و فارسیشی خوێندووە، هەر لەسەرەتادا ئاشنایی وشارەزایی لەسۆز و ئاوەزەکانی مەقامدا پەیداکردووە.
بۆ یەکەم جار فێری مەقامی رەسەن و بەپێزی کوردەواری ئەڵاوەیسی هەروەها دوایش سەرباری هۆرەو ئای ئای و خاوکەر وەقەتار فێربووە .
عەلی مەردان دەڵێ بۆ گۆزەرانی ژیانم، بەپای پەتی و سەری کۆتەوە، جوتیاری و شوانی و گاوانیم کردووە. لەشاری بەغداد بووم بەهاورێی مورتەزاخانی ئیسفەهانی و ئەسغەری هەمەدانی و محەمەد سەعیدی سابڵاغی و زۆر شت لەوانەوەفێربووم، چل شەویش لەگەڵ سەید عەلی ئەسکەری کوردستانی یەکمان گرت و زۆر هونەرمەندانەپێکەوەژیاین .
یەکەم مەقامم کەمەقامی ئای ئای بوو لەساڵی 1939 دا لەئیستگەی کوردی بەزمانی کوردی باجەڵانی تۆمارکردووە. لەساڵی 1965دا لەئیستگەی رادیۆی تاران و کرماشاندا چەندین مەقام و گۆرانی تۆمارکردووە .
دوا گۆرانی عەلی مەردان بەستەیەک بووەکەلەساڵی 1972دا لەئیستگەی کوردی بەغداد تۆماری کردووە .
عەلی مەردان رۆژی هەینی رێکەوتی 24.1. 1981 دا کۆچی دوایی کردووە، لەشاری کەرکووک لەگۆرستانی شێخ محێدین بەخاکی پیرۆزی کوردستان سپێردراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1214

## عەلی کەردار

http://www.kurdipedia.org/?q=20140806224059291 54



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 🖉گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1215

## عەلی کەرکوکی

http://www.kurdipedia.org/?q=2010102419340410219



شاعیر و هونەمەند و نووسەر لە ساڵی 1962 لە شاری کەکوکی کوردان لە دایک بووە، هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و ئینیستیتۆی هونەری تەواو کردووە، کەسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی سەربەخۆیە، لە نووسینەکانیدا هەست بەو ڕەوتە فیکریە دەکرێت، ساڵآنێکە لە ئەڵمانیا دەژی و هاوڵاتی ئەو وڵاتەیە بەڵام هەمیشە لە دونیای کوردەواری و کوردایەتی کۆڵی نەداوە. خاوەنی کۆمەڵێ نووسین و هۆنراوەیە بە دەستیەوەیەتی لە فرسەتێکدا لە دووتۆی کتێبێکدا کۆیان بکاتەوە، کۆمەڵێ سروود و شیعری بۆ کەرکوک ئامادە کردووە، کەسێکی سەردەرچووە لە مەقامە کوردیەکانی ناوچەی گەرمیان و کەرکووک. إضافة شرح مامۆستا عەلی کەرکوکی شاعیر و هونەمەند و نووسەر لە ساڵی 1962 لە شاری کەکوکی کوردان لە دایک بووە، هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و ئینیستیتۆی هونەری تەواو کردووە، کەسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی سەربەخۆیە، لە نووسینەکانیدا هەست بەو ڕەوتە فیکریە دەکرێت، ساڵآنێکە لە ئەڵمانیا دەژی و هاوڵاتی ئەو وڵاتەیە بەڵام هەمیشە لە دونیای کوردەواری و کوردایەتی کۆڵی نەداوە. خاوەنی کۆمەڵێ نووسین و هۆنراوەیە بە دەستیەوەیەتی لە فرسەتێکدا لە دووتۆی کتێبێکدا کۆیان بکاتەوە، کۆمەڵێ سروود و شیعری بۆ کەرکوک ئامادە کردووە، کەسێکی سەردەرچووە لە مەقامە کوردیەکانی ناوچەی گەرمیان و کەرکووک.

سەرچاوە: نامەیەکی بەڕێز قەیس قەرەداخی بۆ کوردیپێدیا سەبارەت بە عەلی کەرکوکی لە 24-10-2010

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

جۆری کەس: هونەرمەند

جۆری کەس: ✍نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1216

## عەلی کەریم

http://www.kurdipedia.org/?q=20091030212311216



هونەرمەند عەلی کەریم لە دایکبوی شاری کەرکوکە و لەهاوینی ساڵی 1968وە دەستی کردووە بە کاری هونەری،یەکەم بەرهەمیش کەبەشداری کردووە،شانۆگەری (پارەی دەرمانەکە)یە کەلەنوسینی هونەرمەندی گەورەی عێراق (یوسف العانی)و دەرهێنانی هونەرمەند (ئەنور محەمەد رەمەزان)بوو،جگە لەکاری شانۆ و تەلەفزیۆنی لە بواری نوسینیشدا،هونەرمەند عەلی کەریم بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە گۆڤارورۆژنامەکاندا وتارو لێکۆڵینەوە سەبارەت بە شانۆو ئەزمونە شانۆییەکان دەنوسێت، تائێستا پێنج کتێبی بە چاپ گەیاندوە، دواکتێبی بەناوی (نواندن لەسینەمادا) لەژێرچاپدایە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئەکتەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1217

## عەلی کەریم 3

http://www.kurdipedia.org/?q=20150519133854121154



1948لە شاری سلێمانی لەدایک بووە.
1972ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواوکردووە.
1979یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی فریشتەی شاری سلێمانی.
1982دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
1993سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
1973-1984پیشانگەی سالانەی مامۆستایانی هونەر لە سلێمانی.
1985-2005بەشداری زیاتر لە (100) پیشانگەی هاوبەشدا کردووە لە (سلێمانی، بەغدا، هەولێر، ئەڵمانیا، پاریس، ژاپۆن، ئەمریکا، سوید، ئیتاڵیا.)
1973-2010چەند جارێک خەڵات کراووە.
خاوەنی چەندین بابەتی بڵاوکراوەیە لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا.
سەرچاوە: کورد ئارت

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: شێوەکار
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1218
## عەلی یارە
http://www.kurdipedia.org/?q=20110119134037328322



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: گۆرانیبێژ
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1219
## عەلی یاسین محەمەد - عەلی ئەرکادی
http://www.kurdipedia.org/?q=20101219135551130004



ساڵی 2009 بەشی شێوەکاری پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی خانەقینی تەواو کردووە، لەساڵی 2004ـەوە خۆی سەرقاڵی هونەری فۆتۆگرافی کردووە، تا ئێستا لە پێنج پێشەنگای تایبەت و 10 پێشانگای هاوبشە کردووە.
سەرچاوە: زیرەک نامۆ - ماڵپەری پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: شێوەکار
ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1220

## عەلی حەسەن زەمان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150131223922693551



یەکێکە لەخۆشنووسەکانی رانیە، پلەی یەکەمی لەفێستسڤاڵی (ترنجانۆ)ی نێودەوڵەتی بۆ هونەری خۆشنوسی بەدەستهێنا کە لەمالیزیا بۆ خۆشنووسانی جیهان سازکرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | خۆشنووس |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | رانیە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1221

## عەلیرەزا حەنیفی

http://www.kurdipedia.org/?q=20090301102130148

ساڵی 1958 لە شاری سنە لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی هەر لەو شارە تەواو کرد و پاشان ساڵی 1975 بۆ خوێندنی هونەر چووە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و 4 ساڵ هونەری شێوەکاری و موزیکی فێربوو. پاشان لە لقی ئەدەبیاتی شانۆیی لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران وەرگیرا .

حەنیفی کاری شانۆی لە ساڵی 1970 لە قوتابخانەی دواناوەندی لە شاری سنە دەستپێکرد و لە درێژەدا لە قوتابخانە وانەی هونەری بە قوتابیان دەگوتەوە. کۆمەڵێک شانۆنامەی نووسیوە کە لە لایەن هونەرمەندانی شانۆکارەوە نمایش کراوە، لەوانە: "هرمز و کمان"، "سفر به فانتس"، "گلادیاتورها"، "دلیلی برای مردن" و چەندین شانۆنامەی دیکە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە شانۆنامەی "سرباز شال بلند" واتە "سەربازی شاڵ بڵند" " A Soldier With a Long Sash"لە نووسینی شانۆکاری سنەیی عەلیرەزا حەنیفی و لە دەرهێنانی زەهرا ڕەشیدی، لە بەشی "تولید متون نمایشی نمایشنامەخوانی" واتە بەشی "بەرهەمە دەقە شانۆییەکانی شانۆنامەخوێنی ئێران Play And Play Reading" لە27مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی فەجر لە تەلاری کۆنفرانسی کۆمەڵگەی شانۆی شاری تاران خوێندرایەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شانۆکار |

رەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1222
## عەلیرەزا ئیسماعیلی
http://www.kurdipedia.org/?q=2011030623501421090



سەرۆکی ئەنجومەنی شانۆی سەقز

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: شانۆکار
رەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سەقز
نەتەوە: کورد
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1223
## عەلیرەزا رەزایی
http://www.kurdipedia.org/?q=200907311453181909

هونەرمەند "عەلیرەزا رەزایی" لەساڵی 1990 دەستی بە چالاکی هونەریی لە بوارەکانی شانۆ و سینەمادا کرد و وەک ئەکتەر و دەرهێنەر کۆمەڵێک بەرهەمی جوانی خولقاند و لە فیستیڤاڵەکانی شانۆیی و سینەماییدا لە ئاستی رۆژهەڵاتی کوردستان و سەرانسەری وڵاتی ئێران چەندین خەڵاتی گرنگی بەدەستهێنا.
رەزایی هەروەها لە چەندین فیستیڤاڵی سینەمایی ئەندامی دەستەی ناوبژیوان بووە، بەردەوام لە فیلمەکانیدا گوزارشتی لە ئاوارەبوون و ئێش و ئازارەکانی مرۆڤی کورد لە کوردستان کردووە و هەوڵیداوە سەختییەکانی باری ژیانی گەلی کورد لە بەشەکانی کوردستان وێنە بگرێت.
هونەرمەندی سینەماکاری لاوی کورد "عەلیرەزا رەزایی" ئێوارەی رۆژی چوارشەممە 14/ 3 بەهۆی پێکدادانی ئۆتۆمبێل لە سەر رێگەی مەریوان سنە گیانی لە دەستدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: هونەرمەند
رەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1224

## عەمار سەلیم

http://www.kurdipedia.org/?q=20150804034434125034



لەساڵی 1982 لە باشیقە لەدایکبووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1225

## عەمار کوفی

http://www.kurdipedia.org/?q=20141026170450778826



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1226

## عەمران شێخ موس

http://www.kurdipedia.org/?q=20141210231742118258



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | ئامودا |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1227

## عەونی سامی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011020413561433119



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1228

## عەڤداڵی زەینەکی

http://www.kurdipedia.org/?q=2010110821381610636

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1229

**عەینەدین مەریوانی**

http://www.kurdipedia.org/?q=201005131545234244



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: مەریوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1230

**غازی شینە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150415013545120894



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1231

**غازی محەمەد**

http://www.kurdipedia.org/?q=2010102314432010206



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: کەرکوک

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1232

## غەریب خدریار

http://www.kurdipedia.org/?q=20101216150402128842



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1233

## فاتیمە دەست مەرد

http://www.kurdipedia.org/?q=20110406161513216122

ساڵی 1982 لە شاری مەریوان لە دایکبووە، دەرچووی ئەندازیاری ناسینی زەوییە لە زانکۆی زانستی سەرەتاییەکانی شاری داموغان و ئێستا فێرخوازی دەرهێنەری سینەمایە لە نووسینگەی تارانی ئەنجوومەنی سینمای لاوانی ئێران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: سینەماکار

ڕەگەزی کەس: خانمان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: مەریوان

نەتەوە: کورد

ولّات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1234

## فاخیر هەریری

http://www.kurdipedia.org/?q=201003261014034040




...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانبێژ

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1235

## فارس سەعدی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110116130923327 90



فۆتۆگرافەر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: فۆتۆگرافەر

جۆری کەس: نووسەر & لێکۆڵەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1236

## فارقین ئازاد

http://www.kurdipedia.org/?q=20110827110714587 44



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باکووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1237

## فاروق باپیر

http://www.kurdipedia.org/?q=20090227144222145



لە دایکبووی ساڵی 1967ی شارۆچکەی ڕەواندزە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری موسڵی ساڵی (1988)ە، هونەرمەند لە ساڵی (1996)ەوە چۆتە هەندەران و بەشداری چەندین فیستیڤاڵ و کۆنسێرت و کاری بەرهەم هێنانی هونەرمەندانی گۆرانیبێژی کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هونەرمەند

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1238

## فایەق حەمەساڵح

http://www.kurdipedia.org/?q=20110113112812327



فۆتۆگرافەر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: فۆتۆگرافەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1239

**فایەق داودە**

http://www.kurdipedia.org/?q=200911031150462253



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1240

**فرمێسک**

http://www.kurdipedia.org/?q=201206071708136507
0



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| رەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1241

**فرمێسک مستەفا**

http://www.kurdipedia.org/?q=200902081640171255



لەزمانی خۆیەوە:
لەشاری سلێمانی لەدایکبووم. خوێندنی سەرەتای و ناوەندی و دوا ناوەندیم لەوێ تەواو کردوە. کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدام تەواوکردووە. ئێستاش ژیان لە ئەڵمانیا بەسەر دەبەم .
ساڵی 1983 بۆ یەکەمجار چوومە سەرشانۆ بە شانگۆگەریی کەللەسەر. 1988بوومەتە مامۆستا لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە شاری سلێمانی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎭شانۆکار |
| رەگەزی کەس: | 👩خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1242

## فرود باقی

http://www.kurdipedia.org/?q=2015022623465084810



شێوەکاری کورد (فرود باقی)لەباشوری کوردستان لە دایک بوە. دەرچوی پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانی بەشی هونەرییە ساڵی 1999-2000. تائێستا دووپێشانگەی تایبەتی کردۆتەوە.هەروەها بەشداری 28 پێشانگای هاوبەشی کردووە لە شارەکانی هەولێر-دهۆک-سلێمانی. سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی سلێمانی بەبۆنەی یادی31 ساڵەیدا خەڵاتی رێزلێنانی پێبەخشیوە لە کۆشکی هونەر لە شاری هەولێر
هەروەها بەشداری دەیەمین و یانزەهەمین پێشانگەی هونەرمەندانی سلێمانی کردوە لە هۆڵی مۆزەخانەی نیشتیمانی ئەمنە سورەکەی شاری سلێمانی2009-2013.
لە پیشانگەکاندا 13 بروانامەی رێزلێنانی پێبەخشراوە. هەروەها بەشداری سەرجەم چالاکیەکانی پۆستەری بوە لە چالاکی قوتابخانەکەی بەشداری کردوە لە نمایشی (گەلەری زاموا)پیشانگەی شێوەکارانی کورد2013. هەوەها ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎨شێوەکار |
| رەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1243

## فریاد ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=2012111911334373801



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 🎭ئەکتەر

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1244

## فریاد حسێن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062122503785592

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: 🎨شێوەکار

ڕەگەزی کەس: 👤پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: کەلار (گەرمیان)

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1245

## فریدا باک

http://www.kurdipedia.org/?q=201009181012159537



ساڵی 1941 لەسەقز لە دایک بوو. دەربارەی ئەو شارەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێ "تاکو ئێستا سروشت و خەڵکی ئەم شارەم باش لە بیرە." هەروەهاش دەڵێ "خێزانەکەمان ساڵی 1950 لە تارانەوە دەرکران بۆ ئیسرائیل. حەبیب (یان حاخام) بابی منە و لە تەمەنی 61-ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ناوی دایکم رەحمەیە و ئەویش لە تەمەنی 72-ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. برایەکم هەیە ناوی یووسفە و تەمەنی 71 ساڵە، کە تا ئێستا بە شێوازی کوردی دەژی." ئاڤی ناوی مێردی فریدا بوو کە چەند ساڵێک لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد و سێ کوری هەیە: ئێیال 40-ساڵییە، ساحی 39-ساڵییە و ئۆفێر 35-ساڵییە.
دەربارەی کاری باوکی خۆی گۆتی "باوکم لە کوردستان شتومەکفرۆشێکی گەرۆک بوو، لە سەر کەرێک چیا بە چیا، دۆڵ بە دۆڵ، دەشت بە دەشت، گوند بە گوند و شار بە شار هەمووی دەگەرا و لە ئیسرائیل گەلێک چیرۆک و رووداوی بۆ دەگێرایەنەوە و دەیگۆت کورد ئاشتیخوازن، میوانحەزن و هەمیشە ئامادەی یارمەتیدانن".
فریدا باسی رووداوێکی دوای دەرکردنیان لە ئێران و گەیشتنیان بۆ ئیسرائیل دەگێرێتەوە و دەلێ "ئەو کاتەی گەیشتینە ئیسرائیل، لە فرۆکەکە دابەزین، باوکم خاکی ئیسرائیلی ماچ کرد، پاشان ئێمەش لە دوای ئەو وامان کرد." هەر لە گەڵ گێرانەوەی ئەو بیرەوەریەدا یەکسەر گۆتی "هیوادارم رۆژێک لە رۆژان و هەر بەم شێوەیە خاکی کوردستانی خۆشەویستیش ماچ بکەم، ئەگەر مافی ئەوەم هەبێ." هەروەها باسی خۆشەویستی و هەردەم زیندوویی یادی کوردستانی لای باوکی خۆیشی کرد و گۆتی "باوکم لەو رۆژەی کە گەیشتە ئیسرائیل و تا کۆچی دوایی کردنی هەر دەیگۆت: "بە قوربانی خاکی کوردستان بم ".
دەربارەی کوردە جوولەکەکان لە ئیسرائیل فریدا گۆتی: "ژمارەمان 000 200 هەزار کەسە. ژیانمان کوردەوارییە و ئێمە پەیوەستی مێژووی کوردین، بۆیە من بە کوردی ستران دەبێژم. هەروەها ئێمە ئارامیش دەزانین، ئێدی بە ئارامیش ستران دەخوێنم و جاربەجاریش بە فارسی و عیبرانی". ناوبراو دەربارەی کەلتووری کوردی گۆتی "هونەر، جلوبەرگ و خواردنە کورییەکان لە ئیسرائیل ژیانمانە. ئێمەی کورد گەلێک مۆرکی جۆربەجۆرمان هەیە." لە درێژەی قسەکانیدا لەو بارەوە گۆتی "سترانێکی تایبەتیمان هەیە و من زۆر حەز لە دەنگی هونەرمەندانی چوار پارچەی کوردستان دەکەم." فریدا لە سەر سترانە فۆلکلۆری و میللییە کوردییەکان درێژەی دایێ و گۆتی بە نیازە لە ئایندەیەکی نزیکدا و بەو تەمەنە مەزنە سی دی-یەکی بڵاو بکاتەوە، ئێدی گۆتی "من لە مەکتەب مامۆستا بووم و سێ منداڵم هەبوو، بۆیە لە کاتی گەنجیدا نەمتوانی کاری هونەری بکەم." دەربارەی سی دی-یەکەیشی روونی کردووە و گۆتی "ماوەیەکی کەم لەمە و بەر بریارم دا سی دی-یەکی کوردی تۆمار بکەم، چونکە من بە هونەری کوردی زۆر سەربڵندم و دەمەوێ لە ئیسرائیلیش نیشانی بدەم کە ئێمەش هونەرێکی دەوڵەمەندمان هەیە، بۆیە پێش هەموو شتێک گەرەکە ئەو سترانانەی کە لە دایک و باب، برا، خزم و دراوسێیەکانی خۆم فێریان بوومە، بیانپارێزم.
ئەو زۆر شانازی بە دایک و باوکییەوە دەکات، چونکە هەمیشە هانیانداوە کەلتووری کوردی بپارێزێ "هەموو هیوایەکیان ئەوە بوو لە گەڵ کەلتووری خۆم بژیم، هەروەها سوپاسداری براکەمم کە لەم بوارەدا یارمەتی داوم". ئاماژەی بەوەشدا کە مەبەستی سەرەکی ئەو لەو بەرهەمە هونەرییە پاراستنی زمان، هونەر و مێژووی نەتەوەی کوردە، هەروەها بۆ دیارکردنی کەسایەتیی کوردییە "چونکە ئامانجی من تەنیا کوردایەتییە." هەروەها گۆتی شانسێکی باشی هەیە کە هونەرمەندی مەزن یۆنی شاخام، بەرپرسی ستودیۆ 10 یارمەتی دەدات کە ئەم سی دی-یە کوردییانە

بەرهەم بێت. فریدا هونەرمەند یۆنی شاخامی بەو شێوەیە هەڵسەنگاند "ئەو بە رەگەز پۆلۆنییە و گەلێک دۆستی نەتەوەی کوردە". فریدا دەڵێ ناوم فریدایە نەک (فریدا)ی عەرەبی و داوای کرد ناوەکەی تەعریب نەکەین. لە هەمان کاتدا لە بارەی ناوی سیدییەکەشی گۆتی "هێشتا ناوێکم بۆ سی دی-یەکەم دانەناوە، بەڵام چەند سترانێکی لێ ئاشکرا دەکەم: دڵەکەی وەرگرتم، ژان ئەکا، لیمۆ هەی لیمۆ، ئامین و ئامین، لە سەر کانی، بزانن چی زەردم لە حەوران گۆراوم و ریحان." فریدا دەربارەی وەرگرتنی یارمەتی لە وەزارەتی رۆشنبیری ئیسرائیلی بۆ بەرهەمهێنانی سیدییەکەی، حاشای کرد و گۆتی: "نە خێر، وەرمنەگرتووە." پاشان کۆپلەیەک لە سترانێکی ناو سیدییەکەی بۆ گۆتم:

دڵەکەی وەرگرتم، وازی لێ هێنام
نەمزانی کێ بوو، جەرگی دەرهێنام

فریدا زیاتر باسی لە خۆشەویستی خۆی بۆ کوردستان و دەربارەی کورد و کوردستانیش گۆتی "من دڵنیام کە نەتەوەی کورد دەبێتە بە خودان دەوڵەتی سەربەخۆ" هەروەها هیوای خواست جارێکیتر کوردستان ببینێتەوە و گۆتی "هیوادارم ئەگەر بکرێ جارێک سەردانی وڵاتەکەی خۆم بکەمەوە". لە کۆتاییدا فریدا بە شانازییەوە گۆتی: "من بە کوردی ستران دەخوێنم و ئەو رۆژەی کە مردم، با بە کوردی لە سەر گۆڕەکەم ستران بخوێندرێ. فریدا لە کۆتایی قسەکانیدا گۆتی "ئێدی بۆ کورد و کوردستان گەلێک شەلۆمم هەیە ".

فریدای دەنگخۆش بەو هەستە و بە هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵەوە، لەو دیدارە تەلەفۆنیەدا چوار جار گریا، بەڵام نەمویست لێی بپرسم لە بەر چ دەگریێ.

فریدا باک سترانبێژێکی زۆر زیرەکە و خودان دەنگێکی جۆشە، بۆیە لە ئیسرائیل بە دەنگی چیاکانی کوردستان بە ناوبانگە. ئەو زیاتر بە کوردی ستران دەبێژێ، هەروەها بە ئارامیش ستران دەخوێنێ و جاربەجاریش بە فارسی و عیبرانی و ئاوهای گۆت ”موزیکی کوردی ژیانی منە، بۆیە من لەم تەمەنەدا و لەم رۆژانەدا هەر خەریکی سیدییەکەی خۆ بوومە و داوای لە تۆ دەکەم کە لە راگەیاندنی کوردیدا باسی ئەم بەرهەمە بکەیت” .

فریدا ئێستا زۆر نەخۆشە و کەوتووتە نەخۆشخانەیەک و ئەو بەم وشانە هەستی خۆی دەربڕی ”هیوادارم کە لە پێش مردنم مافم هەبێ بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و ئەگەر نەگەڕێمەوە، تۆ لە جیاتی من خاکی کوردستان ماچ بکە و ئەم سیدییە بۆ سەنتەرە رۆشنبیرییەکان پێشکەش بکە، هەروەها گەلەک شەلۆمم بۆ کورد و کوردستان هەیە” .

ئێستا بەرهەمی فریدا تازە تەواو بووە و گەیشتووە سەنتەرە رۆشنبیرییە کوردییەکان لە هەموو ئیسرائیل، ئەویش بە یارمەتی هونەرمەندی مەزنی ئیسرائیل (یۆنی شاخام)ە کە بە رەگەز جوولەکەیەکی رۆمانییە و بەرپرسی (ستودیۆ 10)یە. فریدا دەربارەی ئالبوومەکەی خۆی ئاوهای گۆت ”ویستم بە شێوەیەکی کوردی ئالبوومێک تۆمار بکەم، لە ستودیۆکە هەستم کرد کە دەنگم زیاتر بۆ موزیکی ئەورۆپی دەچێ، بۆیە من زیاتر لەگەڵ ئامێری پیانۆ و گیتارم ستران خوێندەوە. ”پاشان ناوی ئالبوومەکەی خۆی بۆم ئاشکرای کرد کە بە عیبرانییە (شیرەت ها رەیحان / بە نیخووەخ کوردستان)، و واتاکەی بە کوردی (سترانی رەیحان / لەگەڵ بۆنی کوردستان) کە بریتیە لەم سترانانە: دڵەکەی وەرگرتم، ژان ئەکا، لیمۆ هەی لیمۆ، ئامین و ئامین، لە سەر کانی، بزانن چی زەردم لە حەوران گۆراوم و ریحان و چەن سترانێکی دیکە بە ئارامی و فارسی و ئاوهای گۆت ”ویستم لەگەڵ موزیکی کوردی ستران بخوێنم، بەڵام نەبوو. واتە ویستم نانێکی کوردی ببێژم، سەموونێکی ئەورۆپی دەرکەوت. ئێدی بە کورتی ئەمن کوردم، هونەرەکەم کوردییە و رێبازەکەم کوردایەتییە”!

وەک دەزانرێ کە ڕاگەیاندنی کوردی لە کوردستان و ئەوروپا و بە تایبەت کەناڵە کوردییەکان بایەخ بە هونەرمەندانی کوردە جووەکان نادەن، منیش بە تەنیا زۆر هەوڵم داوە کە ئەم دیوارە بشکێنم، بەڵام هەر نەمتوانی، ئەویش لە سەر وریابوون و هۆشیاربوونی کەناڵە کوردییەکان دەمێنی، کە بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نادەنە بە کوردە جووەکان کە بەرهەمی خۆیان پێشکەش بکەن. لەم بوارەدا فریدا ئاوهای گۆت "ئەمن پیرەژنێکی 68 ساڵیم و لەم تەمەنەدا زۆر خۆم ماندوو کردووە کە ئالبوومێک بۆ خزمەتی کوردایەتی تۆمار بکەم، کەچی درەنگ بۆم دەرکەوت کە نرخ و قەدری کوردایەتی لە کوردستان بە یەکجاری نەماوە، ئەدی کوو؟ حاڵی بوویت کاک بەشیر؟ مەسرەفی ئەم بەرهەمەش زۆرە، هەروەها من چەند دانەیەکی بۆ چەند کەناڵە کوردییەکانم ناردووە، کەچی کەناڵە کوردییەکان خۆیان خەشیم دەکەن کە هێشتا بەرهەمەکەم نەگەیشتووە دەستیان" .
بەشیر سەبری بۆتانی، 2008-2009 ئیسرائیل
mailto:hunername@hotmail.com
سەرچاوە: نامەیەکی بەڕێز بەشیر سەبری بۆتانی سەبارەت بە پرۆفایلی فریدا باک لە 17-09-2010

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد - جوولەکە |
| وڵات: | ILئیسرائیل |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1246

## فوئاد ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=200911281906272725



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | هەولێر |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1247

## فوئاد حەمەمین ئاغای حاجی عەولای درێژ

http://www.kurdipedia.org/?q=20081125162404489



لەساڵی 1933 لەشاری سلێمانی لەدایک بووە، باپیری پیاوێکی ئاینی و خواپەرست بووەناوی حاجی عبدوڵای حاجی ئاغا ساڵح بووە کەبەعەولای درێژ بەناوبانگ بووە، پیاوێکی زۆر بەئاین خیرکەر بووەهاوتەمەنی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ بووە، وەک دەگێرنەوەمنارەی مزگەوتی گەورەئەم دروستی کردوە، هەروەها خانی عەجەم لەشاری سلێمانی ئەم بینایەتی ناوەچونکەموڵکی خۆی بووەبەهۆی ئەوەی ئەم پیاوەزۆر خۆشەویستی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ بوەپێش وەفات کردنی وەسێتی کردوەکەحاجی عەولا لەنزیک گۆرەکەی بنێژن بۆیەکاتێک کەحاجی عەولا درێژ وەفاتی کردوە لە ساڵی 1322 کۆچی لەگۆرستانی مزگەوتی گەورەنزیک مەرقەدی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ لەدەرەوەی مەرقەدەکە نێژراوە!.

حاجی عبدولا چوار کوری هەبوە کە ئەمانەن حاجی ئاغا فەتحوڵلاالله، ئیبراهیم ئاغا، حمەئاغا، حمەمین ئاغا کەباوکی مامۆستا فوئادە و ئەویش بەهەمان شێوەچوار کوری هەبوە کەئەمانەن

نوری ئاغا، حمەرەشید ئاغا، خسرەو ئاغا، کاک فوئاد!!.

مامۆستا فوئاد خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری سلێمانی تەواو کردوەو لەساڵی 1950 دا دواتر چووتەپەیمانگای مامۆستایان لەبەغدا و ساڵی 1953 پەیمانگای تەواو کردوەو گەراوەتەوە سلێمانی بووە بە مامۆستا، دواتر لەساڵی 1957 ژنی هێناوەو خێزانی پێکەوەناوە، خێزانەکەی خەڵکی شاری سلێمانییە و ناوی خاتوو (نەزیرە عەلی حەسەن) ەو پێکەوەهەبوونەتە خاوەنی هەشت منداڵ بەناوەکانی (شادان، بەیان، شوان، کاوان، سامان، حەمە، شارا و شەم.)

هونەرمەندی نەمر مامۆستا فوئاد تا ساڵی 1969 لەقوتابخانەی سەرەتایی شێخ مەحمودی کوران بەمامۆستایی ماوەتەوە و دوایی بووە بەیاریدەری بەرێوەبەری قوتابخانەکە!.

ساڵی 1975 چوتە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی ماوەی سێ ساڵ لەو بەریوەبەرایەتیە خزمەتی کردوە، تا دواتر لەساڵی 1978 چۆتەبەریوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لەسلێمانی و ماوەی شەش ساڵ لەو بەرێوەبەرایەتیە بوە و دواتر خۆی خانەنشین کردوەلەساڵی 1984 دا وەک زۆر لەهونەرمەندان هەر لەمنداڵیەوەخولیای هونەری شانۆ بووەو بۆ ئەم مەبەستەلەقوتابخانەو لەگەڵ هاوریانی گەرەک بەشداری کاری هونەری و شانۆیەکان بوەکەئەمەش گرنگی خۆی هەبووەلەپێگەیاندنی ژمارەیەکی زۆر لەشانۆکاران و دروست بوني خۆشەویستی و نزیک بونەوەلەشانۆ، لەساڵی 1969 لەگەڵ کۆمەڵێک لەهونەرمەندان و رۆشنبیران لەوانە

)محەمەد سدیق مەحمود، محامی،، نوری وەشتی،، تەها خەلیل،، نەوزاد مەجید،، شێرکۆ بێکەسی شاعیر، عەلی جوڵا،، عەلی توانا) وەک ئەندامی دەستەی بەرێوەبەر تیپی هونەر و وێژەی کوردیان دامەزراندوە لە شاری سلێمانی کەتیپێکی گەورەبو وەو شانبەشانی تیپی نواندنی سلێمانی خزمەتێکی زۆریان بەهونەری شانۆ و مۆسیقاو بوارەکانی تری هونەرکردوەلەسلێمانی و کوردوستان، دوای ئەوە ئەم تیپەناوی گۆردرا بەتیپی کۆمەڵی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، ماوەی زیاتر لە 39 ساڵەئەم تیپەبەهەمان تواناوەبەردەوامەلەخزمەتکردنی هەموو بوارەکانی هونەر و کلتوری کوردی!.

هونەرمەند مامۆستا فوئاد حمەمین ئاغا وەک ئەکتەرێکی سەرکەوتو بەشداری کردوەلەنواندنی چەندین کاری شانۆیی و درامای تەلەفیزیۆنی

و فیلمی سینەمایی و تەمثیلی رادیۆیی.
کارە هونەریە شانۆیی و درامی و سینەماییەکانی
)شانۆیەکان(
شێخی تەپلەڕەش نوسین و ئامادەکردنی عەلی توانا دەرهێنانی نەوزاد مەجید،، شایی خۆیناوی نوسینی گارسیا لۆرکا دەرهێنانی نەوزاد مەجید 1971،، پیسکەی تەڕپیر نوسینی
مۆلێر دەرهێنانی ئەحمەد سالار 1972،، تاوانێک لەئاسماندا نوسینی تەها بابان دەرهێنانی
نەوزاد مەجید بۆ شانۆ و حسین نەسراوی بۆ تەلەفیزیۆن 1972،، چاوی ڤیتنام نوسینی ریدسۆن
دەرهێنانی تەها خەلیل، شانۆیی ئایاری سەرکەوتنە،، جەنابی موفەتیش نوسینی گۆگۆل
دەرهێمنانی ئەحمەد سالار 1971،، پژمین نوسینی عومەر عەلی ئەمین دەرهێنانی تەها خەلیل 1973،، کیچ نوسینی حەمەسدیق مەحمود دەرهێنانی نەوزاد مەجید 1970، دیوار نوسینی سارتەر دەرهێنانی تەها خەلیل 1974،، پەیکەر نوسینی بۆل برۆلا دەرهێنانی تەها خەلیل 1974،، ئۆپەرێتی دایکی نیشتمان و ئۆپەرێتی بوک و زاوا، چرا دەرهێنانی کامەران رەؤف،، شانۆیی نامەیەک لە خنکاوەوە،، سارا خان نوسینی ئەلفرێد فەرەج دەرهێنانی جەمال محەمەد 1973،، کاوەی ئاسنگەر نووسینی شێرکۆ بێکەس دەرهێنانی تەها خەلیل 1977،، دکتۆری تێلا نوسینی مۆلێر دەرهێنانی عەبدولی حەمەجوان 1977،، کابرا سەیرەکەنوسینی نازم حیکمەت دەرهێنانی عەبدولی حەمەجوان 1985،، بلیت و زاوا نوسینی جەمە سدیق دەرهێنانی حسین نەسراوی 1972،، مرۆڤ و زەوی نوسینی تەها بابان دەرهێنانی حکمەت زەنون 1977،، شار نوسینی حسین عارف دەرهێنانی کامەران رەؤف 1997،، بازرگانی ڤنیسیا نوسینی مۆلێر دەرهێنانی ئەنوەر توفی 1972.
)دراما تەلەفیزێۆنیەکان(
ژیان نوسینی جەلیل زەنگنەدەرهێنانی حکمت زەنون 1977،، گوڵاڵە نووسینی حەمەرەشید هەرەس دەرهێنانی شامڵی عەبەڕەش.
)فیلمەکان(
نێرگز بوکی کوردوستان 1990،، خولەپیزە، نوسین و دەرهێنانی جەلیل زەنگنە 1998
مامۆستا فوئادی حەمەمین ئاغا جگەلەبواری هونەری و کاری وەزیفی ساڵی 1965 لەمەلەوانگەی سەرچنار راهێنەری مەلەوانیتی بوەو هەروەها ئەندام و راهێنەری یاری شەترەنج بووەتوانیویەتی خزمەتی باشی ئەم دوو بوارەش بکات، هونەرمەند فوئادی حەمین ئاغا مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست و کورد پەروەر بووە، لەتەمەنی لاوێتیدا پەیوەندی هەبوەلەگەڵ حیزبی شیویعی کوردوستاندا و هەڵگری بیروباوەڕی چەپ و کۆمۆنیزم بوەئەمەش وای کردوەلەساڵی 1963 لەکاتی نەکبەی (مەنعی تەجەولەکەی) شاری سلێمانیدا لەلایەن رژێمی بەعسەوە بگیرێت و ماوەی نۆ مانگ لەبەندیخانەلەشاری کەرکوک بەند (سجن) بکرێت؟ ئەوەی شایانی باسکردنەلێرەدا خیزانەکەی مامۆستا فوئاد، خاتوو نەزیرەتوانیویەتی بەشداری کاری هونەری لەدرامای نامەیەک لەخنکاوەوەو فیلمی نێرگز بوکی کوردستانەو فیلمی خولەپیزەو لەم دوایانەش بەشداری لەدرامای (لەگولێک کاڵترو و گەڕانێک بەدوای سیبەرەکانداو ژپلەمۆ) بکات و بەتایبەتی لەدرامای گەڕانێک بەدوای سیبەرەکاندا رۆڵێکی بەرچاوی بەرجەستەکرد کەجێگای رەزامەندی بینەران بو، بەمەش خاتو نەزیرەسەلماندی کەلەسەر ریبازی مامۆستا فوئاد بەردەوامەلەخزمەتکردنی هونەری کوردی داو مامۆستافوئاد زیندو

نەمرەو توانیویەتی لەپاش ئەو هەموو ساڵەی خزمەتی خۆی بۆ ڕێبازی هونەری کوردی هاوسەرێکی ئاوا لەپاش خۆی بۆ درێژەپێدانی ئەو ریگایەی کەلەژیاندا هەڵیبژاردبوو بەفیرۆ نەدات.؟
هەروەها هونەرمەندی شانۆکار (خاتو شادان) کەکچی گەورەی مامۆستا فوئادە وەک خانمە ئەکتەرێکی کورد لەمێژەلەچەندان کاری شانۆیی و فیلم و درامای کوردیدا بەشداری کاریگەرو سەرکەوتوی کردوەو ئەکتەرێکی بەتوانایە، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوەبۆ ئەو تواناو خۆشەویستیەی کەمامۆستا فوئاد توانیویەتی دروستی بکات لەناو خێزانەکەی دا بۆ هونەری کوردی، لەهەمان کاتدا خاتو شادان خێزانی ئەکتەری بەتوانای کورد شەماڵی عەبەڕەشەکەپێکەوەچ لەکوردوستان و لەهەندەران ( هوڵەندا) خزمەتی زۆری هونەری کوردی نەتەوەکەیان کردوەو چەندەها شانۆیی و فیلمی کوردی بەهێزیان نمایش کردوەبەتایبەتی لەوڵاتی هوڵەندا
هەندی لەوانەش فیلمی هۆڵەندی (ئەو کورەی ئیتر نادۆێ، ئۆپەرێتی هۆڵەندی کۆیستی فەناید، شانۆیی دووبارەی داستانێک، فیلمی رۆژانی زەرد، فیلمی هەلە و هۆڵەندا، فیلمی نامۆی(
جگەلەوەی هەردوو کچەکانی شایی و شارۆ و خەڵاتی یەکەمینیان وەر گرتوە.
لەساڵی 1999 هونەرمەند فوئادی حەمەمین ئاغا کوردوستان بەجێ دێڵی و بەرەو هەندەران کۆچ دەکات و لەهولندا جیگیر دەبێت بەڵام بەداخەوەدوای ساڵ و نیوێک جەڵتەی مێشک لی ئەدات و لەئەنجامدا توانای قسەکردنی نامێنێ تا لەڕۆژی 7 مانگی ئازاری ساڵی 2004 لەنەخۆشخانەدەکەوێت و پاش سیانزەڕۆژ لەکات ژمێر سێ و نیوی بەکاتی هۆڵەندا لەبەرواری نوزدەی ئازاری ساڵی 2004 ئەو هونەرمەندەمەزنەماڵئاوایی یەکجاری لێکردین و کەسەرێکی گەورەی لەدڵی نەتەوەکەی بەگشتی و هونەرمەندان و بینەران بەتایبەتی بەجێ هێشت، لەڕۆژی 25 مانگی ئازای هەمان ساڵیشدا تەرمەکەی هێنرایەوەسلێمانی لەگردی سەیوان نێژرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎭ئەکتەر |
| ڕەگەزی کەس: | 👤پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1248
**فوئاد شامار**
http://www.kurdipedia.org/?q=20081126102340506



لەساڵی1967 لەکەرکووک لەگەڕەگی ئیسکان لەدایکبووە و وەک خێزانێکی هونەردۆست لەمێردمنداڵیەوە سەرقاڵی هونەر و ژەنینی ئامێری گیتارەبووە، ئامادەی پیشەزازی لەکەرکوک خوێندوەو، لەساڵی 1987دا لەئامێزی تیپی مۆسیقای شالاو لەگەڵ هونەرمەندان دلێر عەلی باخەوان، سیروان عومەر و ئیدریس رەحیم خۆی دەبینێتەوە و هەر لەو ساڵەدا بەر هەمێک تۆماردەکەن بەناوی تیپی مۆسیقای شالاو وەهەشت بەرهەم بڵاودەکەنەوە کە سێ بەرهەمی فواد شامار چڕیویەتی، پاشان تاراوگە دەبێتە میوانی فوئاد و لەهۆڵەندا دەگیرسێتەوەو هەرلە هۆڵەندا بەتیپی مۆسیقای هۆڵەندی ئاشنا دەبێت و خۆی لەتیپێکی مۆسیقی هۆڵەندی دا دەۆزێتەوە و پێکەوەکاردەکەن، فواد شامار 2001 هۆڵەندا بەجێدێڵێت و روو لەسوێد دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: □موزیکژەن

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: کەرکوک

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1249

## فوئاد عەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100818095057473



هونەرمەندی پەیکەرتاشی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: پەیکەرتاش

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1250

## فوئاد محەمەدی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150226002154119459



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: کاریکاتێروان

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1251

## فواد عەبدوڵڵا هەڵەبجەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150812074238125137



ساڵی1984 لە هەڵبجە لەدایک بووە دەرچوی بەشی پەیکەرسازی پەیمانگەی هونەرجوانەکانی شاری سلێمانیە 2008-2009. ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە.زیاتر لە 20 پێشانگای هاوبەش بەشداری کردوە لەهەرسێ پارێزگاکە. چەند کارێکی گەوری بە ئەنجام گەیاندوە لە سلێمانی و هەولێر

ئێستا مامۆستای وانەی هونەرە لە شاری هەڵەبجە

سەرچاوە: کوردستام ئارت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: پەیکەرتاش

جۆری کەس: شێوەکار

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: هەڵەبجە

شارەکان: هەولێر

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1252

## ڤینک فاروق

http://www.kurdipedia.org/?q=2012070509484971702

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1253

## فەتانە وەلیدی

http://www.kurdipedia.org/?q=2009102001003620950



ساڵی 1953 لە بنەماڵەیێکی هونەرمەندی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بوو و هەر لە منداڵیەوە رووی کردە هونەری مۆسیقا و ئاواز. بەداخەوە ژیانی هونەری ئەو هونەرمەندە بە هۆی باری نالەباری ژیان و نەخۆشی دەروونیەوە زۆر زوو کۆتایی پێ هات. بەڵام لەو تەمەنە کورتەشدا توانی ڕۆڵێکی مێژوویی لە هونەری مۆسیقای کوردیدا ببینێ. ناوبراو یەکێک لە یەکەمین گۆرانیبێژانی ژنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە دواتر بوە ئیلهام بەخشی فرەیێک لە هونەرمەندانی ژن و تەنانەت پیاوی تر لە کوردستان.

سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (ڕوژهات) سەبارەت بە (فەتانە وەلیدی) لە: 9-12-2010 0:19:16

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سنە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1254

## فەتحی کەریم

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010915443122078

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | سینەماکار |

ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1255

## فەخری خورۆش

http://www.kurdipedia.org/?q=20090312124021638



فەخری ئەسودی کە ناسراوە بە (فەخری خورۆش) لەساڵی 1929 لەشاری کرماشان لەدایکبووە و، پرواانامەی بەکالۆریۆسی هەیەو خاوەن کاری زۆرە لەسینەماو شانۆ دا. ناوبراو لەسەردەمی شاهەنشاهی ئێران بەشداری چەندین فیلمی سینەمایی کردووەو، یەکێک لە ئەکتەرە دیارەکانی سەردەمەکەی بوو. ئەو یەکەم ئەکتەری ژن بوو رۆڵی سەرەکی فیلمەکانی بەباشی گێراوە و بەشداری زۆرترین فیلمی سینەمایی کردووە لەسەردەمی شای ئێراندا. خورۆش تائێستا بەشداری لە 38 فیلمی سینەمایی کردووە کە 12 فیلمی لەسەردەمی شاو 26 فیلمیشی لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بەرهەمهاتوون. فەخری خورۆش، ئێستا خەریکی رۆل گێرانە لەچەند فیلمێکی سینەمایی کە لەنێوراستی ساڵی 2009 بڵاودەکرێنەوە.
بە نێوبانگترین ئەو فیلمانەی فەخری بەشداری تێدا کردوون، بریتین لە (تاراج – 1984)، (دادا- 1982)، (سوتەدلان- 1977) و (بهلول – 1957 ).
هەندێ لە سینەماکارانی، سەردەمی کۆماری ئیسلامی پێیانوایە بەهۆی ئەوەی لەسەردەمی شادا، فەخری خورۆش لەچەند فیلمێکدا رۆڵێکی ورووژێنەری گێراوە، نەدەبوایە کۆماری ئیسلامی رێگەی پێبدات بەشداری فیلمە سینەماییەکان بکات، بەڵام ئەو لەلایەن وەزارەتی ئیرشاد و فەرهەنگی ئیسلامی ئێران رێگەی پێدراوەو تائێستاش بەردەوامە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ئەکتەر
ڕەگەزی کەس: خانمان
نەتەوە: کورد
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1256

## فەرامەرز سدیقی

http://www.kurdipedia.org/?q=20101117205301107 68



کوری سەروان سدیقی ساڵی 1328ی هەتاوی لە شاری سەقز لەدایک بوە و خوێندنی هەتا وەرگرتنی دیپلۆم لە شارەکانی سەقز و تاران درێژە داوە و دواتر لە زانکۆی هونەرە جوانەکانی تاران وەک خوێندکاری شانۆ وەرگیراوە و فەوقەلیسانسی شانۆ و سینەمای لەو زانکۆ وەرگرتوە و هەنووکەش نیشتەجێی شاری تارانە.
فەرامەرز سدیقی دەسپێکی کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1347ی هەتاوی کە بە دەورگێران لە شانۆی "رۆستەم و زۆراو" پێی نایە نێو گۆڕەپانی بەربڵاوی هونەر و دواتر لە ساڵی 1351ی هەتاویدا بە دەورگێڕان لە فیلمی "چشمە" کە دەرهێنەرەکەی "ئاربی ئوناسیان" بوو جیهانی پر دەنگ و رەنگی سینەماشی ناسی و تا هەنووکە بەردەوام لە سینەما و شانۆ و تلوزیۆندا دەور و رۆڵی بەرچاوی بینیوە.
بەشێک لەو فیلمانەی کە هەتا ئێستا فەرامەرز سدیقی ئەکتەری توانای سەقزی دەوری تێدا بینیوە بریتین لە: قدمگاه، مارال، هزاران زن مثل من، عشق کافی نیست، اسکادران عشق، پاییز بلند، دادستان، دلشدگان، آخرین پرواز، دندان مار، زمان از دست رفته، روزنه، سایەهای غم، تیغ و ابریشم، گفت هرسە نفرشان، امشب اشکی میریزد، برهنە تا ظهر با سرعت، زن باکره، چشمە و.... هتد.
ناوبراو لە بەشی دەرهێنەریشدا دەوری بەرچاوی گێراوە کە دەکرێت ئاماژە بە فیلمی "طعمە" بکەین کە نووسەر و دەرهێنەری فیلمەکە کاک فەرامەرزی سدیقییە و کۆمەڵێک لە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی وڵاتی ئێران تێیدا رۆڵیان بینیوە. فەرمەرز سدیقی وەک "یاریدەدەری دەرهێنەر"یش تا ئێستا دەوری بەرچاوی بینیوە و لە ساڵی 1351ی هەتاویدا لە دوو فیلمی: "رضا هفت خط" و "ساعت فاجعە"، وەک یاریدەدەری دەرهێنەر رۆڵی بینیوە. ئەم هونەرمەندە بەناوبانگەی شاری سەقز و سینەما و تلویزیۆنی وڵاتی ئێران، بە خۆشییەوە ئێستایش هەر لە بواری بەرهەمهێنانی فیلم و سریاڵ و زنجیرەی تلویزیۆنی، هەڵسوور و چالاکە و بەردەوام بەرهەمەکانی لە کەناڵەکانی تلویزیۆنی ئێراندا بڵاو ئەبێتەوە .
سەرچاوە: ماڵپەری سەقز

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎭ئەکتەر |
| رەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سەقز |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1257

**فەرزاد ئەدیبی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20090226165434143



ساڵی 1967 لە شاری سونقور لە کرماشان هاتۆتە دنیا. ساڵی 1990 لە لقی گرافیک لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران وەرگیرا. تا ئێستا لە چەندین پێشانگای تایبەت و هەروەها 40 پێشانگای هاوبەشدا بە شێوەیەکی چالاک بەشداری کردووە.
ئەم گرافیستە کرماشانییە لە ڕۆژنامەکانی هەمشەهری، ئێران، گۆڤاری "کتاب ماه" واتە "کتێبی مانگ" و لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە بابەت و وتاری بڵاوکردۆتەوە و وەکوو بەڕێوەبەر و بەرپرسی هونەریی، دیزاینەری گرافیک و وێنەساز لە زۆربەی گۆڤارە جۆراوجۆرەکانی ئێران کاری کردووە، لەوانە: "شیعر"، "ادبیات داستانی" واتە "ئەدەبیاتی چیرۆکی"، "سەحنە"، مەقام"، "شەهریار"، "زەمانە"، "فیدای حەق"، "پەیکی خاوەر"، "سرووش" و هەروەها ڕۆژنامەکانی "زەن"، "فەردا" و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە.
تا ئێستا لە زۆربەی فیستیڤاڵە هونەرییەکانی گرافیک و وێنەسازی ئێران و هەروەها لە چەندین خولی فیستیڤاڵی چاپەمەنییەکانی ئێران بەشداری کردووە و خەڵاتی سەرەکیی و پربایەخی بەدەستهێناوە، کە هەندێکیان بریتین لە:
1پلەی یەکەمی دیزاینی پوستەر"، لە "یەکەمین خولی ئۆڵەمپیای فەرهەنگی، وەرزشی قوتابیانی سەرانسەری وڵاتی ئێران"، ساڵی 1993.
2پلەی دووەمی "یەکەمین پێشانگای قوتابیانی گرافیکی زانکۆی تاران"، ساڵی 1993.
3پلەی سێهەمی "دیزاینی پوستەر بۆ ڕۆژی ئافرەت"، لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران، ساڵی 1993.
4پلەی یەکەمی "دیزاینی پوستەر" بۆ شەشەمین خولی پێشانگای نێونەتەوەیی کتێبی تاران" لە ساڵی 1993.
5پلەی یەکەمی دیزاین و ڕازاندنەوەی لاپەڕە، لە سێیەمین خولی فیستیڤاڵی چاپەمەنییەکانی ئێران، ساڵی 1996، کە لەوحەی سوپاس و پێزانینی پێبەخشرا.
6پلەی دووەمی دیزاین و ڕازاندنەوەی لاپەڕە، لە پێنجەمین خولی فیستیڤاڵی چاپەمەنییەکانی ئێران، ساڵی 1999، کە لەوحەی سوپاس و پێزانینی پێبەخشرا.
7پلەی سێهەمی "دیزاینی پوستەر"، لە "یەکەمین پێشانگای گرافیک لە خزمەت خەبات لە دژی مادە سڕکەرەکان"، ساڵی 1999.
8پلەی یەکەمی دیزاین و ڕازاندنەوەی لاپەڕەی یەکەمی گۆڤار، لە شەشەمین خولی فیستیڤاڵی چاپەمەنییەکانی ئێران، ساڵی 2000، کە پێنووسی بلووری پێبەخشرا.
9پلەی یەکەمی وێنەسازی، لە حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی چاپەمەنییەکانی ئێران، ساڵی 2001، کە پێنووسی بلووری پێبەخشرا.
10پلەی یەکەمی دیزاین و ڕازاندنەوەی لاپەڕە، لە حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی چاپەمەنییەکانی ئێران، ساڵی 2001، کە پێنووسی بلووری پێبەخشرا.
11پلەی دووەمی دیزاین و ڕازاندنەوەی لاپەڕەی یەکەمی گۆڤار، لە حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی چاپەمەنییەکانی ئێران، ساڵی 2001، کە پێنووسی بلووری پێبەخشرا.
سەرچاوە: مەنووچێهر جیهانی - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1258

## فەرزاد عەندەلیبی

http://www.kurdipedia.org/?q=201002101728223447



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: هونەرمەند
جۆری کەس: هونەرمەند
ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1259

## فەرزین پشدەری

http://www.kurdipedia.org/?q=201010061018569816

دەرچووی بەشی دروستکردنی فیلمە لەزانکۆکانی ئێران و خاوەنی چەندین کورتە فیلم و فیلمی چیرۆکییە، کە دیارترینیان کورتە فیلمی (بۆمبەر)ە کە توانیوێتی (8) خەلات لەفێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان بەدەستبهێنێت، ساڵی 2009ش وەک یاریدەدەری دەرهێنەر لەگەڵ ستافێکی ئیتاڵی کاری لەفیلمی (ڕۆڵەکانی کەرکوک)دا کردووە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: سینەماکار
ڕەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1260

## فەرزین حەسەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20150107000917118689



فەرزین حەسەن ساڵی 1973 لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری (سەقز) لەدایک بووە.
خاوەنی پروانامەی دیبلۆمی ئەدەبیاتی فارسی- بەکالۆریۆس لە بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی.
لە بواری فۆتۆگرافی و ڕۆژنامەوانیدا کار دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | فۆتۆگرافەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سەقز |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1261

## فەرزین سابوونی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110326100737218l6



خەڵکی شاری سنەیە و تاکوو ئێستا لە زیاتر لە 60 شانۆگەری بە هێز، وەکوو ئەکتەرێکی سەرکەوتوو ڕۆڵی بینەوە و ساڵی 2004 لە 22مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی "فەجر" بە دەورگێران لە شانۆگەری "سێ ماڵی چکۆلە" وەکوو ئەکتەری دووەمی ئەم فیستیڤاڵە هەڵبژێردرا.
سابوونی لە فیلمی سینەمایی "نیوە مانگ" لە دەرهێنانی سینەماکاری ناوداری کوردستان "بەهمەن قوبادی" وەکوو ئەکتەری سەرەکی ڕۆڵی بینیوە و یەکێکە لە ئەکتەر پرکارەکانی شانۆی وڵاتی ئێران کە هەموو ساڵێک ڕێژەی ئەو شانۆگەریانەی کە ئەو تیایدا بەشداری دەکات، ژمارەیان لە تەواوی ئەکتەرەکانی شانۆی ئێران زیاترە.
سەرچاوە: مەنسوور جیهانی - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شانۆکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سنە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1262

## فەرشید نورانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100703153326453



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1263

## فەرهاد ئەرشەدی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150514101745121111



فەرهاد ئەرشەدی ساڵی 1968 لەشاری مەریوان لەدایکبووە.
لەساڵی 1987 لەکۆمەڵەی سینەمای گەنجانی شاری سنە دەستی بە کاری وێنەگرتن کردووە.
ئەم وێنەگرە لەماوەی رەوتی چالاکییەکانیدا، بەشداریی لە چەندین پیشانگا لەشارەکانی سەقز، بانە، سنە، بیجار و کرماشان کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: فۆتۆگرافەر

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: مەریوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1264

## فەرهاد پیرباڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=20081126143337531



مامۆستایە لەبەشی فۆتۆی زانکۆی هونەری ئەسفەهان و هاوکات لەچەند ئەکادیمیایەکی ئەهلی وانە دەڵێتەوە و خاوەنی چەندین پێشانگەی هاوبەش و تایبەتە لەشارەکانی ئێراندا و تائێستا چەند خەڵاتێکی وەرگرتووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | فۆتۆگرافەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1355

## ماردین سابیر

http://www.kurdipedia.org/?q=20100507141531420



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | خانمان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1356

## ماردین کانەبی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100915223513950



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1357

## ماریا شێرەبەیانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2010101709514410127



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: ئەکتەر

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1358

## ماریا هەورامی

http://www.kurdipedia.org/?q=2014061015474176644



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1359

## ماشەڵلا محەمەدی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100208164706342



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: سینەماکار

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1360

## مام عەلی سەمەنێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20110623215823603



دیارە زۆری وەک خوالێخۆشبوو مام عەلی سەمەنێ سەبریان زۆر گرت بۆ ئەوەی دواڕۆژێکی بێ چەوساندنەوەی مرۆڤەکان، ژیانێکی باشتر و بەختەوەرتر کە پڕ بێ لە ئازادی بە چاوی خۆیان ببینن بەڵام نەک هەر ئەوان کە تەمەنێکیی پڕ لە مەینەتیان بەسەربرد بەڵکو لە دوای ئەوانیش تاکو ئەمڕۆ ئەم ئاواتانە نەڕوان، ئەگەر ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین دەبێ بڵێین دیارە هێشتا کژی نەهاتووە یانیش لەم خاکە روانی ئەستەمە.
مام عەلی سەمەنێ تەمەنی سێ چوار ساڵانێک دەبێت کە جەلادەکانی دەوڵەتی داگیرکەری عوسمانی، حەمەدی باوکی و مامی (مام حوسێنی لبادچی) لەگەڵ خەڵکی زۆرلێکراوی تری کوردستان راپێچی بەرەکانی شەڕی جیهانی یەکەم دەکرێن لە 1914، باوکی دەنێردرێتە بەرەی شەڕ لە بەسرا بەڵام هەر زوو شەهید دەبێت و لەوێ گۆڕغەریب دەبێت، مامە حوسینیشی کە دەکاتە باوکی خوالێخۆشبوو حاجی قادری پەڕەکەر لە بەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە دیللی روسەکان.
لە دوا ساڵی ئەم شەڕە نەگریسە واتە 1917 بۆ 1918 نەخۆشیەکی کوشندە لە شاری کۆیەو تەواوی کوردستان بڵاودەبێتەوە و دایکی کەناوی سەمەن بووە بەم نەخۆشیە کۆچی دوای دەکات و ئەم خیزانە دەکەوێتە ئەستۆی ئەمینی سەمەنێی برای کە خوای لێ رازیبێت چەند ساڵێک لەوان هەراشتربووە.
بەڵێ گۆرانیەکانی ئەم خولێخۆشبووانەی وەک باوکم و هاو سەردەمەکانی دەیانچرین لەناو ئێش و ئازار و بێ نازی دایک و باوکی و گرانی و نەبوونی و شەڕ هەڵقولابوون، ئەوە جگە لە خۆشەویستییەکی لەڕادەبەدەر بۆ سروشتی ئەم شارە جوانە کە وەک باسکراوە بەهەشتێک بووە، کە پڕی بووە لە ڕەزو و باخچە و ئاو سەوزایی کە ئەمانە هەمووی بوونەتە هەوێنی ئەم دەنگە ڕەسەنانەی کە پڕ بە قورگیان وەکو بولبول چریکاندوویانە بۆ خۆشەویستی ژیان کە خوای گەورە لەسەر ئەم ئەستێرەیە بە مرۆڤی داوە، بۆ خۆشەویستی مرۆڤەکان کە خوا بە ئازادی خەلقی کردوون بۆ ئازادی و ئاسودەی بۆ دواڕۆژێکی درەوشاوەتر بێ زوڵم و زۆرداری.

خوالێخۆشبوو مام عەلی سەمەنێ بەگوێرەی ئەم بەسەرهاتەی سەرەوە لە ساڵی 1910 لە گەڕەکی سەرتەمتەمانی شاری کۆیە چاووی بە باخ و رەزو دیمەنە دڵڕفێنەکەی سروشتی ئەم دەڤەرە هەڵێناوە و لە مانگی 6 ی ساڵێ 1990 کۆچی دوایی کردووە. مام عەلی سەمەنێ خاوەنی دەنگێکی ناسک و پڕ لە سۆز بووە، هەر لە منداڵیەوە مەقام و گۆرانی بۆ دەردەسەری و مەینەتیەکانی ژیانی خۆی و ماڵئاوایی یەکجاری خۆشەویستەکەی گوتووە. هەروەها لە بۆنە ئاینیەکانی وەک مەولود و ئاهەنگی دەرچوانی فەقێکانی لە سەردەمی خوالێخۆشبوو جەنابی مەلای گەورەی کۆیە لەگەڵ خوالێخۆشبووان ئەمینی سەمەنێ و حاجی قادری پەڕەکەر و کاک رەشیدی برای کە دەکەنە ئامۆزای گۆرانیان چڕیووە.
هەروەک خوالێخۆشبوو مامۆستا تاهیر حەوێزی لە کتابی مێژووی کۆیە باسی لێوەدەکات کە جەنابی مەلای گەورە زۆر پێیان سەرسام بووە گوتیەتی توخوا با جێگای ئەوانە بڵند بێ. پاشانیش لە مەولودەکانی خوالێخۆشبووان مەلا ئەحمەد (مەلا کۆرە) و شێخ جەمال تەنزیلەیان دەگوتەوە جاروباریش بۆ دڵخۆشی خەڵکەکە لە گەڵ بەشداربووانی مەولودەکە وەک خوالێخۆشبوو باقی مام سارحی(باقی سەرتاش) دەستایان دەکرد بە مەقام گۆتن.
لە چاوپێکەوتنێکی مامۆستا وریا ئەحمەدی حەمەمەلای کە لە ساڵی 1980 لە ماڵی بەڕێز مامۆستا غازی ئامۆزای لەگەڵ مام عەلی سەمەنێ و حاجی قادری پەڕەکەر ئەنجامی داوە بە ئامادە بوونی خوالێخۆشبوو باقی سەرتاش. شایانی گوتنە کە دەقی ئەم چاوپێکەوتنە لە ژمارە 124 ی 2007/9/5 گۆڤاری رامان بڵاوکراوەتەوە. لە وەڵامی پرسیارێکدا مام عەلی سەمەنێ دەڵێت من گۆتنەکان لەم خوالێخۆشبووانە فێربووم (سمایلە خڕە کە خزمی بووە، سۆفی عەلی برای سمایلە خڕە، ئەمینی سەمەنێ کە برای بووە، وەستا غەفور، سەیدە ئەحمەدی بابی شێخ جەمالی کە شاعیریش بووە)، پاشان دەڵێت گۆتنی گۆرانیەکانی ئێمە کە دەمانگوت هەمووی ئی خوالێخۆشبوو ئەمیناغای ئەختەر بوو مەبەستی لە تێکستی مەقامەکان بووە.
یاخوا مام عەلی یادت بەخێر بێت و گۆڕت پڕ لە نور بێت و یادی ئەوانەش بەخێربێت کە لەو سەردەمە سەخت و دیژوارانەدا خزمەتی هونەری رەسەنی کوردیان کردووە.
سەرچاوە: نامەیەکی بەڕێز (دڵشاد مام عەلی سەمەنێ) سەبارەت بە (ژیان و کارنامەی مام عەلی سەمەنێ) بۆ کوردیپێدیا لە 23-06-2011

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کۆیە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1361

## مام فەتحوڵڵا

http://www.kurdipedia.org/?q=2012112410321173855

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هۆزانەوان

جۆری کەس: هونەرمەند

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1362

## مانۆ خەلیل

http://www.kurdipedia.org/?q=200907221105331856



کوردێکی رۆژئاوای کوردستانە، لە زانکۆی دیمەشق لەبواری مێژوو و مافپەروەری خوێندویەتی، لە ساڵی 1986 چۆتە چیکسلۆفاکیای پێشوو و لەبواری دەرهێنان و بەتایبەتیش لە فیلمە رۆمانییە سینەماییەکان خوێندویەتی و لە ساڵی 1993 بە پلەی نایاب دەرچووە و دواتر پلەی ماستەری لە دەرهێنانی سینەمایی و تەلەفزیۆنی بەدەستهێناوە.
لە کەناڵی تەلەفزیۆنی چیکسلۆفاکیای پێشوو کاری کردووە، لەدوای دابەشکردنی ئەو وڵاتە بۆ دوو بەش، لە کەناڵی تەلەفزیۆنی سلۆفاکیا کاری کردووە.
لەنێوان ساڵانی 1990-1992 وەکو ئەکتەرێک بەشداری لە چەند کارێکی درامایی کردووە، بەڵام لە دوای دەرچوونی لە ساڵی 1994 و تا ئەمڕۆ زیاتر لە هەزار ریپۆرتاژی تەلەڤزۆنی و فیلمی ریکلامیی وێنەگرتووە، بۆ ماوەی پێنج ساڵ کاری دەرهێنانی بۆ بەرنامەی "پارتی بیوبل" کردووە، هەروەها کاری وێنەگرتنی بۆ بەرنامەیەکی دیکە دەکات بەناوی "کلانز و کلوریا"، ئێستاش بەتەواوەتی خۆی بۆ کاری سینەمایی و تەلەڤزیۆنی تەرخان کردووە و کاری سینەمایی وەکو دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر و بەرێوەبەری وێنەگرتنی سەربەخۆی بۆ فیلمە دیکۆمێنتییە رۆمانییەکان دەکات.
مانۆ لە ساڵی 1996ەوە لە وڵاتی سویسرا دادەنیشێت، تا ئێستا کاری دەرهێنانی بۆ 14 فیلم کردووە، دوایین فیلمەکانیشی ئەمانە بوون: فیلمی "ئەنفال" لە ساڵی 2005، فیلمی "داڤێد تولهیلدان" لە ساڵی 2006، فیلمی "زیندانەکەم، ماڵەکەم" لە ساڵی 2009، ئەمە جگە لەم فیلمەی ئێستا خەریکییەتی لەسەر باخچەکانی سویسرا و فیلمێکی دیکەی سینەمایی. فیلمەکانی مانۆ لە لایەن ئەو کەناڵە ئەورپییانە بەرهەم دێت و بودجەی بۆ تەرخان دەکرێت کە بەرهەمەکەی پەخش دەکەنەوە .
فیلمەکانی دەرهێنەر چاودێرییەکی زۆری دەکرێت بەهۆی ئەو بابەتانەی کاری لەسەر دەکات، بۆ نموونە چەند کاتژمێرک بەر لە نمایشکردنی

فیلمی "داڤێد تولهیلدان" لە فیستیڤاڵی سینەمایی دوبەی، وڵاتی تورکیا لەرێگەی باڵیۆزخانەکەی خۆیەوە لە وڵاتی ئیمارات رێگەی بە نمایشکردنی ئەم فیلمە نەدا، وڵاتی تورکیا بەهەمان شێوە توانی ببێتە رێگر لەبەردەم نیشان دانی ئەم فیلمە لە فیستیڤاڵی سەنگاپوورە.
سەرچاوە: پەسار فایەق - ماڵپەری پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: سینەماکار
رەگەزی کەس: پیاوان
نەتەوە: کورد
وڵات: رۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1363
## ماکوان هەورامی
http://www.kurdipedia.org/?q=201008292200224962
...



تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: گۆرانیبێژ
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1364
## محمەد مستەفا
http://www.kurdipedia.org/?q=20150526140710121202
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: ئەکتەر
رەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1365

## محەمەد بەهادین

http://www.kurdipedia.org/?q=20140620095810100935

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هونەرمەند |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1366

## محەمەد تەها ئاکرەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20091227162055304 2



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1367

## محەمەد تەیب تاهیر

http://www.kurdipedia.org/?q=20090924224105204 2



د سالا (1947) ل باژێرێ شەرنەخ ل باکورێ کوردستانێ هاتیە سەر دنیایێ، د سالا (1972) ل دهۆکێ تیپا دیلمان یا هونەری پێکئینایە و مینا هونەرمەندەکێ پێشمەرگە دناڤا شورەشێ دا درێژی دایە خەباتا خویا سترانێ، بەری هن سالان ب ئێکجاری ژ دەربدەریێ ڤەگەریایە و ب پشتەڤانیا وەزارەتا رەوشەنبیری یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ و رێڤەبەریا گشتیا رەوشەنبیری و هونەری ل پارێزگەها دهۆکێ ب تیپا "دیلمان" جارەکا دی پێکئینایە و بەردەوامی دایە خزمەتا هونەرێ کوردی.
سەرچاوە: ئیسماعیل تاهیر - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هونەرمەند |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1368

# محەمەد جەمال

http://www.kurdipedia.org/?q=201006242235594505



لە 1983/11/12 لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، تەمەنی (2) ساڵ بووە کە لەگەڵ خێزانەکەی روویان لە ئێران کردووە، لە ساڵی 1992 گەڕاوەتەوە بۆ شاری سلێمانی و لەوێ نیشتەجێ بووە، ساڵی 2006-2007 بەشی رۆژنامەنووسیی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی تەواو کردووە، ئێستا خوێندکاری بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانییە، خاوەنی کتێبێکی گفتوگۆی هاوبەشە لەگەڵ رۆژنامەنووس سەلاح سالار کە لەگەڵ ژمارەیەک نووسەر و رۆژنامەنووس و هونەرمەندی رۆژهەڵاتی سازیان کردووە، هاوکات خاوەنی پێشانگایەکی تایبەتی فۆتۆگرافی و چەندین پێشانگای هاوبەشی تری فۆتۆگرافییە، ئێستا نیشتەجێی شاری سلێمانییە و ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (محەمەد جەمال) سەبارەت بە (کورتەیەک لە ژیاننامەی محەمەد جەمال) لە: 24-6-2010 22:09:17

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | رۆژنامەنووس |
| جۆری کەس: | فۆتۆگرافەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1369

## محەمەد جەمیل

http://www.kurdipedia.org/?q=20101219132909l2998



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هونەرمەند

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1370

## محەمەد جەواد شوهانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012010717595263688




هونەرمەندی گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1371

## محەمەد رانیەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140403152616687 51



لەدایکبووی 1962ی رانیەیە، لە ماوەی ژیانیدا لە چەندین تیپی ناسراوی وەک تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە و تیپی موزیکی رانیە و چەند تیپێکی دیکەی سلێمانیدا وەک موزیکژەن و وەک گۆرانیبێژ کاریکردووە. لە رووی گۆرانی وتنەوە دەنگی زۆر نزیک بوو لە هونەرمەندی کۆچکردوو تاهیر تۆفیق.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: رانیە

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1372

## محەمەد رۆستەمزادە - نامۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=2008110710212870



ساڵی 1343(1964) لەشاری بۆکان لەدایک بووم. هەر لەمناڵییەوەخولیای رەسم کێشانەوەبووم لەزۆر کێ بەرکێی ناو کوتابخانەکان بەشداری پێەوم بوو، ئەو ساڵانەی وائەبوا خەریکی خوێندن بام بەداخەوەلەناوچەی کوردەواریدا شەڕێک بەسەرماندا داسەپا کەماوەیەکی زۆر درێژەی بوو. ساڵی 62(1983) دیپلۆمم وەرگرت لەبەشی ئابووریدا ساڵی 64-66 سەربازیم کرد و ساڵی 67 بۆزانکۆی هۆنەری تاران لەبەشی وێنەریدا دەرچووم بەپلەی هەوەڵو. ساڵی 72-73 لیسانسم وەرگرت. بەپێویستم زانی بەگەڕێمۆ بۆ وڵات وفێرگەی هونەری بۆ لاوان سازکەم، لەو ماوەیەدا تووشی تەنگ و چەڵەمەی زۆر هاتم، بەڵام کلاسەکانمان هەروا بەردەوام بوون هەتا ساڵی 78 بۆ فەوق لیسانس لەزانکۆی هونەری زانستگای ئازاد لەتاران دەرچووم و ئێستاش کۆتایی بەوانەکانم هێناوەو تەواو بووم، لەزانکۆی تاران خەریکی دەرس وتنەوەم. لەشاری بۆکان زیاتر لەپانزدەپێشانگام داناوەکەزۆربەیان تایبەتی بوون. لەشارەکانی سنە،و سەقز و بانەو تاران پیشانگام بووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: بۆکان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1373

## محەمەد ڕەزا دارابی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140725161222771136



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

شارەکان: کرماشان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1374

## محەمەد زارع زادە

http://www.kurdipedia.org/?q=200912101013102961



ساڵی 1339 هەتاوی لەشاری سەقز لەدایک بوە خوێندنی سەرەتایی وناوەندی ودواناوەندی و لیسانسی ئەدەبیاتیشی هەر لەشاری سەقز وەرگرتوە، لە ساڵی 1354 دا بۆ یەکەم جار لەگەڵ دنیای شانۆ ئاشنا بوو،لەگەڵ دەسپێکی شەبەکەی کوردی تلوزینی کوردی تاران لە ساڵی 1362 هەتاوی دەستی داوەتە سازکردنی میانپردە تلوزیونیەکان کە هەتا بە ئێستە 5580 میانپەردەی تلوزیونی لە کوردی وفارسی سازکردوەو دەوری تێدا بینیوە،لە پەنج سریاڵ دا دەوری چالاکانەی گێراوە کە بریتین لە :

-1خالۆ حەمە 2- زنجیرەی کاک فەتاح 3- باقەیێن 4- بەهاران 5- سەردەرگوم.

لە دوو فیلمی درێژدا وەک دەرهێنەر دەوری گێراوە کە بریتین لە :

-1ئاخرین شەرت 2- شاهیدی کەو

لە گەلێ فیلمی سینەمایی دا دەوری بەرچاوی گێراوە کە ئەتوانین ئاماژە بە فیلمی سینەمایی "مەرەخەسی" بەدەرهێنانی بەرێز "باکیدە" هەروەها فیلمی "سەنگ وتەرانەی زەیتوون" بکەین کاک محەمەد ئێستەیش لە شاری سەقز وەک مامۆستای بواری تلەوزیون و شانۆ کلاسی فێرکاری هەیەو بەردەوام لە هەوڵ وکۆششی هونەریدایە لە تازەترین کاری هونەریدا کە چبوونە شاری مەهاباد بۆ ماوەی چەند رۆژ گیانێکی تازەیان بە کۆبوونەوەی خەڵک لەدەوری شانۆ بەخشی،ئەم هونەرمەندەی بواری شانۆیی شآری سەقز بەخۆشی یەوە هەر ئێستەیش لە شاری سەقزدا نیشتە جێ یەو سەرقاڵی چالاکی یە

هونەریەکانی خۆیەتی .
سەرچاوە: ماڵپەڕی چەمەڕا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | سینەماکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1375

## محەمەد زارع زادە (حەمە دەنگخۆش)

http://www.kurdipedia.org/?q=20120114221826633833



محەمەد زارع زادە، ناسراو بە حەمە دەنگخۆش، گۆرانبێژ و ئەکتەری کۆمێدیا و تەنزە، خەڵکی شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.
هەروەها بەڕێوەبەر و پێشکەشکاریی بەرنامەی "شەو باش کوردستان"ـە لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی پارێزگای کوردستان، کە سەر بە دەنگ و ڕەنگ (سەدا و سیما) کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | ئەکتەر |
| جۆری کەس: | ڕاگەیاندکار |
| جۆری کەس: | گۆرانبیێژ |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سەقز |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1376

## محەمەد ساڵح دیلان

http://www.kurdipedia.org/?q=20081108153537132



کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا ساڵحی کوڕی مەلا قادرە. ساڵی 1927 لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایکبووە. سەرەتا لە مزگەوتی بابەعەلی خراوەتە بەر خوێندنو دواتر لە قوتابخانەی خالدییە قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووەو درێژەداوە بەخوێندنو تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە. ساڵی 1947 لە فەرمانگەی تووتن دامەزراوە.
لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا شیعری بڵاوکردۆتەوەو لە دوای گۆران بەسەرتۆپی نەوەیەکی نوێی شیعری کوردی لەقەڵەمدەدرێت. ئەم شاعیرە خۆی و بەرهەمە ئەدەبییەکەی تەرخانکرد بۆ خزمەتکردنی کێشەی گەلەکەیو دژایەتیکردنی کۆنەپەرستانو بەکرێگیراوان. لە ساڵی 1948 تا 1966 نۆ جار زیندانی کراوە و گەلێک جاریش دوورخراوەتەوەو تووشی ئازارو ئەشکەنجەدانو نانبڕین بووە.
شیعرە نیشتمانییەکانی دیلان ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری خەڵکی کوردستانداو حەمە ساڵح دیلان-یانکردە مەشخەڵێکی گەورەی سەر ڕێبازی کوردایەتی، کەم ڕووداوی نیشتمانییو نەتەوەیی هەیە دیلان بەشداری تیانەکردبێت و نەیکردبێتە بۆنەیەک بۆ جۆشدانی خەبات.
ئەم ڕۆشنبیرە گەورەیە ساڵی 1954 بەبێ مۆڵەتی دەوڵەت بەشداریکرد لە کۆنگرەی ئاشتیو هاوکاری گەلان-دا کە لە شاری (ڤیەننا)ی پایتەختی نەمسا ساز کرا، لەسەر ئەم بەشداریکردنە کە گەڕایەوە ڕەوانەی زیندان کرا. حەمە ساڵح دیلان جگە لەوەی کە شاعیرێکی گەورەو تێکۆشەرێکی خاوەن هەڵوێست بوو، دەنگخۆشێکی کەموێنەو ئاوازدانەرێکی دەگمەنیش بوو.
گۆرانییو مقامە بەسۆزەکانی دیلان کە شیعری زوربەیان نووسینی خۆیەتی تا ئێستاش هەر زیندوون. دیلان-ی شاعیرو هونەرمەند خاوەنی (مامە کورنوو)، (ئەی نازەنین)،(شێخ مەحمودی زیندوو) لە 28ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1990 دا، بە نەخۆشی دڵ کۆچیدوایی کردو لە پاش خۆی خەرمانێکی پڕ بەرەکەتی لە شیعرو ئاوازی دڵڕفێنو گۆرانیی ڕەسەن بۆ بەجێهێشتین.
شاعیری نوێکاری کورد و مەقامزانی بلیمەت محەمەد ساڵح دیلان لە 28-10-1990 دا لە تەمەنی 63 ساڵیدا دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی لە وێژە و لە هونەر و کورد و کوردستان کرد و ناو و خزمەتگوزاریی بۆ میللەتەکەی تا هەتایە بەنەمریی مانەوە.
دیلان خەباتگێڕێکی دڵسۆزی میللەتەکەی و دەنگێکی ڕەسەن و ناسکی هۆنراوەی نوێی کوردی بوو، شاعیرێکی نوێکاری ڕێبازی ڕیالیزمی نوێ بوو لە وێژەیی کوردیدا، زۆربەی هۆنراوەکانی پەردەیەکی تەنکی ڕۆمانسیەتی بەسەردا هەڵکێشرا بوو، ئەمەش جۆرە جوانی و ناسکیەکی پێ بەخشی بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خۆزگە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هۆزانەوان |
| جۆری کەس: | 🖉گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1377

# محەمەد ساڵەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100805100800466



لەساڵی 1962 لە کەرکوک لەدایک بووە
کۆلێژی کشوکاڵی تەواو کردووە لە زانکۆی سەڵاحەددین 1988
بەکالۆریۆس لە کۆلێژی BELFORD YNIVERSITY FOR ARTS لە ساڵی 2008
لە ساڵی 2002ENGLISH DIPLOMA ST LOUIS SCHOOL
لە ساڵي ENGLISH ACADEMIC DIPLOMA NORQUEST COLLEGE 2010
بۆ ماوەی زیاد لە 20 ساڵ کاری رۆژنامەنووسیی کردووە وەکو هونەرمەند و نووسەر
دەستی باڵای هەیە لە کاریکاتێرو وێنەی منداڵان و تابلۆ و نووسینی هونەری
خەڵاتی دووەمی وەرگرتووە بۆ کاریکاتێر لە بەغدا لەساڵی 1987
لە زۆربەی گۆڤارو رۆژنامەکاندا کاری کردووە و گۆڤارێکی دەرکردووە بە ناوی تیشکی کوردستان لە کەنەدا
یەکەم فلیمی کارتۆنی کوردی بەرهەم هێناوە لە ساڵي 1993
بەرگی چەندین کتێبی بۆ نووسەران کردووە
خاوەنی چەندین پێشانگەی هونەرییە لە ناوەو دەرەوی کوردستان
خەڵاتی دووە م لە پێشانگای هونەرمەندانی ئۆنتاریۆ لە کەنەدا 1999
ئەندامە لەکۆمەڵەی هونەرمەندانی SAGA، CALIFORNIA ARTS CLUB، OIL PAINTERS OF AMERICA
لەلایەن گۆڤاری هونەری LEISURE PAINTER MAGAZINE کە لە بەریتانیا دەردەچێت وەکو هونەرمەندێکی جیهانی هەڵبژێردراوە لەساڵی 2014، تابلۆکانی تێدا چاپ کردوون

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | هونەرمەند |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1378

## محەمەد سدیق بارزانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150116015009118858



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | فۆتۆگرافەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1379

## محەمەد سەلیم - ئارا چیا

http://www.kurdipedia.org/?q=20081110130924209

ساڵی 1962 لەشاری سلێمانی لەدایکبووە و دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی ساڵی 1985ە. ساڵی 1982 تا 1985 بەشداری سەرجەم فیستیڤاڵەکانی پەیمانگای کردووە و هەروەها لەکوردستان و هۆڵەندا بەشداریی چەندین پێشانگای تایبەت و هاوبەشی کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1380

## محەمەد عارف

http://www.kurdipedia.org/?q=20091009165058207б



لە ساڵی (1937) لە شاری رواندز سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، لە ساڵی (1956) دبلۆمی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بەدەست هێناوە، لە ساڵی (1967) ماستەری لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی مۆسکۆ بە پلەی نایاب بەدەست هێناوە، هەروەها لە ساڵی (2004) پلەی دکتۆرای بە هەمان پلە لە فەلسەفەی هونەر لە زانکۆی سەڵاحەدین/ هەولێر بەدەست هێناوە .
دامەرزێنەری کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەڵاحەدینە، وەکو مامۆستای زانکۆ لە زۆرێک لە زانکۆکانی کوردستان و عێراق وانەی گوتۆتەوە، بەم دواییانەش لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەڵاحەدین، وەک مامۆستا لە کارەکەی بەردەوام بوو، لە ساڵی (2001) خەڵاتی دەوڵەتی بۆ داهێنانی هونەری بەدەستهێنا .
ناوبراو ئەندامی چەند کۆمەڵەیەکی بووە، لەوانە: ئەندامی کۆمەڵەی بەغدا بۆ هونەری نوێ، ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندانی شێوەکاری عێراق، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق، ئەندامی هەردوو بنکەی هونەرمەندانی پاریس و مۆسکۆ .
پێشانگاکانی:
سێ پێشانگای تایبەتی لە سۆڤێتی پێشوو (1961-1967)، پێشانگایەکی تایبەتی لە مۆزەخانەی نیشتمانی هونەری نوێ لە بەغدا (1971)، پێشانگایەکی تایبەتی لە هۆڵی کۆمەڵەی رۆشنبیرانی کورد لە بەغدا (1976)، پێشانگایەک لە هەولێر (1977)، پێشانگایەکی دیکەی لە هۆڵی "رواق" لە بەغدا (1981)، پێشانگای "سەمفۆنیای چیاکان" لە بەغدا (1984)، پێشانگا "سەمفۆنیای هونەر" لە هۆڵی میدیا لە هەولێر (1993)، پێشانگای "عاشقی کوردستان" لە هۆڵی میدیا لە هەولێر (1998)، پێشانگای "کوردستانی من" لە هۆڵی مۆزەخانە لە سلێمانی (1999)، پێشانگایەک لە مۆزەخانەی نیشتمانی لە بەغدا (2001)، جگە لە ژمارەیەکی زۆری پێشانگا هاوبەشەکانی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی جیهان .
شێوەکاری کورد، خاوەنی چەندی کتێبە لە بواری هونەری شێوەکاری بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی. لە رۆژی 09-10-2009 بە جەڵتەی دڵ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.
سەرچاوە: پاسار فایەق - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| جۆری کەس: | نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | رواندز |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1381

## محەمەد عومەر

http://www.kurdipedia.org/?q=20140619110257100931

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: فۆتۆگرافەر

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1382

## محەمەد عەباس بەهرام

http://www.kurdipedia.org/?q=20091223215838303 2




لە ساڵی 1952 لە گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵڵای کەرکووک لەدایک بووە، لە سەرەتای حەفتاکاندا بەشی موزیکی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە، تا ئێستە نزیکەی 30 گۆرانیی تۆمارکراوی هەیە، لە چەندان ئاهەنگ و فێستیڤاڵی هونەریی کوردی لە دەرەوەی کوردستان بەشداریی کردووە، لەڕووی موزیکەوە پیانۆژەنێکی بەتوانایە و لە گۆرانیشدا بەبەرجەستەکردنی ستایلی رۆئاوایی لە شێوازی کوردی ناسراوە، لە 1985ەوە تا ئێستە لە سکوتلەندا نیشتەجێیە.

سەرچاوە: وشیار ئەحمەد ئەسوەد - ماڵپەڕی کوردستان نێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: کەرکوک

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1383

## محەمەد عەبدول

http://www.kurdipedia.org/?q=20121216093323743 58



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1384

## محەمەد عەبدولمەجید

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010521580522050

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1385

## محەمەد عەزیز 2

http://www.kurdipedia.org/?q=2011061516154160279




...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1386

## محەمەد عەزیز جاف

http://www.kurdipedia.org/?q=201009281456019720



فۆتۆگرافەر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: فۆتۆگرافەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1387

## محەمەد عەزیز زازا

http://www.kurdipedia.org/?q=200911031933202367



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هونەرمەند

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1388

## محەمەد عەسگەری (ماسیزان)

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072811191089426



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: خۆشنووس

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1389

## محەمەد عەلی ئەتروشی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012121110282574297

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | 🎭ئەکتەر |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | دهۆک |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1390

## محەمەد فەتاح

http://www.kurdipedia.org/?q=200903021043491492



ساڵی 1965 لە سلێمانی لەدایکبووە و دوای تەواو کردنی بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرجوانەکانی سلێمانی لەساڵی 1985 دا، ساڵی پار هەمان بەشی لە کۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی تەواوکرد. ناوبراو خاوەنی پێنج پێشانگەی تایبەتە و بەشداری زیاتر لە 180 پێشانگای هاوبەش لە کوردستان و دەروەی هەرێم کردووە وەک(ئەڵمانیا و نەمسا و کەنەدا و هۆڵەندا و بەریتانیا و یابان و بەلجیکا و نەرویج و فنلەندا و میسر و ئێران) لەگەڵ ئەوەی خاوەنی 12 خەڵاتی هونەرییە، لەچەندین گۆڤار و رۆژنامەی کوردیدا بەرهەمی هونەری و کاریکاتێری بڵاوکراوەتەوە و وەک وێنە کێش و بەڕێوەبەری هونەری و راوێژکاری هونەری لە چەند گۆڤار و رۆژنامەیەک کاری کردووە.
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| نەتەوە: | کورد |

ولّات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1391

## محەمەد قەدری

http://www.kurdipedia.org/?q=20100822165640483O



هونەرمەند محەمەد غەریب قەدری لەساڵی 1935 لەپێنجوێن لەدایکبووە و گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێریش گەڕەکی بەڕێکردنی تەمەنی منداڵی ئەوبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیشی هەر لەو گەڕەکە تەواوکردووە، لەبەرئەوەی باوکی بووە عەمیدی کۆلیژی شەریعە لەبەغدا، کوردستانیان جێهشێت و لەبەغدا نیشتەجێ بوون، قەدری هەر لەبەغدا خوێندنی ئامادەیی و پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەشی مۆسیقای تەواوکردووە، ئێستا ئەو باوکی پێنج کورە، سێ لەکورەکانی هونەرمەندن و لەبەغدا دەژین، دوو کوریشی لەگەڵ خۆی لەهەولێرن. تائێستا خاوەن 450 گۆرانی تۆمارکراوە.

سەرچاوە: زانا دڵشاد دزەیی - ماڵپەڕی کوردستان نێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: هەولێر

نەتەوە: کورد

ولّات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1392

## محەمەد گۆمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140607222424100649



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1393

## محەمەد مەجید

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012909571169135

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: فۆتۆگرافەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1394

## محەمەد مەجید - محەمەد کفری

http://www.kurdipedia.org/?q=200902121029251289

لەساڵی 1961 لەشارۆچکەی کفری لەدایکبووە، لەسەرەتای ساڵی 1970ەوە خولیای هونەری فۆتۆگرافی بووە، تا ئێستا 11 پێشانگای تایبەتیی لەشارەکانی کوردستان کردۆتەوە و بەشداریی لە 55 پێشانگای هاوبەشیش کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: فۆتۆگرافەر

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: کفری

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1395

## محەمەد مەعسوم سوەر

http://www.kurdipedia.org/?q=20140113140613866697




محەمەد مەعسوم سوەر لە ساڵی 1974 لە شاری ئامەد لە باکووری کوردستاندا لە دایک بووە،
لە بواری فۆتۆجورنالیسدا کار دەکات، تا ئێستا لە چەندین پێشانگای ناوخۆ و دەرەوەدا بەشداری کردوە و چەندین خەڵاتی ڕێزلێنانی وەرگرتوە لە بواری فۆتۆدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | فۆتۆگرافەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - بادینی |
| شارەکان: | ئامەد |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1396

## محەمەد مەهدی محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20140614120759766664



لە ساڵی 1955 لەدایکبووە، خاوەنی وێنەگری نەورۆزە لەساڵی (1975) دەستی بەم کارە کردووە، بۆیە لەبارەی کارەکەی محەمەد مەهدی بەکوردستانی نوێی وت: من سەرەتا حەزم لەوێنەکێشان بوو دواتر لەلایەن چەند وێنەگرێکی تر هاوکاری کرام وەک محەمەد شوان، عەلی حەمە دەمین ئەوان وێنەگری کۆنی شاربوون، من لەوان ئەزموونم وەرگرت و فێری وێنەگرتن بووم، لەساڵی (1975) دەستمکرد بەوێنەگرتن کرد تائێستا هەموو وێنەکانم لەژووری ئەرشیفی وێنەکان لەدوکانەکەم پاراستوە کە مەزندەی (400) هەزار وێنەی ڕەش و سپی دەکات، هەروەها من هەندێ وێنەی ترم دەست کەوتووە کە لەلایەن ئینگلیزەکان و تورکەکان گیراوە، دوای ئەوەی کۆمپیوتەر هات وێنەکانی ئەوانیشم ئەرشیف کردووە.
وتیشی: ئامانجمان لەکارەکەمان پاراستن و ئەرشیف کردنی مێژووی شارێکە بەکەسایەتییەکان و شوێنەوارە دێرینەکانی، بۆ ئەوەی نیشانی نەوەی داهاتووی بدەین کە سیماو جلوبەرگ و بیناسازی ئەوەکات چۆن بووە کە ئەمەش گرنگییەکی خۆی هەیە لەهەموو ڕوویەکەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - 14-06-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | فۆتۆگرافەر |
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کۆیە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1397

## محەمەد ناهید

http://www.kurdipedia.org/?q=20090909114753199



ساڵی 1318ی هەتاوی لە شاری سەقز لە دایک بووە و لە گوندی سلێمان کەندی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی سەقز گەورە بووە، خوێندنی سەرەتایی لە شاری سەقز دەست پێ کردوە و خویندنی زیاتری بردووەتە شاری تاران و لە زانستگەی نیزام دیپلۆمی وەرگرتوە و لەو کاتەوە بوەتە سەروان محەمەدناهید و بەم نێوە ناوبانگی دەرکردووە. هونەرمەند محەمەدناهید بە هۆی ئەوەی لە بنەماڵەیەکی هونەرمەند دا گەورە ببوو و کوری خوالێخۆشبوو نیگارکێشی بە توانا (فەیزوڵڵاخان ناهید) بووە زۆر زوو تێکەڵ بە دونیای هونەر بووە و هەر لە منداڵییەوە هەستی بە بەهرەی هونەری و دەنگ خۆشی خۆی کردوە و بەردەوام لە کۆڕو کۆبوونەوەی دۆستان و هەڤاڵانییدا گۆرانی وتووە و لە خزمەت باوکیدا ژەنینی ئامێری تار فێر بووە.

لە سەردەمێکدا کە ئەفسەر بووە لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی وەک مەرحوومی وەرگێر کاک محەمەد قازی، جەلیل و موحسین جەعفەرزادە، سەرهەنگ ناسر مستەوفی دەبێتە هەڤاڵ و پێکەوە کۆرگەلێکی هونەری دەگێرن و لە یەکێک لەو کۆڕانەدا لەگەڵ هونەرمەند کاک مەزهەر خالقی ئاشنا دەبێ، کە بە یارمەتی وەرگرتن لە کاک مەزهەری خالقی ساڵی 1986ی زایینی دەچێتە رادیۆ تاران و لەوێ چەند بەرهەمێکی گۆرانی تۆمار دەکات.

دواتر واتە پاش سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران دوو شریتی دیکە لە دوو کاتی جیاوازدا بە یارمەتی و هاوکاری هونەرمەندان رەشیدفەیزنژاد، ئیسماعیل شاهی، موحەممەد دانش، فاورق مەتین، حسەین رەهبەر، رەسووڵ میرزاپوور، عەزیز سەیفی، فەردین تاهیری، مەسعود پەیامی، ناسر ئیسماعیلی و هەروەها هاوکاری خاوەنی تۆماگەی تەڵایی کاک حسەین تەڵایی تۆمار و بڵاو دەکاتەوە کە کۆی گۆرانیەکانی موحەممەد ناهید 35 گۆرانی دەبێ و بەشی هەرە زۆریان گۆرانی فولکلۆری کوردەوارین کە کاک موحەممەد ناهید بە وتنەوەی ئەو گۆرانیانە لە باری مێلۆدیەوە دارشتنێکی دیکەی بۆ کردون وگیانێکی تازە و سەردەمیانەی بە بەردا کردون و چەند گۆرانی وەک (کۆترە باریکە) و (ئەرهۆی باڵابەرز) لەو گۆرانیانەن کە بە گۆرانی حەمەخانی ناهید لە ناو خەڵکدا دەناسرێتەوە.

سەروان محەمەد ناهید لە گەڵ ئەوەی کە گۆرانیبێژێکی بە توانای هونەرییە و شارەزایی باشی لە ناسینی نۆت و دەستگاکانی گۆرانی و مۆسیقادا هەیە پەنجەیەکی رەنگینیشی لە نیگارکێشی دا هەیە و دەستێکی باڵای لە سازکردنی ئامێری تار دا هەبووە و گەلێ سازی باش و ئەنتیکەی سازکردوە کە ئێستایش هەر لە دەستی دۆستانی هونەرمەندیدا ماونەتەوە.
محەمەد ناهید لە هیچ تەمەنێکدا لە تێکۆشانی فەرهەنگی و هونەری نەوەستاوە و بەردەوام لە هەوڵ و کۆششی هونەری و فەرهەنگی دابوە کە لەم ساڵانەی دوایدا لە گەڵ هەڵکشانی تەمەنی و خانە نشین بوونی لە کاروباری نیزامی دا ئەکتەر بوونیشی دەستپێکردوەو لە فیلمی نیوەی مانگ بە دەرهێنانی بەهمەن قوبادی، و تفەنگی دوولوول بە دەرهێنەری ئەفشین عەلیزادە و دەنگی دار بە دەرهێنەری سەلاح ئەردەڵان دەوری بەرچاوی گێراوە.
پرۆژەیەکی کولتووری بە دەستەوەیە کە ماوەی بیست ساڵە بەردی بناخەی داناوە و وشەی بۆ کۆدەکاتەوە و دەیەوێ ببێتە وشەدانێک لە چەشنی هەنبانەبۆرینە لە وشەی کوردی و لە کتێبخانەی کوردی دا بپارێزرێت، کە ئەو پرۆژەیە روو لە تەواو بوونە و تەنیا پیتی ئەلفەکەی 2800 وشەیە و پیتی بێ 3700 وشە و پیتی پێ 1800 وشەیە، کە هیچکام لەو وشانە لە هەنبانە بۆرینەدا نەهاتوون و بە شێوەیەکی دیکە درێژەی کتێبی بەنرخی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژارە و موحەممەد ناهید دەیەوێ بڵاوی بکاتەوە و لە خزمەت خەڵک دا بێ و هەتا ئێستا پیتەکانی ئەلف وبێ و پێ وەک سی دی ئامادەکراوە و بەردەوامیشە لە ئامادەکاری بە مەبەستی چاپ و بڵاو کردنەوەیان.
هونەرمەدی گۆرانیبێژ و موزیسیەن محەمەد ناهید ئێستا لە شاری سنە نیشتەجێیە و خاوەنی پێنج منداڵە (2 کور و 3 کچ) و ژیانی ئاسایی خۆی لە نێو خاوخێزانی گەرم وگوری فەرهەنگی و هونەری دا تێدەپەڕێنێ.
سەرچاوە: ماڵپەری سەقز

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |
| رەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1398
**محەمەد هاشم**
http://www.kurdipedia.org/?q=20110206084910331444



1973له کۆیه لەدایک بوه.
دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان 1997

پیشانگا تایبەتیەکان
1998یەکەمین پیشانگای تایبەتی وەرزی ماسیەکان –هەولێر– هۆڵی میدیا.
2001دووەمین پیشانگای تایبەتی (ئەنفال-سێبەری نیشتمانێکی ونبوو) هەولێر – هۆڵی میدیا.سلێمانی – ئاکرێ.
2002سێیەمین پیشانگای تایبەتی (پیاوێک هەمیشە تەنیا) هەولێر- هۆڵی میدیا.
2003چوارەم پیشانگای تایبەتی (لندن The warin center)
2004پێنجەم پیشانگای تایبەتی (ماسکەکانی شەو) سلێمانی هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.

پێشانگا هاوبەشەکان
1983بەشداری پیشانگای مندالانی عێراقی کردوە لە ئیتاڵیا – خەڵاتکراوە.
1988بەشداری زۆربەی پیشانگاهاوبەشەکانی بنکەی لاوانی کۆیەی کردوە لە شارەکانی (کۆیە –هەولێر- سلێمانی- دهۆک –بەغدا.(
1989پیشانگای هاوبەشی چوار هونەرمەند – هەولێر –هۆڵی قوتابخانەی سەڵاحەددین.
1997 -1992بەشداری سەرجەم پیشانگاکانی هونەرە جوانەکانی کردووە.
1993یەکەمین پیشانگای کاریکاتێری (هۆڵی میدیا.(
1993بەشداری پیشانگای ناوەندی رۆشنبیری سەردەم (قەڵای هەولێر(
1994بەشداری پیشانگای ناوەندی رۆشنبیری سەردەم (قەڵای هەولێر(
1993پیشانگای هاوبەشی ناوەندی میزۆپۆتامیا – هەولێر –سلێمانی – دهۆک.
1996پیشانگای هاوبەشی گروپی رێما – 5هونەرمەند – هۆڵی میدیا.
1996پیشانگای هاوبەشی ئەنفال هەولێر _ هۆڵی میدیا.
1996پیشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی هەولێر – هۆڵی میدیا.
1997پیشانگای هاوبەشی گروپی شێوەکاران –هۆڵی میدیا.
1998پیشانگای هاوبەشی (پەیڤەکانی جوانی) هۆڵی میدیا – هەولێر.
1999بەشداری خولی یەکەمی گەلەری کوردستان – هەولێر –قەڵات.
2000پیشانگای هاوبەشی (گوتاری خۆشەویستی) هونەرمەندانی عێراق-هەولێر – هۆڵی میدیا.
بەشداری پیشانگای وڵاتانی بێ ئاڵا – تەکساس – ئەمریکا2000
2001پیشانگای (خەڵاتی بەدلیسی) رێکخراوی American society for kurds
2001پیشانگای هاوبەشی گەلەری زاموا – سلێمانی.
2002پیشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی هەولێر – لەسلێمانی – گەلەری زاموا.
2003بەشداری خولی گەلەری زاموا – سلێمانی.
2004پیشانگای هاوبەشی (هەمیشە رەنگ هەمیشە ژیان) هۆڵی میدیا هەولێر
2004دامەزراندنی گەلەری کۆیە لە شاری کۆیە.
2004بەشداری پیشانگای هونەرمەندانی کوردستان – سنە- ئێران.
پێشانگای هاوبەشی 12 هونەرمەند(ڤیستڤاڵی حاجی قادری کۆیی) کۆیە – گەلەری کۆیە.

2005کردنەوەی یەکەمین خولی گەلەری کۆیە- قشڵەی کۆیە.
2005کردنەوەی پیشانگای هاوبەشی 10 هونەرمەند –گەلەری کۆیە.
2005نمایشی تایبەتی (بەدرخانیەکان) دهۆک هۆڵی کتێبخانەی بەدرخانی.
2005پیشانگای هاوبەشی هونەرمەندان (اطیاف لونیة) قاهرة – مصر قاعة نهر – مجمع الثقافی(ساقیة عبدالمنعم الصاوی.(
2006کردنەوەی خولی دوەمی گەلەری کۆیە.
2006پیشانگای هاوبەشی (پایز) گەلەری کۆیە.
2007پیشانگای هاوبەش (تیرۆر) هۆڵی میدیا هەولێر
2007کردنوەی خولی سێیەمی گەلەری کۆیە.
2007بەشداری یادی ئەنفال (پارکی شەهید سامی عبدالرحمان(
2007پرۆژەی ئەنفال (40×40) هۆڵی ئەمنەسورەکە – سلێمانی.
2007پیشانگای هاوبەشی (هەمیشە رەنگ هەمیشە ژیان) هۆڵی هەولێر
2007بەشداری پیشانگای ڤیستڤاڵی هەولێر.
2008پیشانگای هونەرمەندانی کوردستان بەسەرپەرشتی گەلەری کۆیە –هۆڵی پیشەوا ناو وەزارەتی رۆشنبیری.
2008بەشداری ڤیستڤاڵی رۆژی هەولێر.
2008پرۆژەی ئەنفال – سلێمانی – ئەمنەسورەکە.
2009پیشانگای هاوبەشی art roll لندن.
2009پیشانگای هاوبەشی ئەنیستەلاسیۆن – لبنان.
2010بەشداری پیشانگای هاوبەشی وڵاتانی بێ ئاڵا – تەکساس – ئەمێرکا.
کارە هونەریەکانی دیکە -:
دامەزراندنی گەلەری کۆیە 2004.
سەرپەرشتی دروستکردنی پەیکەری سامی عەوداڵ- کۆیە 2007
لە زۆربەی گۆڤار و رۆژنامەکان بابەتی هونەری دەنووسێت.
چاپکردنی کتێبی (ڤانکوخ) 2010.
مامۆستا لەبەشی شێوەکاری – پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر
بەڕێوەبەری کەناڵی گۆران/هەولێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆران |
| جۆری کەس: | 🎨شێوەکار |
| جۆری کەس: | راگەیاندکار |
| جۆری کەس: | ✍نووسەر & لێکۆڵەر |
| رەگەزی کەس: | 👨پیاوان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کۆیە |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1399

**محەمەد هاوتا ئەسعەد**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141208173647781 71



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: هەولێر

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1400

**محەمەد وەیس**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150825140954125515



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: کەرکوک

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1401

**محەمەد کازم**

http://www.kurdipedia.org/?q=20110202113702330 93



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1402

## محەمەدی ماملێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20081110140100223



ناوی "محەمەد کوری سەعید کوری عەلی"یە، ساڵی 1925 لەشاری مەهاباد (سابڵاخ) لەدایکبووە، بنەماڵەی ماملێ یەکێکە لە بنەماڵە هەرە کۆنەکانی دانیشتووی مەهاباد، زۆربەی ئەندامەکانی بەدەنگ خۆشی و هونەرمەندی ناسراون. محەمەدیش کەلەو ژینگەیەدا پەروەردە کراوە هەر زوو بەهرەی خۆشخوانی تێدا دەرکەوتووە، لەتەمەنی سیانزەساڵیدا یەکەمین گۆرانی لەبۆنەیەکدا پێشکەش دەکات و لێهاتوویی خۆی ئەسەلمێنێ.

ئەم هونەرمەندە بلیمەتە لە ماوەی 56 ساڵی ژیانی هونەرییدا نزیکەی 328 گۆرانی تۆمار کردووە .

محەمەدی ماملێ، ئەوەی بەئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی هونەر و مۆسیقای کوردی دادەنرێت، تەنیا بەیتەفۆلکلۆرییەکانی نەکردووەبەگۆرانی، بەڵکو شیعری گەلێ شاعیری گەورەشی بەدەنگەخۆشەکەی خۆی کردووەبەگۆرانی، لەوانەشیعرەکانی وەفایی، هێمن، هەردی، گۆران....هتد .

محەمەدی ماملێ هانی دەنگ خۆشانی بنەماڵەکەیشی داوەهەمان ڕێباز بگرن و وەک مامۆستایەکی بەئەزموون ڕێنمایی کردوون.

بنەماڵەی ماملێ لە چالاکیبە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانیشدا ڕۆڵی دیاریان هەبووە، هونەرمەندی گەورەمحەمەدی ماملێ جگەلەوەی کە لە بەرهەمەکانیدا باسی ئازادی و پێشخستنی کۆمەڵ دەکات، باوکی شەهیدێکی کوردستانیشە، ماملێ لەساڵی 1994دا دوا گۆرانی تۆمار کرد، لەو ساڵەوەتووشی نەخۆشییەکی سەخت بوو و دوای پێنج ساڵ بەو نەخۆشییەکۆچی دواییکرد و لەپاش خۆی ناوبانگێکی گەورەو بنەماڵەیەکی هونەر پەروەر و خەرمانێ لەئاواز و گۆرانی ڕەسەنی کوردی بۆ نەوەکەی جێدەهێڵێت.

ماملێ ڕۆژی 23-01-1999 کۆچی دوایی کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: مەهاباد

نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1403
## مریەم بووبانی
http://www.kurdipedia.org/?q=20090302143118151 2



ساڵی 1953 لە شاری سنە لە دایک بووە. ساڵی 1970 سەرەتا بە ڕۆڵ بینین لە شانۆگەرییەکانی شاری ماە شەهر دەستی بە کاری هونەری کرد و پاشان بۆ درێژەپێدان بە کاری ئەکتەری سەردانی شاری تارانی کرد. بووبانی ئەکتەرێکی بەئەزموونی سینەمای و تەلەفیزیۆنی ئێرانە کە لە کۆمەڵێک فیلمی سینەمایی و زنجیرە درامای تەلەفیزیۆنی بەرچاوی ئێران، بە سەرکەوتوویەوە ڕۆڵی بینیوە و لە چەندین فیلمی سینەماییدا ڕۆڵی کەسایەتییە کوردەکانی بینیوەو بە زمانی کوردی قسەی کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: 🎭ئەکتەر
ڕەگەزی کەس: 👤خانمان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سنە
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1404
## مریەم خان
http://www.kurdipedia.org/?q=20081118153117357



گۆرانبێژی ناوداری کورد مریەم کچی محەمەدی کوریی ئەحمەدی بۆتانی ناسراو بەمریەم خان لەساڵی 1904دا لەگوندی "دێرگول"ی جزیرەی بۆتان لەکوردستانی باکوور چاوی بەژیانی هەڵهێناوە.
ژیانی منداڵیی لەشاری دیاربەکر بەسەربردووە، کەجەنگی یەکەمی جیهانی لەپاییزی 1914دا هەڵگیرساوەژیانی ناوچەکەیان لەڕووی رامیاری و کۆمەڵایەتییەوەئاڵۆزبووەو تووشی کارەساتی ژیان و گوزەران بوون، بۆیەبەزۆری خەڵکی ئەو ناوچانەڕوویان کردۆتەپارچەکانی دیکەکوردستان، بەتایبەتی بەرەو کوردستانی باشوور و وڵاتی شامەوەچوون و موڵک و دێهاتی خۆیان بەجێهێشتووەخاتوو "مریەم خان"ی کچەدەنگخۆش و شەیدای هونەرو ئاوازی کورد لەسەرەتادا بەرەو سوریا دەچێ و ماوەیەک لەدیمەشق دەژی و مریەم خان لەساڵی 1924دا دێتەکوردستانی باشوور

و لەزاخۆ ماوەیەک نیشتەجێ دەبێت و لەدواییدا، لەدەبیستێ لەبەغدا کۆمپانیای گۆرانی تۆمارکردن لەسەر قەوان دامەزراوە، رووددەکاتەپایتەخت خانووپەک لە"باب الشرقی" بەکرێ دەگرێ و ماڵێکی خنجیلانەدادەنێ و لەساڵی 1930دا چەند لاوک و بەستەیەکی بەسۆز لەسەر قەوان لەکۆمپانیاکانی "ئۆدین" و "بەیزافۆن" تۆمار دەکات و ئەم سترانانەش هەندێکن لەلاوک و بەستەتۆمار کراوەکانی لەسەر قەوان:

-1لۆرکێ لۆرکێ
-2گولێ وەی نار وەی نارێ
-3هەی بەردەبەردە
-4لێلێ وەسۆ
-5گوڵ شێنی شێنی
-6یار حەلیمێ
-7محەمەدێ رۆمی
-8لێلێ ئێمۆ
-9لێ دایێ
-10لێلێ سوارۆ
-11ئەی دەلال

جگەلەسترانەکانی سەر قەوانی، بەدەیان لاوک و بەستەی کوردی لەئاهەنگی گۆرانی راستەوخۆی لەئێستگەی رادیۆی کوردیی بەغدا چڕیوەو چەپکێک گۆرانیش بەدوو قۆڵی لەگەڵ سترانبێژەهونەرمەندەکانی کورد، محەمەد عارفی جزیری، حەسەن جەزراوی، ئەڵماس محەمەد گوتووە.

مریەم خان لەساڵی 1949دا تووشی نەخۆشیپەکی کوشندەبووە، هەرچەندەخرایەنەخۆشخانەی تایبەتی و هەوڵی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی درا، بەڵام بێ سوود بوو و لەئەنجامی ئێش و ئازار لەدوادوای مانگی تەمووزی ئەو ساڵە1949 لەشاری بەغدا کۆچی دواییکرد و تۆماری ژیانی ئافرەتێکی پێشەنگی کاروانی سترانبێژی کورد تا هەتایەپێچرایەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

رەگەزی کەس: خانمان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی

شارەکان: جزیرە

نەتەوە: کورد

وڵات: باکووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1405

**مزگین**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140522220654764 29



کچە کوردێکی خەڵکی کوردستانی باکور بەناوی مزگین، لەیەکەم کلیپی وروژێنەری نیمچە رووتدا بەناوی "Get You Off" دەرکەوت.
ئەم کچە کوردە دانیشتووی وڵاتی سویدە و لەیەکەم ساتەکانی بڵاوبونەوەی کلیپەکەیدا باس و خواسی زۆری لەتۆرە کۆمەڵایەتییەکان دروستکردووە و لەسەر یوتوبیش زیاتر لە 250 هەزار بینەری تێپەراند.
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

رەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باکووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1406

## مزگین تاهیر

http://www.kurdipedia.org/?q=201003101654503875



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: هونەرمەند

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1407

## مژدێن

http://www.kurdipedia.org/?q=201009211609119584



کچە گورانیێژی کورد لە سالی 1981 لە دایک بووە، ئێستا لە وەلاتی هوللاندا دەژیت، لە بەر ئەوەی لە دواترین کلیپ دا بە ناوی(پاداشت) هەندێ گرتەی ڤیدیوی کە بە شێوەیەکێ رووت وێنە کردووە لە لایەن هەندێکیا رەخنەی توند ئاراستە بووە. کلیپەکەی تەنیا لە سەر مالپەری یوتوب دێتە پەخش کردن.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (روژهات) سەبارەت بە (مژدین سالح) لە: 18-12-2010 22:02:19

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: خانمان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1408

## مستەفا ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=200911032327362376



لەمانگی 11ی ساڵی1947 لەشارۆچکەی عەربەت لەدایک بووم، ئەوکاتە باوکم چایخانەو دوکانی هەبووە لەوێ کەدایکمی هێناوە و ئیتر من لەوێ لەدایک بووم، پاش دووساڵ باوکم ئەمری خوا دەکات و وابزانم ساڵی 50 کۆچی دوایی کردوە، بەهەرحاڵ هیچ شێوەو شتێکی نایەتەوە پێش چاوم، دوای ئەوە دایکم بەخێوی کردووین، دایکیشم چایخانەکەی بۆ نەچۆتە ڕێوە و کردوویەتی بەدوکان، دوکانەکەش وردە وردە ژیانی پێ دابین کردووین، دایکم پێش ئەوەی شووبەباوکم بکات و براکانیشی لەسلێمانی بوون بۆیە دەگەڕێیتەوە سلێمانی، ئیتر لێرە درێژەیدا بەدوکانەکەی تاساڵی 1992 ئەمری خوای کرد، منیش لەسلێمانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیم تەواو کرد، وەلەساڵی 1967 ئامادەییم تەواو کرد، وەلەڕێگەی قوتابخانەوە وردە وردە تێکەڵی کاری هونەری بووم، ئالودەیەکی سەیرم هەبوو بۆ ئیشی شانۆ و نواندن، یەکەمجار لەدوای سێی ناوەندی هەوڵمدا بچمە پەیمانگای هونەرە جوانەکان ڕێک نەکەوت.
سەرچاوە: سەرکەوت ئەحمەد - ماڵپەڕی کوردستان تی ڤی

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری کەس: ئەکتەر
جۆری کەس: ڕاگەیاندکار
ڕەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کورد
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1409

## مستەفا دادار

http://www.kurdipedia.org/?q=201006232306524498



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: مەهاباد

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1410

## مستەفا رەئوف - ڕێحانە

http://www.kurdipedia.org/?q=2012061913385470165



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: سلێمانی

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1411

## مشکۆ هەولێری

http://www.kurdipedia.org/?q=20081220203312881



نەجم محەمەد، مشکۆ هەولێری هونەرمەندی قۆریات و بەستەی ڕەسەن و مەقامی کوردی بوو، کەم کەس هەیە لەکوردستان ناوو ناوبانگی ئەم هونەرمەندە میللییەی نەبیستبێ، بەتایبەتی مەقامە بەناوبانگەکەی (لەپاش مەرگم).. مشکۆ ناوی تەواوی (شەوکەت کوڕی سەعید کوڕی حاجی ئیبراهیم ئاغای دێرێییە)، ساڵی 1908لەگەڕەکی سەرای قەڵای هەولێر لەدایکبووە، لەساڵی 1914دا لەژێر فشاری گرانی و قاتوقڕیدا ماڵیان لە هەولێرەوە گواستۆتەوە بۆ گوندی (دێرێ)، کە گوندی باووباپیرانی بووەو لەساڵی 1918 دەگەڕێنەوە هەولێر، ساڵی 1923 باوکی کۆچی دوایی دەکات و دواتر حاجی سابیری عەلافی خاڵی بژێویی خێزانەکەیان لەئەستۆ دەگرێ و بۆ یەکەمجار لەماڵی (عەلی پاشای دۆغرەمەچی) لەساڵی 1931دا مەقامی (بەیات) دەخوێنیت، لەو ئاهەنگەدا کە بەبۆنەی بوون بەئەندام پەڕلەمانی ناوبراوەوە سازکرابوو. لەسەر دەستی مامۆستای مەقامات و دەنگخۆشی شاری هەولێر (شەهابە) فێری گۆرانی و مەقامات بووە، کە شەهابە قوتابخانەیەکی ڕەسەنی گۆرانی و مەقاماتی عیراقی بوو. هەروەها لە(کاویسە ئاغا)وە فێری لاوک بووەو لاوکی (لێ لێ جەوێ)ی لەوەوە بیستووە و دواتر تۆماریکردووە. مشکۆ لەساڵی 1939دا ژنی هێناوە کچێکی بووە، لەساڵی1943دا بەرەو بەغداد دەڕواو ژن و کچەکەی لە هەولێر جێدێڵێ، پاشان ژنەکەی تووشی نەخۆشیی گرانەتا دەبێ و هەر بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە گیان لەدەست دەدات، کاتێک مشکۆ لەبەغدا ئەم هەواڵە دەبیستێ بەپەلە دەگەڕێتەوە هەولێرو دەچێتە سەر گۆڕەکەی و شیعرەکەی (ئەختەر) بەدەستکارییەوە بەمەقام دوڵێ و لەگەڵیشیدا ئەڵبەتە دەگری کە دەڵێ (لەپاش مەرگم چ فایدەیە بێیە سەرقەبرم لەبۆ شیوەن) دیارە ئەمەش چیرۆکی لەدایکبوونی مەقامی (لەپاش مەرگم)ە، دواتر لەساڵی 1948دا ژنی دووەم دێنێتە وە لەو ژنەش دوو کوڕو کچێکی دەبێت، شایەنی گوتنە کوڕەکانی لەخۆشەویستی و وەفایانەوە بۆ باوکیان تۆمارگەیەکیان لە هەولێر بەناوی (تۆمارگەی مشکۆ)وە داناوە. مشکۆ هاوڕێیەتی و دۆستایەتیی هونەریی لەگەڵ گەلێک لەهونەرمەندە گەورەکانی کورددا هەبووە، لەوانە: (کاوێس ئاغاو عەزیز ئاغاو محەمەد عارف جزیری و حەسەن جەزراوی و تایەر تۆفیق و ڕەسوڵ گەردی و حەیدەر بەقاڵ و.. هتد .(

لەساڵی 1950دا لەدانیشتنێکی ئاهەنگسازیدا لەماڵی (لەتیف چەخماخچی) لەقەڵای هەولێر لەگەڵ (محەمەد عارف جزیری)دا پێکەوە بەدووقۆڵی گۆرانی دەڵێن، هەروەها لەساڵی 1956دا لەسەر داوەتی (شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمودی حەفید) دێتە سلێمانی و لەوێ لەگەڵ گۆرانیبێژی دەنگخۆش (ڕەشۆل عەبدوڵلا)دا ئاهەنگێکی پڕ لەجۆش سازدەکەن، لەپایزی 1957دا دوای لافاوە گەورەکەی سلێمانی دێتە سلێمانی و بەشداریی ئەو ئاهەنگە دەکات کە سازدرابوو بۆ کۆکرنەوەی یارمەتی بۆ زەرەرمەندانی ئەو کارەساتە. لەدوای شۆڕشی 14ی تەمموز بەمەبەستی ناسینی مەقامبێژانی و ناساندنی گۆرانی و مەقاماتی کوردی لەگەڵ (لەتیف چەخماخچی و چەند هاوەلیکی دیکەیان) سەردانی شاری موسڵ دەکەن و لەوێ بەهاوکاریی تیپی مۆسیقای مامۆستا (غانم یەحیا) کە هونەرمەندێکی ئەرمەنیی پسپۆڕ بوو لەئامێری کەمانچەدا، کاسێتێک بۆ مشکۆ تۆمار دەکەن، هەروەها لەدوای ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970 لەگەڵ هونەرمەندان تایەر تۆفیق و حەیدەر بەقاڵ و یونس مەحمودو جەمیلە و فایەق بازرگان و محەمەد ئەحمەد ئەربیللی و فوئاد ئەحمەد و محەمەد جەزا چەند ئاهەنگێکی هاوبەشیان تۆمار کردووە. مشکۆ لەماوەی ئەو تەمەنەیدا بابڵێین لەگەنجی و بەرەو سەرەوە تا ئەوکاتەی نەخۆش کەوت و نەخۆشییەکەی چیتر مەودای نەدا

قورِگی بۆ گۆرانی وتن بەکاربهێنیَ، ئەویش لەسەرەتای ساڵی 1989دا بوو کە نەخۆش کەوت، ئەو ماوەیەی کە دەکاتە زیاتر لە (60) ساڵ لەتەمەنی هەر بەمەقام و قۆریات و بەستەو گۆرانی خۆی خەریک کردووەو خزمەتی هونەری کوردیی کردووە. مشکۆ دوای (81) ساڵ تەمەن و لە(1989/5/18)دا دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوت. بەکۆچی دوایی ئەم هونەرمەند بۆشاییەکی گەورە کەوتە هونەری قۆریات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: هەولێر

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1412

## منیرە محەمەد - کاڵێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20120829222752405010



چەندین پێشانگەی لە ئەڵمانیا کردۆتەوە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

رەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1413

## موئەیەد عیسا

http://www.kurdipedia.org/?q=20150508112804121063



لە ساڵی 1950 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە.
ماوەی هەشت ساڵ وەک مامۆستا کاری کردووە و بەژداربووە لە چالاکی قوتابخانەکان.
ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی بووە لەساڵی 1970 تا ساڵی 1982.
لەساڵی 1982 کوردستان جێدەهێڵێت پاشان لە وولاتی سوید کۆمەڵەی کوردی دادەمەزرێنن و بەردەوام دەبێت لە کاری ژەنین.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: □موزیکژەن
جۆری کەس: هونەرمەند
رەگەزی کەس: پیاوان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
نەتەوە: کوردستانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1414

